# جيهانی منالان

## گۆڤارێکی فەلسەفی، ئەدەبی و هونەریە دەربارەی منالان


**ژمارە 7**



**هەتا ئێستا بەنودرەت هەور و هەورەتریشقەی ئەهریمەنی توانیویانە ئاوەها ئارخایەن بەسەر مەزرا و کێڵگەیەکی مرۆڤایەتیدا بگرمێنن و بشریخێنن و بڕوخێنن! جوانترین و نەورەسترین خونچەی وەك "هێشوو" بەجەوازی باوکسالاریو نەتەوایەتی پێشێل و پەرپەر و پەرپووت بکەن.** بۆ شیکردنەوە و شارەزایی لەم کارەساتە نەنگینە بنوارنە لاپەڕەی 27

# Barnens Värld

***Om barnens livsvillkor världen över***
***Barnhem i Saqis & Bokan***




**گۆڤاری جیهانی منالان پیرۆزبایی لە کاك جەمال دەکات بۆ وەرگێرانی ئەم چیرۆکە شیعرانە**

Ali Ketabi
C/O Shihab Manmy
Fjäderharvsgatan 17
424 66 Angered, SWEDEN. Tel: +46 (0) 31-3302030
www.sara.just.nu
shihab.manmy@telia.com

**Bankgiro 5469-4922**

**ISSN 1651-5188**

**ليستەی پشتیوانان و هاوكاران و خوێنەرانی گۆڤاری جیهانی منداڵان و یانەی سارای سەیار لەشاری سەقزو بۆكان لە رۆژ هەڵاتی كوردستان بۆ ژمارە7ی ئەم گۆڤارە لە وەزی پایزی ساڵی 2003دا.**

## واتە دەخڵ خەرجی 3 مانگە

++++++++++++++++++++++++++++++++

1- ئازاد عەزیز ..................... 200
2- هیوا عەزیز و دایكی ئامانج.... 200
3- بەختیار پێنجوێنی............ 120
4- شوان كركوكی.................... 30
5- عەبدوڵا مباشیری (هیوا) ........
6- جەماڵ عەبلی عەبان............. 40
7- صراف ایریكس.................. 130
8- رەسوڵ سەفەریانی.............. 50
9- حەمەی ئەسلانی.............................
10- خۆشكە سیسیلیا............. 300
11- تەیب كاكەیی................ 100
12- خالید عەلی پەنا.............
13- سلێمان قاسمیانی............ 60
14- نەرۆی عەلی.................. 30
15- ناصر بازگر................. 60
16- شیخ خالید حەیدەری........ 60
17- شیخ لەتیف شیخ الاسلامی.. 100
18- م- مەجید فەرەج............ 100
19- د . نادر........................ 50
20- خاڵە سابیر.................... 50
21- وەستا عەبدوڵ............... 50
22- بەكر ئاسۆ....................
23- تەها خوسرەوی.............. 300
24- مامۆستا جەلال...............
25- خۆشكە هاینە................ 100
26- رەسووڵ محەمەدی......... 100
27- خۆشكە بەهار..........
28- كاك جەماڵ بێ ئیقامە.......
29- ئابێ ئیف ..**ABF**........ 1200
30- كاك ئەحمەد............... 100
31- كاوەی بزرگ پەنا.......... 100
32- هاورێی مامۆستا حسێن....
33- حەمەد و سارا.......... 100
34- ئەركان مەحموو
35- مامۆستا جەماڵ بوزورگپور....
36- ماموستا مجید دەربەندیخان25
37- هۆشیار تاجری............150
38- ئەحمەد بازگر..............150
39- سۆران شەریفی............
40- كارزان عومەر.............
41- مامۆستا حسێن..........
42- بەیان و كاوە............300
43- فواد هەولێر.............30
44

**پشتیوانانمان لە كیشوەری فینلاند**

66= لۆرا و ئارا ................
67 = فاتمە نەورۆزی..........
68 = ریبوارو شەهلاقادری.....
69 = محەمەد قادری............
70 = كاك موحسین ...........
71= بەیار و گوڵاڵە...........
72= سالار سۆفی.............
73= شیرین و جەماڵ .........
74= كاك ئێزمەر..............
75= سەمیرە فەتخوڵا...........
76= كۆژین زەكی............
77= سۆران زەكی یارمەتی بێسنوور
78= عومەر مەعروف ...........
79= ئەنوەر رەشی عەوڵا......
80= ئاكۆ رەشی عەوڵا......
81= عەبدول گوڵ پەریان.....
82= خدر حەسەن زادە.......

============================

خەرجی ناردنی پۆستی گۆڤاری ژمارەی6
پاكەت و**cd** بەتاڵ.................169
بۆ تیكۆش لە ئاڵمان ................. 110
بۆ مەهاباد قەرەداغی................64
بۆ عەبدول گوڵپەریان..............110
بۆ پەرۆوانەی قەرەیشی..............140
بۆ حەسەن زەكی لە فینلەند.........140
خەرجی چاپی ژمارە 6 ...............2450
مانگانەی‌مانگی9 بۆ سەقزو بۆكان... 3150
مانگانەی مانگی10بۆ سەقزوبۆكان 2600

## خوێنەرانی هێژا

من كە بەرپرسیاری ئابووری گۆڤارەكەم، پێم خۆشە لەسەرەتای دەرچونی هەر ژمارەیەكدا، لێكۆڵینەوەیەكی ئابوری بكەم بۆ روونكردنەوەی دەخل و خەرجی وەرزەكە. تا بۆ خوێنەرو یارمەتیدەرانی گۆڤارەكە روون بێت كە دەخل و خەرجی گۆڤارەكەو یانەی سارا تێكرا لە سەقز و بۆكان چەنێكە. لەم سێمانگەدا 4235 كرۆن یارمەتی و پارەی فرۆشی گۆڤارەكە و باقی بەرهەمەكانی كاك عەلی بووە، 733 كرۆن خەرجی پۆست و **CD** لەم وەرزەدا واتە 3 مانگەی پایزی 2003 بووە، و خەرجیشمان 8200 كرۆن بووە بۆ سەقز نێردراوە، ئەمە جگە لە پارەی تەلەفۆن و فاكس بۆگشت خۆشەویستانی گۆڤارەكەو هتد.

تێ بی نی: خەرجی تەلەفۆن دەرسەدی ئەرك و كۆمەكی دارایی یانەی سارا (وێڕای هەموو زەحمەتەكان) تەنیا لەلایەن مامۆستا (عەلی كیتابی) وەوە بووە.

**شەهاب مەنمی** 26 10 2003

============================

ئازیزان!


بۆ سەلماندن و دڵنیایی دڵسۆزان و یارمەتی= دەران و پشتیوانان و خوێنەرانی گۆڤارەكە و یانەی سارای سەییار لەسەقز و بۆكان و هەر وەها گۆڤارەكەیش لە كیشوەری سوێد ئێمە لە سەرەتاو كۆتایی هەمو ژمارەیەكدا گشت دەخڵ و خەرجمان بە وردی چاپ و بلاو دەكەینەوە، بۆ ئەوەی ئەم (زەرفە) وەك ئاوێنەیەكی بێگەرد، هەست و دڵسۆزی گشت ئێوەی‌تێدا دیار بێت و نەیارانمان نەتوانن خۆی‌تێ‌خزینن، لەم بوارە دا بە كەیفی خۆیان ئاو لیل كەن و ماسی بۆخۆیان بگرن.

تكایە بنوارنە داوێنی لاپەری 28

2003/10/26 **گ.ج.م**

# جیهانی منداڵان

## گۆڤارێکی فەلسەفی، ئەدەبی و هونەریە



سەرنووسەر
**عەلی کیتابی**

مۆنتاژکارو بەرپرسی ئابوری
**شەهاب مەنمی**

**جیهانی منداڵان**

گۆڤارێکی وەرزیەولە سوێد دەرئەکریٚ و
لە کوردستان دووبارە چاپدەکرێتەوە

**زاگروس مێدیا هەڵساوە بەیارمەتیدان و چاپکردنی**

# جیهانی منداڵان 7


**لاپەڕە … بابەت … نووسەر**

2 .... مەرج و بەردی بناغەی ئەمگۆڤارە و یانەیَ ساراو وتاری سەردەبیر
6 ..... زنجیرە باسێکی دەروننناسی ....................پەروانەی قورەیشی
6 ... منالْ نوسینی Bris نوسەری بەناوبانگی سوێدی وەرگێڕانی بۆ کوردی ............................................ حەمەسەعیدحەسەن
7.... منداڵ و جەنك................................ د . کامەران قەرەداغی

13 .... نامەیەك بۆ پەروەردەکاران...................... .. ئەفسەر فەیزی

19... فێربونی دار به دار ......................... مەهاباد قەرەداغی
20.... نیگاکانی ئاو .............................. ئەنوەریڕەشیعەولا

23.... چمکیکی چکۆلە لە ڕۆمانی سارا............... عەلی کیتابی
24... هەلپەڕکیَ و ڕەشبەڵەك ........................... مامۆستا قانع
25... مەتڵەبێك دەربارەی منالْ بەزمانی سوێدی.......... ڕزگار مستەفا
26 ... چاو پیچکەوتن لەگەلْ Jonthan و Denise ئاسۆبیارەیی

27 ... هێشووی عەشق ..........................مەهاباد قەرەداغی
28 .... نامەی منالآن بۆ خوا .............. شنەعەبدەلاّ و بەکر ئاسۆ
29....چەن بەڵگەیەك لە پێکهاتنی یانەی سەیاری سارا لەشاری بۆکان
31....چیرۆکەشیعر نوسینی ئیزۆپ وەرگیڕانی جەمالی عەبلی عەبان
32... پێویستە جیاببنەوە دەنا ! ................ مەهاباد قەرەداغی

33 ... ئاوڕێك لەمنالآنی ولآت ...................ڕەسولی سەفەریانی
34 ...کورتەوەلآمێك بەچەن پرسیار کە لە سەر نوسەر کراوە ع کتابی
35 .. کاریکاتێر........................................سەردار هەبدولاّ
36 ..لیستەی ناو و میقداری مانگانەی منالْەکانی یانەکانی سەیاری‌سارا


**ئەوسا لە سلێمانی ئێستا لە سەقز و بۆکان**



## وتاری سەردەبیر

خوێنەرانی خۆشەویستی جیهانی منداڵان، بە تایبەت نووسەران و تایبەتی‌تر ئەو نووسەرو ئەدیبوو ئەدەب دۆستو یارمەتی دەرانەی کە گۆڤاری جیهانی منداڵانیان بەزەرفێك یا جواترە بڵێم بە ئاوێنەیەکی بێگەرد زانیوە، تا ئاکامی بەرهەمی تێکۆشان و یارمەتی مەعنەویە و مادی خۆیانی تێدا ببیننەوە.

ئازیزانم ئێستا هەست دەکەم لە سەر لووتکەی بڵیندی تەمەن و ئاواتمەوە وەستاوم، چونکە توانیومە یانەی سارای منداڵان و ئۆرگانەکەی کە ئەم گۆڤاری جیهانی منداڵانەیە، وەك نیهادێکی غەیرە سیاسی، غەیرە حیزبی، غەیرە مەزهەبی و ڕەگەزپەرستی بخوڵقێنم. لێرەدا جێگای خۆیەتی بڵێم ئەگەر لەسەرەتاوە ڕەوف حەسەن لە سلێمانی و شەهاب مەنمی لە سوێد نەبوایەن ئەم ئاواتە دێرینەی من ئاوەها بەم ئاسانیە وەدی نەدەهات. خۆشەویستانم ئێستاش خۆم وەك تاکە پاشەرۆکی سەمەری گەیشتو بەقلیپۆپەی دارگوێزێکی یاخی و تووشەوە دەبینم. گەرچی تا ئێستا بە لیزمەی تاوە تەرزەو هەورەتریشقەی ئەهریمەنی و نە بە پەڵو پلارو ڕاژەی دزو شارۆکەرانی چاوچنۆکو بەکرێگیراو نەکەوتومەتە خواریَ، بەلآم ئێستا کە کەوتومەتە بەر پەلامارو هەڕەشەی شەختەو خەزانو بای بەهێزی پایزی تەمەنم، دەزانم تۆزیَ درەنگ یان زوو دەکەومە خواریَ.

گرنگترین هیواو هاوارم ئەوەیە، ئێوە بە پێنووس و ئەندێشەو تێکۆشانتان، بە پەروەردەو بارهێنانی مودێرنی هاوچەرخەوە، بیرۆکەو بونیادنان و مەوجودیەتی یانەی سارای منداڵان و گۆڤاری جیهانی منداڵان بتەوکەن و پەرەی پێبدەن و بیکەنە موئەسیسەیەك و بی پارێزن.

**مەرج** و بەردی بناغەی یانەی ساراو ئۆرگانەکەی کە ئەم گۆڤارەیە تەنیا ئەم چەند خاڵانەی خوارەوەیە: نووسەران و دەستەی نووسەران و پشتیوانانی، ئەو نووسین و بەرهەمانەی کە بۆ ئەم گۆڤارەی دەنووسن و دەنێرن نابیَ هیچ جۆرە بۆن و بەرامەیەکی سیاسی، حیزبی مەزهەبی و ڕەگەز پەرستی پێوە بیَ. بەلآم ئەمە بەو مانایە نیەو مرۆڤە سیاسی و حیزبی و نەتەوەیَیە سادق و سالم و ساکارەکان لەم کارە پیرۆز بێبەشکەین.. مەبەستی سەرەکی ئێمە ئەوەیە بە وریایی بە دەربەس پاسەوانی درگای ماڵی خۆمان بین و نەیەڵین جاسووسانی چاوچنۆکی سیاسی و حیزبی و مەزهەبی خۆیان بخزێننە ناومان یان بەقازانجی سیاسەتەکانیان بەکارمان بێنن، وەیان بە هەڵە و لاڕێماندا بەرن. هەڵماندێرن. لەماوەی تەمەنی ئەم نیهادەوە تاك و تووك هاتوونەتە ناومان بەلآم بە ناکامی‌وناچاری پاشە کشیَیان کردوە. گ.ج.م

# پەروانەی قورەیشی

## و

## دەروونناس

**زنجیرەباسی چوارەم**



نەخۆشی Drog یاموخەدەر واتە بێهۆشکەر سەرچاوەگەکەی زۆرجار لە کەموکووڕی نەجسیەتەوەیە. مرۆڤی کە استروکتوری کەسایەتی نەرجسیی (نەرجس) هەیە، یاخۆی زۆر بەخراپ و یاکوو بەپێچەوانەوە خۆی زۆر بەباش دەزانێت، کەسیوا زوولەشتێکی زۆر بچوکیش کەبە دلی نەبێت دلی دەرەنجێ. ئەوانە لە درەختێك دەچن کە ڕیشەکەی زۆرقایم لەزەوین دانەچەقاوە، لق و پۆی زۆری هەیە بەلاَم ڕیشەکەی هێندە بێهێزە بەهەر کزە بایەك دەکەوێ.

( بەداخەوە پێم وایە ئێمەی کورد ڕیشەی درەختی هەست و بەنرخیخۆمان زۆر لاوازە، هۆکەشی ئەوەیە کە هەمو هێزو تەقەلای ڕژیمە داگیر کەرەکانی کوردستان بۆ ئەوەیە کە ڕیشەی بروا و متمانە بەخۆ بون لە ئێمەدا لەنێوبەرن. بۆیە دایم پێویستمان بەوە هەیە پالْ بە هێزیکی دیکەوە بدەین ( بێ ئەوەی ئاگامان لەوە بێت کەئەو" پالۆ پشتانە"تەنها بەرژەوەندی خۆیان لەبەر چاویانە). ڕژیمەکان لە ئێمە میلەتێکی بێ مێژوویان دروست کردوە کە ئەمە دەبێتە هۆی ئەوە کە زو بتوانن بەمەیل و قازانجی خۆیان بەکارمان بهێنن.

Peopal withont Story. Like Q tree (withont(roost)

ئەگەر منداڵ باوکو دایکێ تەنها کاتێك کە ئافرینی پێبلێن ئەگەر منداڵەکە لەقوتابخانە باشبێت. منداڵیوا تێدەکۆشێ لەڕێگای وەدەس هێنانی سەرکەوتن، خۆشەویستی و نزیکی و سەرنجی باوك و دایکی بۆخۆی ڕاکێشی چونکە ئەو دەزانێ ئەگەر بەرهەمی باشی نەبێت باوکودایکی خۆشیان ناوێت. تەجرەبەی ئەومنداڵە سەبارەت بەخۆی ئەوە دەبێت کە باوکودایکی تەنها نرخ بۆ بەرهەمەکەی دادەنێن نەك بۆخۆی. منداڵیوا هەمو هەولْ و تەقالای ئەوەیە کە بەباوك و دایکی نیشان بدات کە لەقوتابخانەدا باشە و باشترین شاگردی قوتابخانەیە و دەتوانێ باشترین وێنە لەسەر کاغەز بکێشێ. بەلاَم لەپێشت ئەو منداڵەباشەوە منداڵێك خۆی حەشارداوە، لەباری ئیحساس هەست و هەلْچون (هەیەجان)ی خۆشەویستی زۆر ڕووت و ڕەجاڵە برسیو تینوی ئەوەیە کە باوك و دایکی ئەویان بەو جۆرە کە هەیە گەرەك بێت و نرخ و بایەخ بە ناسنامەکەی بدەن.

ئەو ڕوداوانەی وا لەکاتی منداڵیدا ڕوو ئەدەن دەبنە هۆی بریندار بونی "نرخیخۆ" ترس و خواستی (غەیرە عەمەلی و غەیرە واقیعی) دەبنە هاوڕێی ژیانی مرۆڤیوا، بەجێی فێربوونی نوێ، چوار خواست، یان نیاز هەنە کە لەڕێگەی ئەوانەوە مرۆڤ ڕەزامەندی (ڕەزایەت) وەدەست دێنێت.

### 1- خواست و نیاز و نەرجسیەت.

نیاز بە بەرزکردنەوەی نرخیخۆ. _ مرۆڤ بۆ ئەوەی کە بتوانێت هەستی نرخیخۆ بەهێزکات پێویستی بەخۆشەویستی و مهرەبانی خەلْکی هەیە و دەیەوێت لەلایەن خەلْکەوە بایەخی پێبدەن و نرخ و ئەرزشی ئەویان قبولْ بێت. جا ئەگەر ئەم خواستانە بەراوەردە نەبێت ئەوا توشی خەمۆکی دەبێت و خۆی بە بێنرخ و قیمەت دەبینێت.

2- هەر مرۆڤی پێویستی بە پێوەندی یا بەرقەراری کرونی پێوەندی هەیە. خۆشەویستی و پێوەندی (ئیرۆتیکی) و پیوەندی نێوان دو دۆست بە مرۆڤ پیشان دەدات کە تەنیانیە و لەلایەن دنیای دەورو بەریەوە خۆشەویستی و پشتیوانی بەو دەگات. ئەگەر ئەم جۆرە پێوەندیانە نەبێت مرۆڤ توشی ترس و تەوەهوم دەبێت و پەنا بۆ گۆشەگیری و تەنیایی دەبات، زۆر جار بۆ ئەوەی کە هەستی تەنیایی و بێکەسی خۆی لەبەین بەرێت پەنا بۆ ئەلکول و (موخەدەرات) بێهۆشکەر دەبات. جا لەم ڕێگایە جێنشین بۆ بێکەسی و تەنیایی خۆی پەیدا دەکات. ئەلکول و موخەدەرات دەبنە پالْ و پشتی ئەم جۆرە مرۆڤانە.

3- یەکێکی تر لە پێویستیەکانی ژیانی مرۆڤ سەربەخۆیی بون و کۆنترۆلْ کردنی ژیانی خۆیە.

مرۆڤ پێویستی بەوە هەیە کە بتوانێت خۆی حاکمی خۆی بێت. ( لە دنیای "سێ"دا جهان سوم) ئەمە یەکێکە لە گوناحە هەرە گرینگەکان چونکە ئەومافە بۆ خەلْکی بێدەستەلاَت نیە)

ماڤ دابینکردنی چارەنوس، ماڤ گەشەکردن و توانای لەسەرپێیخۆ ڕاوەستان. بەلاَم (حادسە) ڕوداوی ناڵەبار دەتوانێ لەسەر مرۆڤ شوێنەوارێ دانێت کە نەتوانێت خواست و نیازەکانی خۆی جێبەجێ بکات.

تەجرەبەی تراوماتیکی چیە و لە Trauma دا چی تێدەگەین

Trauma لەزمانی یۆنانیدا بە مانای برینە. برینی لەش و دەرون.

روداوێکی نالەبار بریتیە لە بارودۆخێکی زۆر جیاوان، ژیانی مرۆڤ توشی هەرۆشە دەبێت، دەتوانین بڵێین ئەو روداوە بۆ هەرکەسێ روو بدات ئەوەندە ناخۆشە مرۆڤ توشی سەر لێشێواوی دەکات ئەم روداوانەی خوارەوە مرۆڤ توشی برین دەکەن، دەتوانین وەکوو روداوێکی تراوماتیکی ناویان لێ بەرین.

_ لێدان لەمندالْ
_ بەکار هێنانی زەبر و زەنگ دژی لەش و دەرونی مندال
_ دەست درێژی جنسی بەرانبەر بە مندالْ
_ زەبر و زەنگ دژی ژنان و پیاوان
_ پەروەردە کردن و بارهێنان بە شێوەیەکی دوژمنانە
_ بێدەربەستی و وێڵ کردن لەباری لەش و ئیحساسیەوە
_ مردن و نەمانی کەسێکی زۆر گرینگ لەژیانی مرۆڤدا
_ دەست درێژی جنسی بەرانبەر بەدیلگیراوانی جەنگ
== نەخۆشی زۆر سەخت لە دەورانی منداڵیدا
_ رواداو (تەسادف) ی ماشێن وە یان لەکاتی کارکردن دا
_ ئەگەر کەسێك لەبەرچاوی مرۆڤدا شکەنجە بکرێت یان بکوژرێ
_ کوشتنی بە کۆمەلْ واتە قەتل وعام
_ کۆچی زۆرەملێ و راونانی بەزۆر لەزێد وماواوە بۆشوێنیکی‌تر
_ زەبر و زەنگ و توندو تیژی لەناو کۆمەڵگادا (Violerce)
_ روداوی نالەبار و دڵتەزێن (Trauma)

ئەوەی زۆر گرینکە هەستی مرۆڤ بە ئەمن بون، نەبونی خەتەر لە سەر ژیانی‌ریشەکەن دەکات.

هەمو ئەو هێزوتوانایە کە مرۆڤ بەکاری دێنێ تا بتوانێت بەسەر روداوەکەدا سەیتەرە بکات. تێکرا کارایی‌خۆیان لەدەست ئەدەن. "من" یا (jch) (moi) توانای رێکخستنی خۆی لەدەست دەدات. لە بارو دۆخێکی وادا، هەست، بیرکردنەوە، فیکر و شێوەی کار کردن (عمل) تێکرا تێکەلْ دەبن و هیچیان لەجێگای خۆیاندا کار ناکەن Trauma واڵە مرۆڤ دەکات کەخۆی بێهێزو بێدەستەلأت بێت بۆیە پاش Trauma مرۆڤ تا بیێتەوە ئەو کەسەی پێشوو بوو یان پێش روداوەکە بوو.

مرۆڤێ کە لەباری دەرونیەوە توانای سەیتەرەکردنی بەسەر روداوەکەدا نەبێت لەحاڵەتی وادا ناتوانێت بەرانبەر ئەو روداوە بەرەنگاری بکات و تووشی Trauma دەبێت.

بەلأم لەلایەکی ترەوە Nobert Elias دەڵێ:

دەبێ چەند رۆڵەی تۆ لەشەرِدا بکوژرێ کەتۆ هێشتا تووشی تراوما نەبیت. لە پێوەندی لەگەلْ دڵێشان و (رەنجوری)و دلْ رەنجین دا ئەورۆداوانە کە هەست و بایەخی مرۆڤ بریندار ئەکەن لەهەموان گرینگترن.

نەبونی خۆشەویستی لەنێوان باوکودایکو مندالْدا و پشتگوێ خستن و ئیهمال کردنی مندالْ، ئەگەر باوکودایك بەکردەوە یا راستەوخۆ بەمندالْ راگەیەنن و بڵێن! "باشتربوو تۆمان نەبوایە" یاکوو زۆرجار دایکان راستەوخۆ بەمندالْەکانیان دەڵێن: ئەگەر تۆ نەبوایەیت من دەمتوانی لەباوکت جیاببمەوە. ئەوە لەبەرتۆیە من دەبێ ئەو گشتە ژیانە ژاراویە بچێژم.

ئەو جۆرە دایکانە پێیان وایە دەبێ بەم شێوەیە خۆشەویستی بە مندالْ پیشان بدەن. بەداخەوە ئەودایکانە نازانن کە بەو قسانە بە منداڵەکانیان دەسەلمێنن و نیشان دەدەن کە ئەوان لەسەر رێگەی ژیانی دایکیاندا (سەد)ن لەمپەرن کە دەبێ وەلانرێن.

تاکوو ئێستا ویستم لە پێوەندی نێوان ، ئیهانە، ئیهمال کردن، دڵێشان و دڵرەنجین و رەنگدانەوەیان لەسەر ژیانی مرۆڤ دا باس بکەم. بە سوپاسەوە **پەروانەی قورەیشی**

سەرچاوە لێ دانی دەروون Barbal wardet zki

ئازیزان بەشایانمان زانی ئەم کەلێنەی نێوان زنجیرە باسەکەی پەروانەی قورەیشی و **مندالْ و جەنگی** دوکتۆر کامەران قەرداغی بەم بۆچون و ئەدەبیاتەی Bris نووسەری بەتواناو بەناوبانگی سوێدی لە وەرگێران حەمە سەعید حەسەن پرکەینەوە

مندالْ کە سەرکۆنە بکرێت فێری قسەی رەق دەبێت
مندالْ کە لێی بدرێت فێری شەر دەبێت
مندالْ کە فێڵی لێ بکرێت فێری ساختە دەبێت
مندالْ کە سووك سەرنجی بدرێت شەرمن دەر دەچێت
مندالْ کە گاڵتەی پێبکرێت ناخی ئازاری پێ دەگات
مندالْ کە بەنەرمی هەڵس و کەوتی لەگەلْ بکرێت
فێری ئارام گرتن دەبێت
مندالْ کە دۆستانە مامەڵەی لە گەلْ بکریت
فێری دلۆ ڤانی دەبێت
مندالْ کە ستایش بکرێت فێری رێز گرتن دەبێت
مندالْ کە هان بدرێت بروا بەخۆ پەیدا دەکات
مندالْ کە بە دڵنیایی بژی متمانەی بە خۆی دەبێت
مندالْ کە هەستی کرد خۆشیان دەوێ
هەموو دنیای خۆش دەوێ

**Bris** Barnens Rätt i Samhälle

ئەم شاکارەی بریس وەك تابلۆیەکی پیرۆز لە زۆربەۆ باخچەی ساوایان و قوتابخانەکانی سوێد دا ئاویزانە و دەبینرێ و بەرچاوە.

# منداڵ و جەنگ

**د. کامەران قەرەداغی**

منداڵ و جەنگ بابەتێکی مێژوویی کۆنە، بەدرێژایی مێژووی مرۆڤایەتی چاوی لێکراوە و قسەی لەسەرکراوە. مێژووی جەنگەکان، مێژووی کوشتن، ڕووخاندن و دەربەدەری و کاولکاریە، مێژووی تێکشکاندنی ئیرادەی کۆمەڵە لەڕووی ئابووری، سیاسی، کۆمەڵایەتی، فەرهەنگی و دەروونیەوە.

لاپەڕەکانی مێژوی جەنگەکان پڕە لە لاشەی منداڵ بەجۆرەها شێوازی دزێو کە شایستەی مرۆڤنیە. فیلمی تراژدیای منداڵ کاریگەرترین لایەنی ئەو مێژووەیە.

لەهەمو تێکشکاندنێکی ئابوری، سیاسی، کۆمەڵایەتی‌دا بەپلەی یەکەم منداڵ دەبێتە قوربانی ئەو تێکرمانە. جالەڕوی فیزیکیەوە بێت یان دەرونیەوە.

لەڕوی فیزیکیەوە:

کاریگەری جەنگ لەسەر منداڵ بەڕادەی بەرچاو و پلەی‌یەکەم بەجۆرە بەرجەستەیی‌یەکەی خراوەتە ڕوو. منداڵ کاتێ گیانی خۆی لە دەست داوە، کوژراوە، ئەندامێکی لەشی لەدەست داوە و بۆتە هاندیکەپ...پەککەوتە و کەم ئەندام بوون ڕاستەوخۆ ئازاری لەشی منداڵ دەدات و ئەمەش هەزاران بەڵگە و ڕاپۆرتاژی لەسەرە.

مێژوی خویناوی جەنگەکان، مێژوی خوێناوی‌وگازاوی منداڵی کورد و ناوچەکە کە فرمێسکی لەچاوی هەمو کەسێکدا قەتیسکرد، منداڵانی ئەفەریقا و ئەمەریکای لاتین و..... منداڵە کەم ئەندامەکان کە بونەتە "دیاردەیەکی بەرچاو" لەهەندێك ولاتدا یان قاچ، یان دەست، یان پارچەیەکی تری لەشیان نەماوە.... ئەمانە ڕۆژانە هەناسەی سارد و بونەتە سەرچاوەی خولقێنەری بیرۆکەی دژی جەنگ .

مێژوی منداڵانی کورد هەزاران داستان و ڕۆمانی خوێناوی و دڵتەزێنیان تۆمارکردوە. هەر لەکوشتنی ڕاستەوخۆ بەچەك، هەتا چەکی کیمیاوی. کاریگەری ئەم جۆرە چەك و ژەهرانە، هەر لە دایکبونی منداڵەوە هەتا کۆتایی ژیانی دەمێنێتەوە ( لەسکی دایکی‌یەوە هەتا گەورەبون). لەسەر کاریگەری فیزیکی و نەهامەتی ئەوکاریگەریە سەدەها لێکۆڵینەوە و دۆکۆمێنت تۆمار کراوە.لێکۆڵینەوە زانستیەکان، پزیشکیەکان، کە لەم چەندساڵەی دوایی‌دا کراوە بەژمارە و ئاماری زانستی، ئاساواری جەنگی لە سەر منداڵ خستۆتە ڕو، لەمەڕ نەخۆشی‌یە ئورگانیەکان و نەخۆشیە دەرونیەکانەوە

## منداڵ و جەنگ

به پلەی یەکەم ئەو منداڵانە دەگرێتەوە کە ڕاستەوخۆ بەر پەلاماری فیزیکی (لاشەیی) دەکەون و دایکوباوك و کەس و کارەکانیان بە چوار دەوریاندا دەگرین و دەناڵێنن. ئەو باوکەی لە هەڵەبجە خۆی کێشاوە بەسەر منداڵەکەیدا بۆئەوەی لە گازی کیمیاوی بی‌پارێزێت، ئەو باوکەی لە فەلەستین بەدەستی بەتاڵ



لەشی دەکاتە سەنگەر بۆ منداڵەکەی تا لە گولە بی‌پارێزێت بەرچاو ترین و بەرجەستەترین بەڵگە ونمونەی ئەم ڕۆژهەلاتی ناوەڕاستەیە،بێگومان نمونەیان زۆرەو رۆژ انەن، واتەڕۆژ مەرەیە.



## منداڵ لەجەنگدا

بەشداری کردن لە جەنگدا، مانای بەشداری لە کوشتنی منداڵ و خەڵکی بێ‌تاواندا. منداڵ بۆتە، کراوەتە، بەشێك لە ئامرازی جەنگ، لەهەندێك شوێنی ئەم جیهانەدا، بینیمان چۆن لە جەنگی ئێران و ئێراق دا هەزارەها منداڵ دەخرانە ناو بەرەی جەنگەوە و کێڵگەی مینیان پێ پاك دەکردنەوە ( بەخۆیان دەیانتەقاندنەوە و هەرمناڵێك کلیلێکی بەهەشتی لە مل کرابوو!!).

1= بەپێی سەر ژمێرییەك 300هەزار منداڵ لە ژێر تەمەنی 18 ساڵیدا خراونەتە ناو جەنگەوە لە جیهاندا)

2= لە راواندای ئەفریقا نزیکەی یەك ملیۆن مرۆڤ کوژران، لەوانە 300 هەزاریان منداڵ بوون.

3= لە توێژینەوەکاندا کە لە سلڤادۆر، ئەتیوپیا و ئۆغەندە کرا، ئەوەی دەرخست یەك لە سێ ی ئەو منداڵانەی وەکو سەرباز بەکار هاتون کچن و زۆربەشیان بەزۆر سێکسیان لەگەڵدا کراوە.

بەداخەوە لە هەندێك وڵات کەئەوەندە نائەمنە منداڵ هەست بە "ئەمان" دەکات کە چەك هەڵدەگرێت. یان منداڵی ژێر 15ساڵ دەخرێتە رێکخراوە سیاسیە نهێنیەکانەوە، بەمەش دەبنە قوربانی چەندەها کارەساتی وەکو گرتن و کوشتن و راکردن بۆ چەك هەڵگرتن و چوونە ریزی "کریلا" یان "پێشمەرگە"

4= بە پێی راپۆرتی سالی 1999ی رێکخراوی چاودێری ماف مرۆڤ زیاتر لە 120 هەزار منداڵ چەکدارن، لە ئەفریقا، وە هەندێکیان تەمەنیان لە حەوتساڵ تێپەڕ ناکات.

بەڵێ منداڵ لەجەنگدایە، لە رێکخراوی سیاسی دایە، لەبەرەی پێشەوەی گرتن و کوشتن و لێدان دایە.

## لەڕوی دەرونیەوە

منداڵەکەی هەڵەبجە و فەلەستین و منداڵانی تری لەم شێوەیە دەبینرێن و بینراون و رۆژانە باسیان لێوە دەکرێ و لە سەریان دەنوسرێ و کراونەتە تابلۆ و سەربەرگی چەندەها کتێب و نامیلکە و راپۆرتاژی ناوچەیی و جیهانی.

ئەی ئەومنداڵەی بەهۆی جەنگ و برسیەتی لەناو سکی دایکیەوە ئاوارەیە، برسیە، بێلانە و بێنانە، یان بێباوکودایکە، کەسە نزیکە کانیشی لەدەست داوە، جل و پێلاوی نیە، هیچ جۆرە خۆشی و گوزەرانێکی نیە.؟

ژمارەی ئەم جۆرە منداڵانە ملیۆنەهان کەچی کەمتر باسیان دەکرێن، ئەومنداڵانەی ئالودەی کێشەو زەلکاوی نەخۆشی دەروونین کەمتر کراونەتە فیلم، کەمتر باسیانکراوە و لەسەریان نوسراوە، کەمتر فرمێسکیان بۆ هەڵرێژراوە، ئەو منداڵەی چاوەڕێی نان و ئاوە، هەرگیز نایەت، چاوەڕێی باوکیەتی یان کەسە نزیکەکانی، کەنایەنەوە و هەرگیز نایانبینێتەوە، بونەتە قوربانی جەنگ. ئەو منداڵانەی توشی چەندەها گرێکوێرەو ئاڵۆزکاری کۆمەڵایەتی دەبن لەڕوی دەرونیەوە نەخۆشن چەندەها نیشانەی ئەو نەخۆشیە دەرونیانەیان تیادا سەر هەڵدەدات،

لەبەر ئەوەی منداڵ هەست دەکات چی لەچواردەوری روو دەدات و شتە خراپەکان کە ئەم توانای بەسەریاندا نیە، بەخراپی بەسەریدا دەشکێتەوە و کاریگەری دەرونی لەسەر دادەنێ و کاردانەوەی نیگەتیڤ و ناگونجاو دەبێ و بە رەوشت و هەڵسو کەوتیەوە بە ئاشکرا دیاردەبێ لەو دیاردە نیگەتیڤانە کەبۆ خۆیان دەبنە کاردانەوەیەکی ئاسایی منداڵ بەرانبەر جەنگ و ژیانی تراژیدی و ترس و زەندەق چوون . لە زۆرشت دەترسی لەدەنگی بەرز لەجلی سەربازی، لەو کەس و شتانە دەترسێ کە یادگارە ناخۆشەکانی بۆ زیندو دەکەنەوە. نمونەی وەکو ئەمانە:_

* خەفەتباری و خەمۆکی.. بێتاقەت و گریان و نووزە نووز.
* یاری بەو شتانە دەکات کە تێیداژیاوە (شەڕەدەمانچە، فرۆکە، شەڕی پێشمەرگەو جاش یان حکومەت، شەڕە تەقە...،
* گیر و گرفتی درەنگ زمان گرتن و لاڵی،
* هەڵس و کەوت و رەوشتی ناگونجاو بە تەمەن و بە شوین.
* تورە بوون و پەلامار دان شەڕنگێز و بیانووگر و ڕکگر.
* لاوازبونی رادە و پلەی ئامادەبوونی مێشکی بۆ خوێندن و خویندنەوە.
* تیکچونی خەو و خواردن. ( خەوی ناخۆش و مۆتەکە گرتن ).
* تێکچونی شیرازەی خێزان و منداڵ.
* بەردەوامی کارە نیگەتیڤەکانی سەردەمی منداڵی و دەرکەوتنی دیاردەی نەخۆشی دەرونیدرێژخایان و پر گیروگرفت لە گەورەییدا وەکو راڕایی، خەمۆکی، خەوزڕان، کەسایەتی شێواو و ناهاوسەنگ....

* منداڵ لە رۆڵیتردا، منداڵەکە هەڵسوکەوت وەك شتێك (ئاژەڵ) یان کەسێکیتر دەکات کە لەگەڵ تەمەن و سروشتی ئەودا ناگونجێ.

## هەڵویستی نێودەوڵەتی بەرامبەر بە منداڵ و جەنگ

لێرەدا راپۆرتی گراسا ماشێل* لەسەر منداڵ لە جەنگدا پوخت دەکەینەوە " گراسا ماشێل Graca Machel بەشداری کرد لە خەباتی رزگاریخوازی گەلی موزەبیق دژی داگیرکەری پورتوگال، ناوبانگی بەکارکردن و دڵسۆزی بۆمنداڵ دەرکردوە، دوای رزگاری موزەبیق لە ساڵی 1975دا بووبە وەزیری پەروەردە و فێرکردن. بووە هاوسەری یەکەم سەرەك کۆماری وڵاتی موزەبیق سامۆرا ماشێل کە لە ساڵی 1986دا بە روداوی فرۆکە مرد، گراسا ئێستا هاوسەرە لە گەڵ نیلسۆن ماندێلا".

راپۆرتە بەناوبانگەکەی بەناوی راپۆرتی کراساماشێل بووە بەردی بناغەی بریاری نەتەوەیەکگرتوەکان دەربارەی منداڵ و جەنگ لە ساڵی 1989دا.

## پوختەی راپۆرتەکە

1= پێداویستییەکانی منداڵ و ئافرەت دەبێ کاکڵەی هەموو هەوڵدانێك بێ کە دەخرێتەگەڕ بۆچارەسەری ناکۆکییەکان و پرۆسەی ئاشتی. ئاشتی خوازان و ئاشتیخواز دەبێ لەکارەکانیاندا مافی منداڵ بخەنەڕوو.

2= منداڵ لەو شوێنانەی شەڕی چەکداری تیایە دەبێ وەکوو خودی منداڵ مامەڵەی لەگەڵ بکرێت و گیروگرفتەکانیان بخرێنە پێشەوەی هەمو گیرو گرفتێ لەراپۆرتەکان و لە کاتی چاو دێری کردندا.

3= لەو شوێنانەی جەنگی تیایە دەبێ لانی کەم خۆشگوزەرانی تەندورستی، دەروونی، کۆمەڵایەتی و خویندن بکرێتە بەردی بنچینەی یارمەتییە مرۆڤییەکان. خوێندن کاکڵەی ژیانی بەختەوەریە لە کۆمەڵگادا هەربۆیە پاراستنی قوتابخانەکان لەوشوێنانەی جەنگی تیایە کارێکی زۆری پێویستە.

4= پێداویستی گەنج ، لاو بۆخویندن و پراکیس و تەندروستی دەبێ بخرێتە پلەیەك، بۆ ئەوەی هەل و مەرجی ژیانی گەنج باشتر بێت بۆ ئەوەی لە بەشداری کردنی جەنگ، خراپەکاری و قاچاخچیەتی، حەشیشە، لەشفرۆشی و ئۆپیات دووریان بخاتەو. ئەمانەش ناتوانرێت بکرێت ئەگەر گەنج خۆی بەشداری تیادا نەکات. پێداویستیەکانی منداڵ لەناو ماڵدا پێویستە پارێزگاری بکرێت و لەبەرچاو بگیرێت.

5= هەرجۆرە دەس درێژییەك بۆسەر منداڵ لەلایەن هەرکەسێکەوە بێت دەبێ وەك تاوانباری جەنگ مامەڵەی لەگەڵ بکرێت و بدرێتە دادگا.

سەرباز و هێزەکانی ئاشتی پارێز دەبێ مەشقی تایبەتی بکەن بۆ پاراستنی لێپرسراویەتی بەرامبەر بە منداڵ و ژن.

6= لەهەمو بارو دۆخە ئاڵۆزەکاندا، دەبێ رێکخراوێکی پێشرەو لێپرسراوبێ بەرامبەر بە منداڵانی ئاوارە لە ناوخۆی ناوچەکەدا. رێگەگرتن لە پەرش و بڵاوی خاوو خێزان و گەڕانەوەی منداڵە پەرەوازەکان بۆ باوەشی دایکان و باوکانیان.

7= بەگەڕ خستنی ئاکسیۆن و کامپانیای جیهانی بۆ وەستانی بەسەرباز کردنی منالانی ژێر 18ساڵ. دەستەبەرکردنی پێداویستییە کانی ئەو منداڵانەی کە لە جەنگدان و هێنانە دەرەوەیان لەژێر ئەو هەل و مەرجەدا بەپێی پرۆژەی داماڵینیان لە سەربازی و پەیمانی ئاشتی. یەکەم هەنگاو گەڕانەوەبێ بۆ یاسای منداڵان و قەدەغەی سەربازی لەژێر تەمەنی 18ساڵێیەوە.

8= قەدەغەکردنی بەکار هێنان ، دروستکردن، فرۆشتن و بە عەمبار کردنی ئەڵغام، لێپرسراوکردنی ئەو کۆمپانیانەی کە ئەڵغام دروست دەکەن، بەرامبەر بە کارەساتەکانی ئەڵغام، هەروەها دەبێ لێپرسراو بن بەرامبەر بە هەموو خەرجی‌یەکی خۆ پاراستن لە ئەڵغام.

9= کۆمەڵگای نێو دەوڵەتی دەبێ لێپرسراوبی سانسۆری فرۆشتنی چەك بکات و قەدەغەی فرۆشتنی چەك بکات بۆ ئەوناوچانەی کە ململانێ تێدایە.

حکومەتەکان و کۆمەڵگای مەدەنی دەبێ کارەکانیان و هەڵوێستەکانیان ئاراستەی ئەنجامەکانی ململانێ‌بکەن لەڕوی ئابوری و کۆمەڵایەتیەوە و یارمەتی کۆمەڵگا بدەن بۆ پاراستنی منداڵ.

10= سکرتێری گشتی نەتەوەیەکگرتوەکان دەبێ کەسێك دەست نیشان بکات بۆچاودێری وەگەڕخستنی ئەو راپۆرتە ئەوەش دەستەبەر بکات کە بابەتی منداڵ لەجەنگدا بخرێتە سەرەوەی بابەتە نێو نەتەوەییەکان لەمەڕ مافی مرۆڤ ، ئاشتی و ئاسایش و پێشکەوتن.

لەدوای ساڵی 1996وە سەدەها رێکخراو و کروپ بۆ پاراستنی مافی منداڵ لەسەرانسەری دنیادا دروست بوو، کارەکانیان لێرەو لەوێ مۆمی خۆشی و روناکی هەمیشەیی هەڵکردووە و بە جۆرێکی بەرچاو هەندێك لەوڵاتەکانیان خستۆتە ژێر پرسیارەوە. لاپەرەکانی ئەنتەرنێت پڕە لەکارەساتی دڵتەزێن و لەهەمان کات دا پڕیش لە هەوڵی دڵخوشکەرانە. لەم چەن ساڵانەی دواییدا لە کوردستاندا هەوڵی لێرەو لەوێ دەدرێت بۆ باشکردنی لایەنی فیزیکی منداڵیکورد، و ریکخراو و گۆڤار و کۆمەڵی جیاجیا دروست بووە بۆ باشکردنی هەل و مەرجی هەندێك منداڵ بەڵام بەهۆی ناڵەباری ئابوری و تەندورستی، نا ئیستیقراری سیاسی و نەبونی ئاسایش کەس ناپەرژێتە سەر ئەوەی باس لەلایەنی دەرونی منداڵ بکات، ئەو منداڵانەی یان باوك یان دایکیان نیە، منداڵانی ئەنفال، کیمیاییەکانی هەڵەبجە و بالیسان و... بێ باوکو بێ برابون لەشەڕی داگیرکەرانی کوردستاندا، لەشەڕی نێوان حیزبە کوردیەکان خۆیاندا، کارەساتی سەربڕینی ئینسان و رەنگدانەوەی لەسەر لایەنی دەرونی منالێ و.... منداڵانی قوربانی ئەڵغام .. قوربانی ئابڵۆقەی ئابوری و قوربانی جەنگە یەك لە دوای یەکەکانن. لەسەرەتای ساڵی 1980وە هەتا ئیمرۆ 2003 یەك نەوەی 23ساڵە لەشەڕ و نا ئاسایشی‌دا دەژی.. ئەمە پێویستی بەکاری گەورە هەیە بۆ ساڕیش کردنی برینە دەرونییەکان، ئەگەر ( هەزار منداڵ بووبنە قوربانی لەڕووی فیزیکیەوە ملیۆنەها منداڵ هەر ئێستا دوچاری گیرو گرفتی نەخۆشی دەرونییە.

کارەکانی کۆمەڵەی منداڵپارێز، کۆمەك، گۆڤاری جیهانی منداڵان بە یانەی سارایەوە، ئەوسا لەسلێمانی و ئێستا لە سەقز و بۆکان.

نووسین و هەواڵەکان بۆپاراستن و هێنانەگۆڕی " پرۆژەی مافێمنداڵی کورد" شوێنی ڕێز لێنان و دڵخۆشی و دەست خۆشی‌یە.


## ئامانجەکان:

کارکردنە بۆ بە دەستەوە گرتنی پرۆژەی "ماف منداڵانی کورد"

مافێك کە هەموومنداڵێك، هەموو باوکودایکێك بزانێت چیە، ماف منداڵ دەبێ سەربەخۆ و بێ‌لایەن بێ لەماف "گەورە_ ماف مرۆڤ ". بەداخەوە لەژێر سێبەری ماف مرۆڤدا کە تەنها بەماف "گەورە" و لەوڵاتی پیاوسالاردا بەماف "پیاو" گۆڕدراوە، منداڵ هیچ بەهایەکی فیزیکی و دەرونی نیە. ئەو کۆمەڵگایەی ماف منداڵ و ماف ئافرەتی تێدا نەبێ، ئەبێ ئەو "ماف مرۆڤە" چی بێت کە قسەی لەسەر دەکرێت.

دەبێ‌حکومەت،ڕێکخراوەکانی منداڵان، ڕێکخراوە پێشکەوتو خوازەکان و مێدیاکان بەرنامەی تایبەتیان هەبێ بۆمنداڵ دەربارەی جەنگ و تیرۆر.لەکاتێکدا کە حکومەت لە حیزبەکان پێکهاتبێ دەبێ ماف منداڵان بسەلمێنن و کاری بۆبکەن، بێگومان کارکردن و ڕیکخستنی منداڵان ئاسانتر دەبێ، بەڵام بەپێچەوانەوە ئەگەر حیزبە دەستەڵاتدارەکان ماف منداڵان بەکردەوە نەسەلمێنن ئەوا هەزاران پرۆژە و ڕاپۆرت و بریارنامەی نەتەوە یەکگرتوەکان و یۆنسیف و.... ناسەلمێنن. هەربۆیە "منداڵ و جەنگ" پێویستی بە پەروەردەی گشتی هەیە وەکو







فەرهەنگ ، هەر پرۆژەیەك حکومەتەکان و سیستەمێکی‌سیاسی زاڵ پاڵپشتی نەبێ، بیگومان دژی دەبێ‌و بەکردەوە مانای لەکار خستن و مردنی پرۆژەکەو، وشەکانیش دەمرن و ناژین.

لەکوردستاندادەبێ پێشکەوتنی ئابوری و فەرهەنگی دژە جەنگ و ماف مرۆڤ و ئافرەت و منداڵ بابەتی سەرەکی و یەکەمی کۆمەڵگای مەدەنی بێت. نەك ڕوخان، ناعەداڵەتی کۆمەڵایەتی و یاساو نەریتی کۆنەپەرستانە، یان سەربرینی ئینسان... ئەبێ فەرهەنگی منداڵ بگۆڕدرێ بە فەرهەنگێکی ناسك و شاد و پێکەنیناوی، ئاشتی‌خوازی و دژ بەجەنگ .

ئامانجی ئێمە ئامانجی منداڵانە، منداڵێك دەڵێ " ئەگەر دەڵێی منی منداڵ پاشەڕۆژم و ئایەندە ساز، تۆیش ئیستا من دەکوژی، مانای وایە تۆ پاشەڕۆژ دەکوژی". کوشتن، بێ‌ماف، کەم ئەندامی، چەوسانەوە، لاوازی...ی منداڵ مانای پاشەڕۆژ بەو نەهامەتیانەوە.

ڕزگاری و سەربەرزی و خۆشگوزەرانی بۆ ئایەندەی کۆمەڵگا لە دەستەبەرکردنی‌ماف منداڵاندایە. منداڵانی کورد لەژێر 18 ساڵەوە نابێ چەکدار بن و ئەگەر لە هەرکوێ‌یەك چەکدارن، چەکەکانیان لێ داماڵن و لایەنی لێپرسراو بخرێتەژێر پرسیارەوە.

منداڵانی‌کورد دەبێ لێکۆڵینەوە و چارەسەری زانستی و دەرونی بچێتە ناو جیهانەکەیانەوە بۆ چارەسەری واقیعی و مەنتیقی.

منداڵ لەسکی دایکیەوە هەتا 18 ساڵی دەبێ مافەکانی بە پێی بریارنامەکانی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان بپارێزرێ. منداڵ دەبێ‌فێربکرێ بزانی جەنگ چیە؟ زیانەکانی‌چیە؟ کێن ئەوکەسانەی بەپلەی یەکەم دەبنە قوربانی؟ کێ‌هەڵی‌دەگیرسێنی و بەرژەوەندیەکانی لە کوێدایە؟. دەبی ماف منداڵان لەوانەکانی

سەرەتایی و ناوەندی و ئامادەییدا بخوینرێو منداڵ فێری قسەکردن لەسەر مافەکانی خۆیان بکەن و هەڵویستی ڕاستەقینەی منداڵانەیان دەربارەی زەبرو زەنگ و توندو تیژی هەبێت.

ڕیکخراوە و دەستە و کۆمەڵە و گۆڤارەکانی‌منداڵان دەبێ پڕۆگرامەکان و مافەکانی منداڵان کە لەلایەن نەتەوە یکگرتووەکان، یۆنسیف و ڕێکخراوەکانی ترەوە نوسراوە وەری بگێڕنەسەر زمانی کوردی و پسپۆڕانی ئەم بوارەی بۆئامادە بکرێت. هەرهیچ نەبێ لە ڕوی تیئۆریەوە بامنداڵان و پسپۆڕان بەو مافانە و بەو بڕیارنامانە و بەو پرۆژە نێو نەتەوەییانە ئاشنابن. ئەمە لایەنێکی گرینگە لەبەرەو پێشەوەچونی کاری ڕاستەقینە و پسپۆڕانە لەم بوارەدا.

جەنگ و منداڵ تەنها دەروازەیەکە لەو جیهانەگەورەیەی منداڵ و مافەکانیان. جیهانی منداڵان دەبێ بپاریزرێ لە جەنگ و توندوتیژی و چەوساندنەوە.

*بەرنامەڕێژی بۆکارێکی سەرانسەری گرینگ پێویستی بە هاوکاری لەنێوان دەوڵەت و ڕێکخراوو کۆمەڵەو ئەوکەسانەی لەم بوارەدا کار دەکەن ، پسپۆڕانی دەروونناسی، هەیە.

.

* دەکرێ بابەتەکانی وەکو منداڵ و جەنگ و دەروونناسی ببنە بنەمای کارێکی گەورە بۆ منداڵانی کورد. چونکە ئەنجامەکانی جەنگ و توندوتیژی هەزارەها منداڵیان ئاوارەکردووە، کەم ئەندام کردووە، بێباوکودایکو بێنان و خانەولانە کردووە، یەك نەسڵی تەواوی منداڵی کورد لەژێر فشاری دەرونی جەنگدایە. ئەمەشایانی ئەوەیە کە وەزارەتی هەبێ، پسپۆڕانی هەبێ، ناوەندی توێژینەوەی هەبێ. هەروەها لێکۆڵینەوەی زانستی لەم بوارەدا بکرێت هەتا بتوانرێت بەڕێگەی زانستی و پرۆفیشناڵ یارمەتیان بدرێت نەك بەدەست پێشخەری ئەم ئینسانی چاك یان ئەو ئینسانی دڵسۆزی منداڵ... جاری واهەیە ئەمجۆرە کارانە بەقازانجی گروپێك یان تاکەکەسیك یان حیزبێك بەلاڕێدا دەبرێت. ئەم جورە بەلاڕێدا بردنە دەرونی دڵسۆزانی منداڵان و باوك و دایکی بێبەش لە نازو نیعمەتی کومەڵگە بریندار دەکات.

## چارەسەرکردنی ئەم دەردە گشتی و کۆمەڵایەتیە

1= ڕێگە گرتن و ڕێگە نەدان بەو حیزب و ڕیکخراوە دەسەڵات دارانەی کەمنداڵی ژێر18ساڵ دەکێشنە ژێر ڕێکخستنی کاری سیاسی و سیخوری سەربازی و حیزبایەتی. لەقاودان و فشار هێنان بە ئامانجی داماڵینی چەك لەشان و مێشکی ئەو مێرمنداڵانەی ئێستاکە لە مەیدانی جەنگ و ڕیزی سەربازی و پێشمەرگایەتیدان .

2-وەرگێڕانی‌یاساکانی‌مافی‌منداڵ کە لەلایەن ریکخراوی نەتەوە یەکگرتوەکان، یۆنسیف و ئەمنەستی‌یەوە پەسەندکراوە بۆزمانی کوردی‌و جێگا کردنەوەی لە وانەی کۆمەڵایەتی یان هەر بوارێکی دیکەدا لەقوتابخانەی سەرتایی، ناوەندی، ئامادەیی بۆ ئەوەی منداڵان فێری یاسای منداڵ بن و بتوانن لەوە تێبگەن کەئەوەی قەدەغەیە بەسەریاندا دانەسەپێنن.

3= کۆمیتەی سەرپەرشتی مافی‌منداڵ بۆ جێبەجێ کردن و چاودێریکردنی ئەویاسایانە و ئاشکرا کردن و تێکشکاندنی ئەو یاسایانە و دادگایی ئاشکرا.

4= لیژنەی زامنی سوسیۆسایکۆلۆژی و پزیشکی دابنرێت بۆ لێکۆڵینەوەی فیزیکی و دەروونی و توێژینەوەیان.

= لەم چەندساڵانەی دواییدا لە ئەنجامی کارەساتی جەنگدا چەندین ملیۆن منداڵ مردون. = زیاتر لە شەش ملیۆن کەم ئەندام بوون یان توشی ئاوارەیی و نەهامەتی کەمکاری بون.



= زیاتر لە ملیۆنێك بێ‌باوکو دایك بوون یان لە یەك دابڕاون.

= زیاتر لە20ملیۆن وایان لێکراوە لەژێرفشاردا هەڵاتون ومالیان جێهێشتوە

= زیاترلە 300 هەزار منداڵ لە 40 جەنگی جیاجیادا لە جیهاندا چەکدار کراون.

= لە ساڵی 1994دا لە راوەندا Rwanda یەکێك لە ڕادیۆکان بۆهاندانی کوشتنی گەورەو منداڵ پێکەوە ئەمەی بڵاوکردەوە بە

گویرەی ڕاپۆرتی UN " بۆ ئەوەی جرجی گەورە بکوژێت دەبێ جرجە بچوکەکان بکوژێت "

= زیاتر لە 7 ملیۆن منداڵ ئاوارەن بۆ وڵاتانی دراوسێ.

= زیاتر لە 13 ملیۆن منداڵ ئاوارەن لەناوخودی وڵاتەکاندا.

= زیاتر لە 7 ملیۆن مینی چێنراو هەیە لە 70 وڵاتی جیاوازدا.

= هەمووساڵێ 28000 هەزارکەس دەبنە قوربانی مین، لەوانە 8 هەزاریان منداڵن.

= لەساڵی 1997دا بڕیارێك دەرکرا کە مینی دژی مرۆڤ قەدەغە بکرێت، هەتا ئێستا زیاتر لە 120 وڵات ئیمزایانکردووە، تەنیا ئەووڵاتانەی کە پەیڕەوی و ئیمزای ناکەن(USA چین و ڕوسیا و پاکستان و هیندستان و تورکیایە). ئەم یاسایە بۆ قەدەغەی بەکارهێنان، دروست کردن، عەمبارکردن و فرۆشتن و هێنان و ناردنە دەرەوەی مینی دژی ئینسانە.

= جەنگ، توندوتیژی و تیرۆر، پاشماوەکانی جەنگ و کارەساتە زیندووەکانی و بەردەوامیەکانی شوینەواری زۆر نیگەتیڤی لەسەر چەندین نەوەی ئینسان داناوە.

= ئەمە ئەرکێکی ئینسانیە کە هەموکەس دژی جەنگ بێت و لە کاتی جەنگدا (جەنگە سەپاوەکان) دەبێ لیژنەکانی چاودێری منداڵ و ژن، زیاتر لەهەمووکات وریاتر و چالاکتر بن. کۆمیتەکان ڕێکخراوەکانی ماڤی منداڵ دەبێ بەڕاستی پەیامنێری ئەو منداڵانەبن کە لە ڕووی فیزیکی و دەروونیەوە خەریکن دەبنە، یان بونەتە قوربانی جەنگ و تیرۆر و تیرۆریزم.



کارەساتەکان زۆرن و بەتایبەت منداڵی کورد و فەلەستین ژان و کارەساتی سامناکیان بەسەر هاتووە .

((... لەگۆڕنانی ئەو هەموو ژن و منداڵە دێتەوە بەرچاوم کە منداڵی 35ڕۆژەی تیابوو کە بەشۆفڵ خۆڵم کردوە بەسەریا، ل9...... منداڵێك بە باوەشی ژنێکەوە بوو تەمەنی هەر35ڕۆژ بۆ40ڕۆژ دەبوو، بڕواناکەم گولەی بەر کەوتبێ ل 2.4 .....))

لە ڕاپۆرتی سێپتەمبەری 2002ی یۆنسیف.. بەشی منداڵ، ئاوەها هاتووە کە تایبەتە بە منداڵانی باکووری عێراقەوە

((...ئەوکەسانەی لە شوێنی خۆیان هەڵکەندراون لە باکووری عێراق 23٪ی دانیشتووان پێك دەهێنن نزیکەی 505،805هەزار ..... 55٪ی منداڵ بوون...))

(( لەناوچەی گەرمیان ( کەرکوکی تازە) هەزارەها منداڵ خەریکی کار کردنن))

((.. 78٪ی ئەومنداڵانەی کار دەکەن باوکیان مردوووە..))

((..لە27٪ی قوربانیانی (ئەڵغام)، منالی ژێر 16 ساڵەن ..))

ئەم ڕاپۆرتە زۆربەبایەخە و شایانی ئەوەیە وەر بگێڕدرێتە سەر زمایکوردی بێگومان لەگەڵ بڕیارنامە و ڕا پۆرتەکانی تردا.

هەزارەها نمونەیتر کە ئاساواری جەنگ، تیرۆر و توندوتیژی کە منداڵانی توشی گرفتی جۆراوجۆر کردوە. کوشتنی منداڵ ، پەککەوتەکردنی منداڵ، (هاندیکەپ) بونی منداڵی، هەژاری، نەخوێندەواری منداڵ، ئەمانە تێکرا مانای کوشتن و هەندیکەپ بونی و هەژاری و نەخوێندەواری کۆمەڵگایە.

2003 Oktober

کامەران قەرەداغی

## سەرچاوەکان

=1 نامیلکەی "منداڵ و جەنگ" Barn og Krig نووسینی Paul Englstad

2– ڕیکخراوی چاودێری ماڤ مرۆڤ_ بەشی ماڤ منداڵ بە عەرەبی Human rignts Watsh

=3ڕێگا کاریگەرەکان بۆ کارکردن لەگەڵ منداڵ و خێزانەکانیاندا پوختە= ئینگلیزی– "

"Effective ways of working with children and their families". By K. Eia Asen, Psychiatic Bulletin (2001) 25:38

=4 چاوپێ کەوتنی عارف قوربانی لەگەڵ شاهیدێکی بەشداری ئەنفالەکان... کوردستان نێتی ( ئینتەرنێت)

=5 هەروەها جەماڵ غەمبار نوسینێکی بڵاو کردۆتەوە (لەنوسەری کوردی) (ئینتەرنێت).

چەند (گۆڤارێکی ئەلەکترۆنی سایت) وەکو کەڵك یان سەرچاوە بەکارم هێناوە، بەڵام ناو هێنانی ئەو نووسینە هاندانە بۆ چوون بەدوای ئەوکارانەدا کە دەکرێت و بە ڕێوەیە بکرێت.

=6 زۆر نوسەراوەی گرینگ و بەبایەخ هەن لەسەر ئەنتەرنێت کە دەتوانرێت زۆر بەقوڵی و بەرفراوانی کەڵکیان لێ وەر بگیرێت، هەم لەباری ڕێگخستنی چۆنیەتی کارەوە هەم لەباری چەندایەتی و چۆنایەتی بابەتەوە.

# نامەیەك بۆ پەروەردەكاران و باوكان و دایكانی منداڵان

## كەڵك وەرگرتن لە سەرچاوەكانی دەروونناسی منداڵان و لاوان

گردو كۆكردنەوە و نوسینی
ئەفسەڕی فەیزی

ئەگەر زانستێكی نەفرەت ئەنگێز لەم جیهانەدا ڕۆح و ڕەوانی مرۆڤ ئازار بدات، بێگومان توند و تیژی و دەسدرێژیە بۆسەر ماف ئەومنداڵە بێتاوانانەی كە توانای پارێزگاریان لەماف خۆیان نیە.
[ژان پیاژە، پییێر هانری و سیمۆن]

ڕەوانی مرۆڤ ئەقیانووسێكی بێبن و قەراخ و بیجاخە، پانایی و قوڵایی قەت پێوانە ناكرێ. ڕەواناس غەواسێكە كە ئالەم دەریالووشە بێسەرو بنەدا دەستو پێدەوەشێنێ. بەو هیوایەی نەناسراوێك بناسێ كە بەقازانجی مرۆڤو مرۆڤایەتی كەڵكی لێ وەرگرێ دەستەمۆیكات. بەڵام؟ هەر نەناسراوێك كە دەناسێت. دیسان درگایەكی دیكە بەڕوی هەزاران نەناسراوی دیكەدا دەكرێتەوە.

بەڵێ..دەس ڕەسی بە ڕەوانی ئینسانەكان لەم ئەقیانوسە سیحراوی و بێسەرو بنەدا بەخیرایی و ئاسانی بە ئاكام ناگات، بێگومان نەك كات و سات، بەڵكو ساڵەهایساڵ دەخایەنی تا پسپۆر و زانا و پێتول و بلیمەتەكان بەسەر قەراخ و بیجاخی تاریك و نادیاریدا دەسرەسی پەیداكەن. ئەما وێڕای ئەوەی ناسینی ڕەوانی مرۆڤ یا زانیاری ڕەوانشناسی دیاردەیەكی ساوایە، ئەندێشمەندان لەم زانیاریە نوێیەیشدا وەكوو كشت زانیاریەكانی دیكە كەشف و سەركەوتن گەلێكی بایبدار و گرینگی زانیاری وایان وچنگ هێناوە كاروانسالارانی مرۆڤایەتیان بۆ گەیشتن بەو ئاوات و ئامانجانە ئومێدەوار كردوە.
ئەم نامیلكەیە لە كتێبی ڕەوانشناسی و كەڵك وەرگرتن لە بۆچون و لێكۆڵینەوە و دانەران و زانایانی گەورە و ناوداری ئێرانی و بەقەڵەمی پسپۆڕانی خاوەن نەزەری هەندەران نووسراوە و گردو كۆو ئامادە كراوە.

لەبەر ئەوەی ئامانج لەنوسینی ئەم نامیلكەیە شوینەوار و نەخشی پەروەردەكار لە فیركردن و بارهێنانی منداڵانو لاواندایە پێویستە لەپێشدا مانای دەسكەوتی(واژە)ی بارهێنان بە شێوەی كۆكراوە دیاری كەین، ئەوسا بێینەوە سەر بەردی بناغەی بارهێنان. بۆناساندنی (وشەە)ی بارهێنان، ناسین و ناساندنگەلێكی زۆر بەكار هێنراوە. بەڵام ناساندنێك كە تا ڕادەیەك (كۆ) و جێگای متمانەیە و شیاوی كەڵك لێ وەرگرتنە، ئەو ناساندنەیە كە بەڕێز دوكتۆر" سەبور اردوبادی" لە كتێبی بناغەی بارهێنان و خوڵك و خووی ئینسان، ئا بەم شێوە فێركردن وبارهێنانی(وصف) كردوە. كە بارهێنان بریتیە لە پەروەرش و بەهێزكردنی توانایی باش تا ئەوپەڕی ئیمكانی پێكهێنانی ڕێكخستنی پێویست لەنێوانیاندا لەگەڵ لاوازكردنی هیزو توانای مەنفی تا ئەوپەڕی ئیمكان لە وجود، واتە بوون. لە كۆتاییشدا ئاوەها نەتیجە گیری دەكات كە:
بارهێنان بەشیبەهێز لە هێز و توانای ئینسان سازی واقیعیە لە لایەنی ڕەفاە، سەركەوتن و پێگەیشتنی تاك و كۆمەڵ.
ئیستا كە لە ناساندنی (واژە)ی بارهێنان، بوینەوە، دەچینە سەر باسی ئەسڵی قەوارەی بارهێنان.
سودبەخشترین زەمان بۆدەس پێكردنی بارهێنان تەنیا سەرەتا و دەورانی منداڵیە، ئەوسا سەرهەڵدانی (بلوق) قەیران و هەڵچونی دەورانی مێرمنداڵییە).
گرینگترین و جێگەی متمانەترین پەروەردەكار بۆ منداڵ دایكوباوك و باشترین شوین ماڵ و حاڵ وداوینی و باوش دایكوباوكە. بەڵام بە داخەوە زۆربەی باوكودایكان بەرپرسیاری ئەو كارە گرینگ و ئەوبارە قورسە ئەخەنە ئەستۆی قوتابخانە و ماموستاومرەبی. دەبێ ئەودەورانە كەبەهۆی نەزانی یان كەمتەرخەمی دایك و باوكەوە لەكیس چووە مامستاو مورەبی قەرەبوویكەنەوە.

هەروەها پێویستە مەدرەسە و مامۆستا و مربی، بەسەر ئەوهەمووە باری نابەسامانی ژیانیان و كەندو كۆسپ و گیرو گرفتی ژیان و (شوغلی)و نەبوونی هاوكاری دایكوباوك. بەوپەڕی لەخۆبوردویی و دڵسۆزی و میهرەبانی و لەو فرسەتە كەمەی كەهەیانە، باشترین بەهرە نەسیبی منداڵان بكەن. بەشێك لەمكارە كراوە، هەركەم و كووریەكیش بەرچاو دەكەوێ، دەلیلەكەی كەمكاری و پشتگوی خستنی مامۆستاو مرەبی نیە، ڕەنگە ڕێگاچارەی موناسبیان نەزانیوە، ئەمەش بۆ هەموان چاوەڕوان نەكراو نیە و سورشتیە، دەڵێن هەموان هەموو شتێ دەزانن. ئەوشمان لەبیر نەچێ ئێمە دەتوانین بە وەچنگهێنانی سەرچاوەی خوێندنەوەی بابەتەكانی لایەنەكانی فێركردن و پەروەردەكاری بەزەمینەی مەهارەتی زیاترەوە چرای ڕێگای كارزانی و تواناییمان پرنوور تركەین، تا ڕێگای ژیانی منداڵان و مێر منداڵان بەو پەڕی تواناماناەوە پاقژ و نووراني كەین.

لەبەر ئەوەی کەئێمە لە بەرانبەر تاکەتاکەی قوتابیاندا خۆمان بە بەرپرس و لێپرسراو دەزانین و هەروەها لەزۆربەی کەلاسی قوتابییەکانماندا قوتابیگەلێك دەبینرێن کە لەلایەنی ڕەوانی، خۆشەویستی و کۆمەڵایەتی و ... کەموکووڕیان هەیە و توشی گیروگرفت دەبن. لێرەدا پێویستە قامك لەسەر ئەوخاڵانە دانێن کە دەبنەهۆی چارە سەرکردنی دەرد و گیر و گرفتەکانیان.

### 1- پشت بەخۆبەستن و باوەڕ بەخۆ بوون:

بەخشینی کەسایەتی بەمنداڵ تا منداڵ باوەڕی بەخۆی هەبێت. جیگای سەرنجە کە ئەو قوتابیانەی باوەڕ و متمانەیان بەخۆیان نیە، هۆکارەکەی ئەم چەند خاڵانەی خوارەوەیە.

1_1 خۆشەویستی بێحەد و سنووری دایکوباوك بە منداڵەکانیان. دەبیبەدایکان و باوکان بسەلمینی و بفەهمێنی کە مداڵەکانیان نەکەنە پاشکۆی خۆیان، بهێڵن با منداڵەکانیان ئەوکارەی لە توانایاندا هەیە بۆخۆیان سەربەخۆ بیکەن.

1_2 هەڵوێست گەلێکی نابەجێی دایکان و باوکان بە خۆیان و منداڵەکانیان. ئەوان دەبنە هۆی لەبەین بردنی باوەڕ بەخۆ و کەسایەتی منداله کانیان لەداهاتو و ئێستایان و لە قوتابخانەدا.

1_3 ئەو منداڵانەی کە لە خۆشەویستی باوکودایك بێبەشن و (مردنی یەکێکیان)، لەم حالەتەدا ماموستا دەبی لەقوتابخانەدا ئەوجێگا و بۆشاییەیان بۆ پڕکاتەوە و نەیهێڵێت خونچەی تازە پشکوتوی ئەو جۆرە قوتابیانە سیس و پەژموردەوبێت.

### 2- ئازادی:

پێویستە مامۆستاو مرەبیانی قوتابخانە سەرەتاییە کان واتە بناغە داڕێژەرانی کۆشکی زانیاری، وشیار بکرێنەوە، لەکاروباری فێرکردن و بارهێنانی منداڵانی سەروی حەوتساڵاندا لە بخشینی سەربەخۆیی مەرجاوی منداڵەکان، خۆیان تووشی وەسواسی و دڵەڕاوکێ نەکەن، بەوپەڕی تواناوە تێکۆشن تا هاوکات سەربەخۆیی، خۆشەویستی، هاوڕێیی و هاریکاری دەرخواردی قوتابییەکانیان بدەن، دڵنیابن ئازادیو فێرکردن و پەروەردەکاری دۆستانەی نیوان ماموستاو مرەبی و قوتابی، جگە لە هاندان بۆ بەدەربەست بونی وانە و مەشق و خۆڕاهێنان ڕنگە بڕینی ناسۆری ڕەوانی و دەرونیشیان کەلە تەمەنی ژێر حەوساڵیەوە بەهۆی سەرکوتکراوی غەریزەی ئازادیخوازی دوچاری بوون سارێژ بکات.

هەروەها جێگای سەرنج و وەبیر هێنانەوەیە لەکاتی پێچەوانە کەڵك وەرگرتن لە مەرجی ئازادی، تەمێو هەڵپەساردنی کاتی بێسودو سەمەرە. باشترواپە ماموستا و مربیانی خۆشەویست لە تەجرەبەی خۆیان و وتو وێژ لەگەڵ دایکوباوکی قوتابیەکاندا، ئەگەر دەردی دەرونی قوتابیەکان بزانن و بناسن، ئەوا دەرمان و چارە کردنی زۆر سەهلو ئاسانە. سەردەمی یارمەتیو ڕێنوێنی غەریزەی ئازادیخوازی و پشتیوانی بەعزێ لە توانای منداڵەکان لەم ڕێگەوە گیرو گرفتێکی زۆری نابێ.

**خاڵی‌تایبەت!** مەبەست لە مەرج بۆ ئازادی، بەند و دیلی نیە، بەڵکوو مانای ئازادی قوتابیان، لەژێر چاودێری بونی ماموستا و مرەبی‌یەکانیاندا دەبن، بۆئەوەی پێش بەگشت کردەوەی مەنفی و ناشایستیان بگیردرێت تا نەکەونە ناو تۆری بێبەند وباری ... وە

### 3- ناسازگاری و گێرەشێوێنی منداڵان:

گێرە شێوێنی، نافەرمانی و سەرپێچی لە تەمەنی جۆراو جۆر و شێوەگەلێکی جیاوازدا، وەك قرم و قاڵ ، هاتوهاوار، گریان و شیوەنی درێژ خایەن، تێکدان و تووڕدانی کەلوپەلی ناوماڵ، چرنوك گرتن لەسەر و چاوی خۆیو کەسانیتر، تورەیی و ئازار وهیرش بردنە سەر خوشکوبرا چکۆلەکانی بە بیانویجۆراوجۆر، تۆران و ڕوترشاوی لەکاتی نانخواردندا، ئەزیەت و ئازار و لێدان لە هاوقوتابیەکانی، دەربڕینی نارەزایەتیو شەڕوشۆڕی بێدەلیل و بەهانە، ڕەفتاری ناشایست و موزیانەی چاوەڕوان نەکراو، سەرپێچی و بێئەدەبی لەبەرانبەر دایکوباوکو ماموستاکەیدا، غەرا، خۆبەزلزان و دورەپەرێز لە دۆست و ئاشناکانی و سەدان شێوەی ناشایست و نەشیاوی تر.

ئەگەر منداڵ لە قوتابخانەدا، هەستی بەوە کرد کەوتۆتە بەر سەهلەنگاری و نامیهرەبانی ماموستاو مرەبی‌یەکەی، پاداشی زەحمەت و مهر و محیبتی ئەویان بە هاوقوتابیە کانی داوە و ئەویان بێبەشکردوە. لەبەر ئەوەی ئەم فکرە لە عەین و زەینی ئەودا جێگیربووە، پیێوایە ماموستا نایەوی ئاگای لەوبێ هاو شاگردەکانیتری لەو خۆشتر دوێ، لە ماموستاو مرەبی و هاوشاگردەکانی دەکەوێتە ناو شك و گومانەوە. دەکەوێتە ناو گێژاوەی دودڵیو دڵەڕاوکێی دەروونیەوە. دیارە بەرهەمی پەرچدانەوەی ئەم حاڵەتەیش، جگە لە گومان و حەسودی نیە و منداڵ بەرەو تۆڵە سەندن و یاخی بون پاڵ پێوە دەنێت.

ئەگەر دایکوباوکو ماموستاو مرەبی، لەهۆی یاخی بون و تۆڵە سەندنی منداڵ تێگەیشتن، دەبێ دایکوباوکو مرەبی بە میهرەبانی ونەرم و نیانی و زمانی مەنتیقی و مناسبی سن و ساڵی منداڵەکە. منداڵەکە لەو گێژاوە دەرونیە ڕزگار کەن.

کاتێك کە منداڵ لەو قەیرانە دەرونیەیە نەجاتیبوو، لە مانا و مەفهوم و ناوەرۆکی ناکۆکی دەرونی و ڕەوانی و دەوروبەری ئاگادار بوو، ئەوسا ئیتر لەماڵەوە لەگەڵ خوشکوبرا چکۆلەکانی و لە قوتابخانە لەگەڵ ماموستا و مرەبی و هاوشاگردەکانی بە میهرەبانی و نەرمونیانی دەدوێو هەڵسوکەوتیان لەگەڵدا دەکات. ئیتر شوینەوارێك لە هەڵچون و هێرش و یاخی‌بون نامێنی.

**ڤیکتۆر هۆگۆ** نوسەری بەناوبانگی فەرانسە دەڵێ:
ئەگەر منداڵ ئەوەی پێویستیپێیەتی لەدەستیبستێنی و ئەوەی پێویستی پێی نیە بیدەیتێ. ئیتر تۆ شەقاوە واتە (لاتێکت) هەیە.

مەگەر منداڵان تەنیا بە نۆشین و پۆشین نیازمەندن؟ منداڵان هەر بەوئەندازە بۆسلامەتیو تەندروستی پێویستیان بە(خواردن) بژیوە ، هەر بەوئەندازەش پێویستیان بەزانست و سەنعەت و خۆشەویستی دایك و باوك و مامۆستا و مرەبی و دەوروبەریان هەیە. ئەڵبەتە نەك تەنیا منداڵ بەڵکو هەموو مرۆڤێك پێیان خۆشە، خۆشەویستی خاس و عام بن. مومکینە منداڵ چەندین کات و ساتێك بەکراسی دڕاو، برسیەتی، پێخاوسیو بێخانەولانەیی، لەژێر چەتریئەوازش و خۆشەویستی و لاواندنەوەی کەسێکدا بژی، بەلام قەت بەرگەی بیبەشی لە خۆشەویستی و میهرەبانی و هەلاواردن ناگرێت.

ڕەنگە لەکاتی حەساس و هەستکردن بە نەبونی موحیبەت و خۆشەویستیدا، لافاو و کێشمەکێش و گریکویرەی دەرونی، خونچەی تازە پشکوتوی دڵیمنداڵ وەها پەژمردە و پەرپەر ببێت. ئیتر تا دوا ڕۆژەکانی تەمەنی جارێکیتر نە خونچەی دڵی بپشکوێتەوە و نە گریکویرە ڕۆح و ڕەوانی بکرێتەوە.
کەواتە، دەتوانین بڵێین: یەکێك لە هۆکارە گرینگەکانی ناسازگاری منداڵ، کەمو کەسری یان نەبونی خۆشەویستییە بۆ منداڵ.
هۆکارێکی گرینگی توڕەیی و تەوەزەلی و ناسازگاری منداڵ، هەست نەکردن بە سەربەخۆیی بۆ ئەنجامدانی ویست و کارەکانی تایبەتی خۆیەتی. ئەڵبەتە نەك تا ئەو ڕادەیەی کەمنداڵ هەرکارێك کەویستیبیکات، بەڵکو ئەوکارانەی لە تاقەت و توانایی ئەواندایە و کارێکی باشە بۆخۆیان بیکەن. مەبست لەو ئازادیە سنورداره ئەوەیە منداڵ ماڵی لێ نەکرێتە قەفەس، نەتوانی هەڵفڕێو دنیای دەوروبەری تماشاکات و بیناسێت.

دایکان و باوکان و مامۆستایانی خۆشەویست، دەبێ بۆناسینی هۆکارەکانی بەدفەڕیو ناسازگاری منداڵان و مێردمنداڵان و بۆ نەهێشتن و بنەبڕ کردنیان، قامکمان لەسەر بەشێك لە شێوەی پشتیوانی ڕێنوێنیەکان دانا. باشتروایە لەپێشدا شێوەی ڕەوانکاوی پرسیارو وەلام، دەربارەی کەم و کوڕی و هۆکارەکانیان کە بۆتە ماکەی ڕەنج و ئازاری ئەوان بناسن و وەچنگی بێنن. چونکە هەر ئەو زانیاری و زانینەیە دەبێتە توانایی و هێز بۆ فەوتاندنی هۆکاری توڕەیی و هەڵچون و ناسازگاریەکانیان.

لێرەدا پێویستە ئەو پرسیارە ئاڕاستەی مامۆستایان و مرەبیێیە بەڕێزەکان بکەین، کە لە بەرابەر بەدفەڕی، توڕەیی، هەڵچون و ناسازگاری شاگردەکانیان، (ڕۆڵ) واتە فەرمانی سەبر و تاقەت و حەوسەلەیان لەدەست دەردەچێ، پەنا بۆ تەمێی جەستەیی و هەڵسپاردن و هەلاواردن دەبەن.

ئایا؟ منداڵێك کە لە نەبونی خۆشەویستی و سەهلەنگاری دایك و باوك و هەتا مامۆستا و مرەبی بێبەش و هیوا بڕاوە. دوورنیە بۆ خودنمای و سەرنج ڕاکێشان دەستی دابێتە بەدخوویی و ناسازگاری. ئایا بە لێدان و تانە و تەشەر ئەو جۆرە منداڵانە (ئیسلاح) دەکرێن؟
ئایا منداڵیك کە باوکودایکی هیچ جۆرە زانست و زانیاریەکی لە شێوەی فێر کردن و بارهێنانی منداڵ نیە، هەمیشە منداڵە کەیان دەدەنە بەر تانە و تەشەر؟ ئایا هەر ئەوجۆرە سەرکۆنە و لۆمە کردنە نەبۆتە هۆی یاخی بون، هەڵچون، ناسازگاری و شورشی دەرونی و بیرونی منداڵکەیان. ئایا منداڵێك لە دنیای پاك و خاوێنی منداڵیدا لە ناو هەژاری و نەداری و نەبونی عەداڵەتی ناو خاوو خێزان و کۆمەڵگادا، لەناو دەرد و ڕەنج و حەسودیدا نوقم و نوغرۆ بووە، هەرتاو ناتاوێك وەکو کەسێکی یاخی و خراپکارو شەڕەنگێز لە دەرونی خۆیەوە هەڵدەچێ و توشی کاری خراپ دەبێ و دەکەوێتە بەر غەزەب و لێدان و تەمێی دەرونیو جسمی؟

ئا لێرەدا ئەم پرسیارە جێگای خۆیەتی: ئایا تەمێی جەستەیی و توندو تیژی باری گران و ئالۆزی دەرونی و بیرونی قورستر و پرۆکێنەر تر ناکات؟ سەرەتا نابێتە دەستەچیلە بۆ هەڵگیرسانی ئاور و پاشان نابێتە ژیلەمۆی تۆڵە سەندنی پاشە ڕۆژ؟
بەڵێ تا ئێستا! هەتا سزادانی قورسی یاسایی کۆمەڵایەتیش بەسەر یاخیان و جینایتکاراندا نەبۆتە هۆی (ئیسلاح) بونی جینایتکاران، یا کەم بونەوەی خراپکاری و خیلافکاریەکانیان لە ناو کۆمەڵگەدا.
کەوایە با ئەو مامۆستا و مرەبیانەی کە بە نیەتی دڵپاکی و دڵسۆزی شاکردە کانیا تەمێی جەستەییو ... دەکەن، دەبێ بزانن ئەو جۆرە دڵسۆزیە بە پێچەوانەی نیەتی ئەوان شاگردەکانیا هەرگیز لە هەڵچون و نافەرمانی و ناسازگاریان کەم نابێتەوە. گەرچی بە ڕواڵت برێك ئەهوەنیش ببنەوە بەلام دەرونیان وەك بورکانێك دیسان بە هێزتر لە جاران دەتەقێتەوە.

## 4= تەمێی جەستەیی:

درێوترین کردەوەی خیلاف، ئەو کردەوە پەلید و پێچەوانەیە کە دژی کاری درێو و پێچەوانە بەکار دەهینرێ، ئەوەیش تەمێی جەستەیی منالانە.

منداڵێك کە چنگاوشی خوشکوبرای لەخۆی چکۆلەتری دەبێت، منداڵێکی چکۆلە کە گرو بۆ شتێکی نایاب و وەچنگ نەکەوتوو دەگرێو دەگری و دەبێتە هۆی تورەیی و بیزاری دایکوباوك. فرزەندێك کە لەناو ماڵ و خێزاندا دەست دەداتە دزی و کاری ناشایست دەکات. قوتابیەك کە توشی کارێکی خراپ دەربارەی هاوشاگردەکانی یان گوێنەدان و سەرپێچی لە دەستوراتی مامۆستاو مرەبی وەیان کارگەلێکی ناشایستی جۆراوجۆر دەبێتە هۆی سەرقاڵی و ئاڵۆزی ناو فیرگە و نیوان مامۆستا و قوتابی و قوتابخانە، بێگومان ڕەنگە لەگەڵ کاردانەوەی تەمێی جەستەیی ڕوبەڕو بێت.

ئەگەر لە باوك بپرسی بڵێی بۆچی لەکوڕەکەت ئەدەی دەڵێ: لەبەر ئەوەی من باوکی ئەوم، لەبەر ئەوەی ئەو منداڵێکی توخس و تەوەزەل و بێگوێیە، بۆ ئەوەی من ناتوانم منداڵەکەم بەتەمای خوا بەرەڵاکەم تا هەر غەڵەتێك پێی خۆشبێ بیکات، نامەوێ جگەر گۆشەکەم بەدەستی خۆی بەد بەخت بکەم بۆیە.

ئەو باوکەش راست دەلێت حەقیەتی چونکە هیچ باوکێك نایەوێ دوارۆژی کوڕەکەی تاریك و تەم و مژاوێ بێت. بەڵام بە داخەوە ئەو باوکە ڕێگا و ڕەوشی باشی بناغەی پەروەردە ناشارەزایە.

ئەگەر لە مامۆستایەك بپرسی بڵێیێ: بۆ لە منداڵی هەژاران دەدەی؟ دەڵێ: من لە بەرابەر ئەم منداڵانەدا لێپرسراوم پێویستە لەپێناوی فێرکردن و بارهێنانیاندا لەهەموو کەرەستەیەکی ممکین کەڵك وەرگرم.

جاران ئەو نەریتە جێکەوتبوو: کاتێك باوکی قوتابیێەك سەردانی مامۆستاو قوتابخانەی دەکرد، گرینگترین وەسیەتی بۆمامۆستای کورەکەی ئەوەبوو کە دەیگوت: مامۆستا گیان (ئەونوکەرزادەیەت) واتەکوڕەکەم، بەجەنابت دەسپێرم گۆشتەکەی هی‌تۆیە و ئێسقانەکەی هی‌منە. واتە بۆ ئەوەی باش دەرسەکەی بخوێنێ تا دەتوانێ دارکاری بکات!! واتە ئێسقانەکەی نەشکێنی قەیناکا کوشتەکەی دارزێنی!.

ئەڵبەتە شیعار و شیعر لەم بارەیەوە زۆر وتراوە هەر ئیستایش دە وترێتەوە. (کوتەك میوەی بەهەشتە).

**ئەگەر نەت بێ داری تەڕ    بەقسەت ناکەن گاوکەر**
**مامۆستا فەقیر بێ‌و کەم ئازار   شاگرد دەبنە ورج و لوتی ناوبازار**
**یا دەڵێن: ئەگەر ئیستا داری دەستی مامۆستا بخوات(لەدوارۆژ دا داری رۆژگار ناخوات! یا دەڵێن: لە پلەی خوارەوەدا پای بشکینە یا نەگاتە پلەی سەرەوە...!**

بەداخەوە ئێستاش کەم نین ئەو کەسانەی مامۆستاکان هان ئەدەن بۆتەمێ کردنی منداڵەکانیان لەقوتابخانەو پەروەرشگاکاندا راستی ئەم راستیە لەوەسف و سەنا و پیا هەڵوتنی ئەوجۆرە باوکانە لە مامۆستای منداڵەکانیانەوە، بە ئاشکرا خۆ دەنوێنێ.

مەسەلەن یەکێك دەڵێ: ساڵی ڕابوردە دەربارەی منداڵەکەم زۆر ئاسودە و ئارخایەن بوم، منداڵەکەم لەترسی کوتەك و سەختگیری مامۆستاکەی سەعاتێك سەری لەسەر دەرس و مەشقەکەی هەڵنەدەگرت. یەکێکیتر دەڵێ: بریا ماموستاکەی پارەکەی کوڕەکەی من وەك مامۆستاکەی ئیمساڵیبوایە. زۆر لەمامۆستای ئیمساڵی دەترسێ، بۆیە هەر لە ئێوارەوە تا خەو دەیهێنێتە لادا کتێب و کاغەز و قەلەمەکەی لەسەر کۆشیەتی.

لەم جۆرو پرسیار وەلامانە دا دەر دەکەوی کە خەڵکی تاچ رادە هاندەری مامۆستای منداڵەکانیانن بۆ تەمێی جەستەیی منداڵەکانیان. بەلام بەداخەوە ئەوان نازانن و غافڵن لەوەی توند و تیژی و تەمێی جەستەیی هیچ سوود و سەمەرێکی باشی بۆ پەروەرشی لەش و ڕۆح و ڕەوانیو، نەهێشتنی ناسازگاری منداڵەکەی نییە.

منال ڕەنگە سەرەتا لەترسی کوتەککاری کاری پێچەوانە نەکات. بەلام پاش ئەوەی چەندجار کوتەکی خوارد و تەمێکرا ساوازەی بۆوە، هەرئەو کارە خیلاف و پێچەوانانەی ئارەزوی بوو بیکات، بەوپەڕ تامەزرۆییێەو بە دزیەوە دەیانکات. ئەمە لە ڕوانگەی ڕەوانشناسیەوە بەتەواوی سەلمینراوە. "فرد" تاکە کەس تا هەر ئەندازە، لەکار و ئارەزوی تاکە کەسیخۆی مەنع بکری، زیاتر لەو ئەندازەی لۆمە و مەنع کراوەی بۆئەنجامدان تێدەکۆشێ بەو پەڕی تواناییەوە، بە دزی و بەئاشکرا تێدەکۆشی، گشت سنوور و سەدێك تێکبشکێنی و بە ئامانج و ئارەزوەکانی بگات.

کارێکی ناڕەوا و نادروست کە لەمنداڵان ڕوئەدات، نە پلانێکی شوومە و نە نەخشەیەکی لەپێشدا داڕێژراوە، گریمان واش بێت کەنیە، دیسان دەبێ لەسەر ڕەوانی ئەوان بەدوای سووچ و هۆکارەکەدا بگەڕێین. چون وێرای چاوپۆشی لە مەسایلی (وەراسی و ژینەتیکی) هیچ منداڵێك ( تاوانبار و ناسازگار و...) لەسکی دایکیەوە نەهاتۆتە دەرێ. ئەوە ڕەفتار و کردار و شێوەی پەروەردەی غەڵەتی دایکوباوکو دەوروبەر و ڕەنگدانەوەی "خوو و خدە" و شوێن و کۆمەڵگایە کە ڕۆح و ڕەوانی منداڵ دەشێوێنێ و دەشەمزێنێ و لەبەرابەر ڕەفتار و کردارگەلێك کە لە ڕوانگەی ئەوەوە هەڵاواردن و نابەرابەریە، بۆی دەبێتە ماکەی هەڵچون و...ئەگەر لەبەرانبەر هەلچون و تاوانێك کەمندال توشی دەبێت

ئێمەیش دەس بدەینە تەمێی جەستەیی و توندوتیژی، بێجگە لەوەی نەمان توانیوە لەو زەلکاوەی تێیچەقیوە دەری بێنین، بەڵکو دەیان گرێپوچکەمان بە گرێکانی ناو دڵودەرونی زیاتر کردوە. ئەمجۆرە منداڵانە سەرەنجام بە هۆی تەمێی جەستەیی و سزادانی جۆراو جۆر، مەدرەسە و ماڵیان لێدەبێتە جەهەنەم هەڵدێن و دەچنە ناو کاروانی لاوانی وێڵگەردی کۆمەڵگە! ئیتر بیرای‌بیر قەت سەر بەماڵ و مەدرەسەدا ناکەنەوە، دەکەونە ناو داوو تەڵەگەلێك كە هاوكات لەسەر ڕێگەیاندا بۆیان دانراوە.

گریمان نەکەونە ناو ئەو داو و تەڵەیشەوە، بەهۆی پەروەردەی غەڵەتی دایکوباوك و گوشارێك كە لەسەریانە دەبنە لاوێێکی ڕوگرژ و بێڕەحم، دەست دەدەنە کاریناشایست هەتا لە مرۆڤ کوشتنیش سڵ ناکەنەوە.

ژان پیاژە و پیەرهانری‌و سیمۆن. ئەو دەروونناسە بەناوبانگانە کە مامۆستای دەرونکاوین لە زانستگاکانی فەرانسەدا لە کتێبە ڕەوانشوناسیە بەناوبانگەکەیاندا نوسیویانە و دەڵێن:

ئەگەر زانستێکی نەفرەتەنگێز لەم جیهانەدا دڵ و دەرونی مرۆڤو مرۆڤایەتی ئازار بدات، بێگومان بەدڕەفتاری و دەسدرێژیە بۆسەر مافی منداڵێکی بێتاوانە کە توانای پارێزگاری لە مافی خۆی نیە.

لە شوێنێکیتردا دەڵێن: بە بروای ئێمە نابێ سزای مەرگ تەنیا تایبەتی ئەوکەسەبێ کە بە نەخشە و پلانی لەپیشدا داڕێژراو کەسێکی کوشتووە. بەلکو دەبێ باوکێکیش بگرێتەوە کە بە بەد ڕەفتاری‌و توندوتیژی بۆتە هۆی‌مەرگی منداڵە بێتاوانەکەی.

بەڵێ کاتێك کە ئێمە ئاگاهانە یا نائاگاهانە، بەشێوەی غەڵەت و نارەوا و توندوتیژی، ڕەوانی خاوینی منداڵەکانمان ئاڵۆز دەکەین سەرەنجام هەست و دەرونیان وەك خونچەی‌گوڵێك پەرپەڕ و پەرپوت دەکەین. دەیانکەینە کەسێکی ڕوگرژ، بێڕەحم، هەمیشە هەڵچو، جاتەحویلی کومەڵگایان دەدەین. لەڕاستیدا ئێمە هۆکاری سەرەکی پاڵ پێوەنانی منداڵەکانمانین بۆ ناو گێژاوەی بەد بختی و ڕۆژە ڕەشی و تاوانکاری. کەوایە دەبێ پێش ئەوەی ئەوان بە قولاپی سێدارەدا هەڵاواسرێن پێشەکی ئێمەیش وەك تاوانبارێك سزا درابیێین.

ئەڵبەتە ئەمە بەومانایە نیە لەم پێشداوەریەدا مەیدان بۆ منداڵ چۆڵ کەین، لەبەرانبەر ناسازگاری و پیچەوانەکاری منداڵاندا هیچ پرسینەوە و چارەسەرکاریەك ئەنجام نەدرێت. بەڵکو دەبی بە شێوەیەکی زانستیانە و نەرمونیانی تێکەڵاو هەست و سۆز و خۆشەویستی‌دا، منداڵ محاکەمە بکرێو لەوخیلافکاریانەی لەماڵەوە لەنا خێزاندا و لەقوتابخانە کە لەگەل هاوقوتابیەکانی‌ندا کردویەتی پەشیمان ببێتەوە و بکرێتەوە نەك سزابدرێت.

پێویستە بۆئەوەی تیشکی زانستی زیاترمان خستبێتە سەر باس و لێکۆڵینەوەکە. تا وانەزانرێ گەرەکمانە منداڵان بەو خراپکاری و خیلافکاریەوە کە کردویانە ڕەهایان کەین و پرسیارپێچ و محاکەمە نەکرێن. بەڵکو دەبی شێوەی لێپرسینەوە و مەحکەمەکە وەك خۆراکێکی لەزیزی زانستیانە ئەندیشەی منداڵ وەها تێر و تەسەلکات پڕبەپڕ هەست و خواستی خۆی سواری ماینی مراد بێت و بەغار لەو تۆڕی نەهامەتیەی تێی کەوتوە دوور کەوێتەوە.

پێچەوانەکەشی، ئەگەر منالێك لە بەرانبەر ئەو گەنکاریانەی مەسەلەن دەربارەی هاوقوتابیەکانی کردویەتی و دەیکات بێ لێپرسینەوە دەربازی بەرزی بانان بێ؟ ئاکامەکەی ئەمخاڵانە خوارەوە دەبێت

1 = بە نیسبەت ئەو هاوشاگردانەی کە ئەزیەت و ئازار و ئەهانەتیان پێکراوە زۆر زیانبەخش دەبێت.

2 = ئەو منداڵە توش و شەڕەنگێز و مەزاحمکارە، ئیتر بە خەیاڵی ڕەحەت و ئاسودەوە پەرە بەزیانکاری و بەدڕەفتاریە کانی ئەدات.

3 = لێ پرسینەوە و پرسیار پێچ کردن لەگەڵ تەمێی جەستەیی بەقەد نێوان ئاسمان و زەوی جیاوازی هەیە. ئاساواری تەمێی جەستەیی و تانەو توانج بەمنداڵ، کەرچی شوێنواری دەرەوەی ڕەنگە زۆر زوو خۆش بێتەوە بەڵام برینی دەرونی بەتایبەت ڕەوانی بەسۆ دەمێنیتەوە زۆر دەخایەنێ بەئاسانێ ساڕێژنابێ!

پێویستە ئەو جۆرە منداڵانە ئاکامی کارەکانیان بهێنرێتەوە پێشچاویان و بەزمانێکی زانستیانە و ڕەوانکاویانە وادار بکرین ئاکارە دزێوەکانیان دوپات نەکرێتەوە و تۆوی خوشەویستی و شادمانی و دڵپاکی و هاری‌کاری لە مەدرەسە لەگەڵ مامۆستا و مرەبی و هاو قوتابیەکانیان و لە ماڵەوە لەگەڵ گشت خاوو خێزان بەتایبەت خوشکو براکانیاندا بچێنن.

ئەم خاڵەش زۆر گرینگە و جێگای سەرنجە، کە منداڵان بەتایبەت مێرمنداڵان، پێویستیان بە پشتیوانی و چاودێری دایکوباوکو و کەسانی نزیك و دەورو بەریان هەیە. ئەگەر هەست بەوە بکەن کە لەلایەن دایکوباوکو مامۆستاو مرەبی‌و... بێ‌پشتیوان و بێ‌یار و یاوەرن، ئەوسا هەست بە نائەمنی دەکەن و پێیان وایە لە خۆشە ویستی و مهرەبانی باوك و دایك و مامۆستا مرەبی بێ‌بەشن، بێگومان ئەم "تەسەوراتە" دەبێتە هۆی نابەسامانی و گێژاوەی دەرونی و ڕەوانی بۆمنداڵ.

سەرەنجام، بۆ پێشگرتن بە خراپکاری و خیلافکاری و ڕێنوینی بەرەو شارێگای سەرەتای ژیانێکی‌پاکوخاوێن و بژارکراو کە هیچ جۆرە هەڵاواردن و تەمێو ... تێدا نەبێت. پێویستە ئەمخاڵانەی خوارەوە لەبەر چاو بگیردرێت.

1= کەمندالْ کارێکی ناڕەوا و زیانبەخش لە دەستی ڕو بدات. بەهۆی ئەو هۆکارانەی باسمانکرد نابێ بە هەڵویستی توندو تیژو تەمێ‌ی‌جەستەیی وەلامی بدرێتەوە دەبێ بەوپەڕی کۆششی هێمن و تێکلاوی موحیبەت، لەخەڵوەتدا بیکێشیە ژێر لێپرسینەوە و لێکۆڵینەوە. گەر پێویستیش بێت، تەمێ‌و هەڵپەساردنی لەفزی شەفایی لەپێواری کەس و کارو بەتایبەت هاوشاگردەکانی کرێت. چونکە منداڵێك لەپێشچاوی هاوقوتابیەکانیدا سەرکۆنە بکرێ، تانەو تەشەری لێبدرێ، ئاکامەکەی ڕاست بە پێچەوانەی خواستی دایکوباوکو مامۆستاو مرەبی‌یەکەی دەبێت.

2 =وەك پێشتریش ئیشارەی پێکراوە لێپرسینەوە و هەڵپەساردن تێکەڵ وشەی شیرین و موحیبەتامێز دەبێتە هۆی ئەوە منداڵ هەست دەکات خۆشەویستی دایکوباوکی هێشتا لەکیس نەچوە. خۆشەویستی‌و نازکێشانی بەمەرجی دایکوباوکو مرەبی لە دروستکردنی کەسایەتی‌و پیشگیری لە کردەوەی خراپ و خیلاف منداڵاندا نەخش و نەتیجەیەکی موعجیزەئاسای دەبێت. هەمیشە بینراوە و سەلمێنراوە کە خۆشەویستی‌و لاواندنەوەی دوای لێپرسینەوە و هەڵپەساردنی کاتی تیکەڵاو خۆشەویستی‌یە، کە دەبێتە هۆی کرانەوەی گرێ‌پوچکەی ناو دڵ و دەرون و ڕەوانی. منداڵ هاوکات لەگەڵ گریانی رزگاری‌بەخشی ڕەوانی لەباوشی دایکو باوکیدا توشی ئارامشی پەشیماناوی دەبێت.

3= ئەو مامۆساو مرەبیە خۆشەویستانەی تووشی تەمێ‌کردنی بەدەنی منداڵانی ژێر دەستەڵاتی خۆیان دەبن. دەبێ تێکڕا ئەم نوکتە شیرینە فەرامۆش نەکەن بیکەنە سەرمەشقی کار و کردەوە پیرۆزە کەیان، چونکە ئەوان ئەندازیاری کارخانەی مرۆڤسازین.

درس استاد اگربود زەمزەمە محبتی

جمعە بمکتب اوەرد تفل گریز پائی‌را

وانەی مامۆستا گەر تیکلاوی زەمزەمەوشادی بێت

ڕۆژانی هەینی دێنەوە منداڵانی ترسەنۆکی هەڵاتوو

5 = **منداڵ دەبێ منداڵی بکات**

منداڵ ئەوەندەی نیازمەندی بژیو و نۆشین و پۆشینە، ئەوەندەش پێویستی بە نەوازیشە و ئەوەندەش بە خووخدەی منداڵانەیە. بەپێچەوانەی خواست و ویستی زۆربەی ئەو بنەماڵانەی پێ‌یان وایە منداڵەکانیان هەموو کردار، ڕەفتار و هەڵس و کەوتێکیان بە شێوە و ڕەوشی ماقوڵ و مونەزەم وەك ژنان و پیاوانی جێ‌کەوتە گشت ڕێ‌و ڕەسمێك کە سالارەژنان و گەورەپیاوان ئەنجامی دەدەن ئەوانیش هەر ئەو هەڵس و کەوتە لەخۆیان پیشان بدەن و خۆبنوێنن. بەم خواست و نیەتەوە منداڵەکانیان لە چوارچێوەی ئاداب و رەسم و یاسای (تەعەسوباتی) وشك و ڕەق و تەقی غەڵەتی فیرکردن و بارهێنانی کۆنەپەرستانە دا زیندانی دەکەن.

پێویستە منداڵ بەشێوەیەکی پۆزەتیڤ منداڵی بکات و لەناو دنیای منداڵی‌دا گەشەبکات. منداڵی‌کردن نابێتە کۆسپ بۆ فێربونی ئەدەب و نەزاکەت. منداڵ دەتوانێ هاوکات لەگەل کار و کردەوی منداڵانەی خۆیدا کەموکوڕی نیاز و خۆشەویستی خۆی کەتواناای دەربڕینی نیە، بە لاسایی کردنەوە و کردەوەی منداڵانە خۆی تاقی بکاتەوە، لە گوزاری پڕۆسەیەکدا دەتوانی خۆی بۆ کەسایەتیەکی بەتوانا و سەربەخۆی ئایەندە ئامادە بکات. بەو مەرجەی باوکودایکو مامۆستاو مرەبی‌یەکەیشی هاوکات و پابەپای ئەو لەم یرۆسەیەدا بۆ وەدی‌هاتنی ئاوات و نیازی ڕەنگە سەرکوتکراوی بە هەڵویستگەلێکی سالم و سەحیح، لەبەرانبەر دیاردەگەلێکی کۆمەلایەتی، بەشێوەیەکی شیاو پەروەردەی کەن.

ئەگەر منداڵیکردن ئاوا خۆلاسە کەینەوە کە، منداڵ دەبێ بەشیوەی ئازاد و پۆزەتیڤ و بە(مەرج) لەگەڵ هاو سنوسالانی‌دا هەلس و کەوتێکی باشی هەبێت، لەگەڵ ئەواندا یاری بکات و کونجکاو بێت، ئازادانە و بێترس تەوەهەم بیرو بۆچوونی خۆی دەربڕێت و لەناو قسەو باسەکانی باوکودایکی‌دا بەئەداو ئیتواری منداڵانەی دەخاڵەت بکات، چاوەڕوانیەکی منداڵانەی لە دایك و باوك و دەورو بەری هەبێت، پێ‌بکەنی، بگری، بتۆرێ، ڕك بگرێت، شەیتانی بکات، جێگەی ئەسپابی یاریەکانی‌و نیازمەندیەکانی بە دڵخوازی‌خۆی هەڵبژێرێت. بەداخەوە دەبێ بڵێن دایکوباوك و مرەبی و مامۆستاکان بۆ پێشگرتن بەمجۆرە کارانە، بەشێوەیەکی نادورست وەك پیاهەڵشاخان و تەمێ‌ی جەستەیی‌و زۆر لەمپەری مەحکەم و مەنفی و زیانبار، لە بەرانبەر نیازو ئارەزوی منداڵدا دادەمەزرینن و چاوەڕوانیەکی پیچەوانەی ڕەفتاری منداڵانەیان هەیە. لەڕاستی‌دا ئەمە ستەمێکی گەورەیە دەربارەی منداڵ. گەرچی "مەنتیقی" ئەوان لەسەر ئەم ئەساسە سەقامگیرە، کە ئەگەر منداڵ بەم حاڵەت و ڕەفتارانەوە گەورە ببێت بە شێوەی کەسێکی بی‌تەربیەت، بێ‌پرینسیب بێ‌بەندوبارەوە دەچێتە ناو کۆمەڵگاوە.

لەڕاستی‌دا ئەوەی ئەوان وەك شاهیدی ڕوداوەکان دەیهێننەوە ڕوانگە کەیان وەك مەنتیق دەنوێنی، بەڵام حەقیقەت ئەوە نیە کە دایکوباوکو مرەبی لەڕوانگەی ممەنتیقی فکریەوە وەك بەڵگە دەیهێننەوە. دیارە ئەوە زۆر سروشتیە ئەگەر منداڵێك بە هۆی کردەوەی منداڵانەیەوە، بەتەواوی ئازادبێ کە تەمەنی دەچێتە سەر ئەوسا کۆنترۆڵ نەکرێت، غەریزە وخواست و ئارەزوە کانی بەراوەردە نەکرێ. ئارەزو و غەریزەی سەرکوتکراوی گۆنگ و گوم و نادیار بمێنێتەوە، ئەوسا نەتیجەیەکی زۆر خراپی دەبێ.

دوابەشی ئەم لێکۆڵینەوەیە لە ژمارەی داهاتدا بخوێننەوە.

# فێربوونی:(دار)، به (دار)



مەهاباد قەرەداغی

یەکەم پیت کە فێری بووم پیتی دال بوو، یەکەم وشەش کە فێری بووم وشەی(دار) بوو. بێگومان ئێوەش ، کە لە لەتە کوردستانەکەی مندا چوونەتە بەر خوێندن ، وەکو من یەکەمین ژووانتان لەگەڵ پیت و وشەدا هەر لەگەڵ پیتی دال و وشەی دار بووە.

من لە ئەزموونی دوور دووری خۆمەوە یادگارییەک سەبارەت بەم پیت و وشەیە دەگەڕێمەوە. داوای لێبوردنیشتان لێ دەکەم کە ئەم یادگارییەی لە ئەزموونی خۆمەوە دەیگێڕمەوە، زامی ئێوەش دەکولێنێتەوە . بە تایبەتی ئەوانەتان کە لە هەمان لەتەکوردستانی منەوە فێر بوون و پەروەردەکران.

کە دایکم بۆ تۆمارکردنم لە قوتابخانە دەستی گرتم و بردمی بۆ ئەوێ، هێشتا پێنجەمین بەهاری تەمەنم پڕ نەکردبووەوە. یەکەم ڕۆژی چوونە قوتابخانەم ڕۆژێکی لەبیرنەچووە، لە بەر زۆر هۆ کە ئەوانەم مەبەست نییە بیانگێڕمەوە، بەڵکە مەبەستم باس لە ژووانی خۆمی ئەوسای کە کچێکی چکۆلە بووم ، لەگەڵ (دال) و(دار)دا بکەم.

تا هەر دوو پیتی (دال) و(ئا) فێر بووم و پێکەوە (دا)یان پێک دەهێنا هیچ کێشەیەکی ئەوتۆم نەهاتە ڕێ. ڕۆژی سێیەم کە مامۆستا پیتی(ر)ی فێرکردین و لەگەڵ دوو پیتەکەی تردا وشەی (دار) پێک هات، هەر ئەو ڕۆژەش مامۆستا بە دارەکەی دەستی هەر هەمووومانی دارکاری کرد. لەسەر چی؟!

بەڵێ هەقتانە بپرسن؟!

پەپولەیەکمان، یەکێک لەو بیست و دوو منداڵەی کە من بچوکترینیان بووم و گەورەترینەکەشمان شەش ساڵ بوو، لە جێی خۆی بزوا. ئەو بزواندنە بەس بوو بۆ ئەوەی مامۆستای هێژا بە فرسەتی بزانێ و هەر لەسەرەتاوە لە خۆیمان بتۆقێنێ و بە تۆقاندن عاقڵمان بکات!!!

لەو لاپەڕەدا کە وشەی داری تێدابوو، وێنەیەکی زۆر جوانی درەختێک هەبوو. مەبەست لەو وێنە جوانەی کتێبە نایابەکەی مامۆستا ئیبراهیم باڵدار ئەوە بوو کە ئێمەی منداڵ بزانین مەبەست لە (دار)، درەختە. بەڵام دوای ئەو دارکارییەی کە مامۆستا لەڕۆژی فێربوونی وشەی داردا کردینی، من لە وشەی (دار) وا تێدەگەیشتم کە تەنها مەبەست لە (کوتەک) بێت.

ئەفسووس کە مانای ئەو وشەیە لای من وا چەسپی و تا ماوەیەکی زۆر هەر وام دەزانی وشەی دار مانای ئەو دارەیە کە مامۆستای هێژا پێی ناساندین!

لە پێش منیش و، لە دوای منیش زۆر پۆلەمنداڵی پەپولەئاسا لەگەڵ فێربوونی وشەی دار دا، بە دار ناسێنران و گومانیان لە لا دروست بوو کە وێنەی ئەو درەختەی سەر بەرگی کتێبەکە و ڕووپەلی یەکەمی پەرتوکی کوردی، درەخت بێت. ئەی ئەگەر ئەو (دار)ەی کە فێری بووین هاومانای درەخت بێت، بۆچی مامۆستا شتێکی تری پیشان داین؟! بشێ مەبەستی مامۆستا لەو (دارکاریی بەکۆمەڵ)ە بۆ ڕوونکردنەوە و چەسپینی مانای دار نەبووبێ؟!

ئەم یادگارییە، ئەگەرچی لەبیرم نەچووبووەوە، بەڵام شوێنی ئەو دارەی ئەوسام ، لەم ڕۆژانەدا هاتنەوە ژان،هەویان کردەوە، کە هەواڵێکی پەروەردەییم لە هەفتەنامەی هاوڵاتیدا لەژێر ناوی(مامۆستایەک 30 دار لە قوتابییەک دەدات) ، بینی و ڕایچڵەکاندم !

ببورن، شتێکی تر مابوو بیڵێم. هەر لەگەڵ دەنگی یەکەم پیتیشدا گوێم لە دەنگدانەوەی یەکەم دەستەواژەی نمونەیی مامۆستا هێژاکەم بوو کە وتی: (بە ملی شکاوتان)!، ئەم دەستەواژەیە لەگەڵ هەر پیتێکدا چەند جارێک دووبارە و سێبارە دەبووەوە. هەندێ جاریش بۆ ئەوەی تازەگەری تێدا بکات، دەستەواژەکەی دەستکاری دەکرد و دەیوت:(بە ملی وردتان)!

لەو دەڤەرەدا کە مامۆستا (دارکاری بە کۆمەڵ) بکات، دوژمنیش دەویرێ (کوشتنی بە کۆمەڵ) ئەنجام بدات . ئەو گەلەی بە (دار) پەروەردە دەکرێ ، چێژ لە جوانی (دار)ەکانی سروشت وەرناگرێ. لە قوتابخانەی ئەو کۆمەڵگەیەدا کە کوڕان و کچان دارکاری دەکرێن، ژنانی دەستەمۆ زەلیل و پیاوانی توڕە و زۆردار دێنە بەرهەم و ئەم بەرهەمانەش خۆیان بەرهەم دەهێننەوە! ئەو کۆمەڵگەیەی کە لەسەر(بزوتنێک) منداڵ بتۆقێنێ، هیچ(بزوتنەوە)یەکی پەیامێکی ڕزگاریخوازانە ناکاتە ئامانج!

هەر ئەو پەروەردەیە وا دەکات گەل هێندە دەستەمۆی سەرکردە بێت و، سەرکردەش هێندە گەل فەرامۆش بکات! گەل هێندە سەرکردەی پێ شت بێ و، سەرکردەش هێندە گەلی پێ هیچ بێت!


کێ دەزانێ دەبێ بۆگۆڕینی ئەم دۆخە کاراستئامێزەی پەروەردەی ئێمەی تێدا خنکاوە دەبێ چی بکرێ؟!

کێ دەبێ ئەم دۆخە بگۆڕێ؟!

ئەمە پرسیارێکی کراوەیە و لە هەموومانی دەکەم!

2002-12-13

ستۆکهۆڵم.



## نیگاکانی ئاو .. نیگانی ئازادین

دیمانەیەک لەتەک ئەنوەری ڕەشی عەولای شاعیر

**سازدانی: ئاوات سەعید**

**پ** = توخمی ئاو .. توخمێکی‌شەفافی بوون و ئازادبوونی ڕوانینە، گەڕانەوەیە بۆسەرەتاکانی سەرەتا..ئەو تێڕوانینەچیە کەوای کردوە ئاو_ ئامادەیی هەبێت بەو زۆرییە لە شیعرەکانتا؟

**و** _ نیگاکانی ئاو نیگاکانی ئازادین بۆ من.

جیلوەکانی‌ئاون، دەستی‌ئەندێشەکانم دەگرن بەرەو سەرمەدییەتی سەما.

بێسرەوتنی ئاو.. دەلیلی نەبوونی ماڵێکە بۆسرەوتن. گەشتی‌ئاو بەناوسروشتدا. گەشتی‌ڕۆحی پڕلەماخولانی‌منە بەناو دەقەکاندا. ئیشراقی‌ئاو_بەنامۆییە نائاشناکانم ئاشنا دەکەن.

"ئەوچاوەی ئاوی پێ‌دەبینم هەمانچاوە ئاو لێیەوە دەمبینێ" هەروەك ئەنجیلوس سلسیوس خوای پێ‌دەبینی. وێدەچێ یەکەم فیتنە و تەلیسمی جێ‌پەنجەی‌باران لەوکاتەوە بووبێت، کەمناڵ بوومو.. باراناوی ناوگۆلەکانی نێوان قوتابخانەو ماڵەوە کێشیان دەکردم. لەوێنەی ئاسمانو درەختو خانووەکانی ناوی بەقووڵی‌و سەرسوڕمانەوە ڕادەمام. بەچاوی‌منالڵانەی‌من یەك کەون لەو _ ڕووبەرە چکۆلەیەدا مەلەی‌دەکرد و خۆی مەڵاس دابوو.. منیش بەهەموو حەزێکمەوە گەرەکم بوو خۆم هەڵدەمەناو ئەوقووڵاییە بێ‌بنەوە! کەچی‌لەهەمانکاتدا بەترسیشەوە سەرم شۆڕ دەکردەوە، دەترسام بکەومە ناوی ئیتر کەس نەمبینێتەوە. کێ‌دەزانی.. ئەو گرێ‌و ترس و خۆشیە چەپێنراوانە موتیڤیك نەبن بۆ ئەو لێخورد بوونەوە عاشقانەیەی من لەئاو. گەر (لەناخود ئاگایی فەنانەبێت _فرۆید) ئیتر ترسیش لەپانتاییە نەناسراوو لە دەسچووەکانەوە گەراکانی دەپیتێن. ترس لەوەی لەیاریەکانی‌منالێم نەمناسنەوە.. ترس لەنەکراوەکانی درگاکانی غوربەتی.. ترس لەپەژموردەبونی گوڵستانەکانی‌عیشق! وا هەست دەکەم ژیان مامان و گۆڕهەڵکەنی ئەوترسە کەنیونیا نەبێت، کەهەردەڵێی جاویدانین! جا کەترس.. تەنیایی_گوناه.. مەرگ بێن لەوەشدا چینەولانەبکەن و ماناکانی خۆیان بەدوامانا نیشانی ئێمەبدەن! ئیدی‌ئەرکێك بۆئەدەب پەیدابببێت لەونێوەدا مەحالاتێکە لەنێوان موتەناهی‌و لاصوتەکاندا. بۆ خاتری‌هەڵکۆڵین و دواندنی زیاتر و گۆڕینی موتڵەقیەتیانە بە نیسبەت، ئەمەیش بەپێی بەخشینی وەزیفەی‌تر دەبێت لەسەر وشەکان چونکە (شاعیر لەو جیهانەدا دەژی کە دروستی دەکات _ئەدۆنیس_) ئەمانەش دەبنەباعیسی ئەوەی گەرچی ترس لاڵمان دەکات.. وەلیٚ ئێمە بەگۆڕینی جێگەوڕێگەو ناوەندی ماناکانیان هەرئەو برینانەی‌خۆیان دروستیانکردوە جاریکی‌تر بۆمان تیمار بکەنەوە.

به بارێکی تریشدا وای دەبینم پەیوەندی و پانۆڕامای (باران،باران_من) جاخۆویست یانەویست لەمەملەتەکانی شیعردا لەدوی ئاشتبونەوەیەك بگەڕێتن لەنێوان سروشت و شیعردا! ئەمەش خودبەخود لای‌من دەخوازی هەڵوەدابین بۆ ئاشنابون بە ڕەهەندە نائاشناکانی ئاو. باران کردەیەکە لە نێوان ئاسمان/زەوی نادیار/دیار هەڵکۆلینی رەهەندەکانی باران بردنەوەی منە بۆناو خودیخۆم گەیشتنی چالاکترین سپێرم بۆ حوزوری هێلکە، تروکانی هێلکە و گەورەبوونی ئاودا.

ئیدی‌لەویوە..لەهەموڕاوە_لەهیچڕاوە ئاخاوتنەکان دەسپی‌دەکەن کەپرۆسەی خودنوسینەوەیە، تاکوگەیشتن بەدەق.. (دەقێکی‌ئاوی).

لەنێوان ئەوخودنوسین و خودخویندنەوەدا بەزنجیرەیەك لەدیار/ نادیاردا دەرۆین و لەدواجاردا هاوکێشەکان و کار لێکەکان دەبنە سەرەتای‌نادیارێکی‌تر. کەئەمەش موتیڤیی بەردەوامی و سەرهەلدانی نوسینی‌ترە لەناو نوسیندا و کرانەوەی ترە لەناو کرانەوەی‌تردا.

گەر ئەمانە ئیحابن گوزارشتکردن لەنائارامیە کە نێوینەکان _ئەوا_ لەو سروتەدابیٚ زمانی باران دێتەزمان تلقائیەن تێکەڵ بە ئەندێشەکانی ئێمە دەبن_ واتە_بەئەزمونکردنی دنیای ئەزمون نەکراوەکانی‌باران بەمەش روبەرەکانی_تەخەیول_و ئیختیارە کانیش کارسازیان فراوانتر دەبن و دواجار بە ڕۆح ئیفلیجی‌و غەمساردیەوە لەرۆحی زیندوی باران ناڕوانین و ڕیتم و سەماو ڕەنگەکانیش بەرۆح والایی خۆیان رۆحی‌ئێمەش والاتر دەکەن و بی‌هیچ تەکلیف لەخۆکردنێك ناچۆڕالیانە زمانیان دەپژێ‌و بەزمانی زکماکی خۆیان دەدوێن و هەقاییەت و خەونامەکانیانمان بۆ دەگێڕنەوە.

بەڵێ لەنیوان من .. باران، باران_من بالانس و هارمۆنیەتێکی‌وەها کە منی‌باران و بارانی‌من بەهرەمەندکانی گیانی یەکتر غەریب

نابین، سواربونی کەشتیە ڕەنگاوڕەنگەکانی باران و بەناخودا بونی من بۆ سەفەرنامەکانی ئەویش دەبێتە (ڕێکەوتننامەیەکی ئیستاتیکی) ئەوتۆ کەبەگوێی خۆمان لە گۆرانیو زەمزەمکانی ناخی یەکتردەبێت لەو سەفەرانەدا.

نەك بەئەحکامە پیشوەختەکانی ئایدۆلۆژیا و تەوری کلێشە و برۆکۆستی ئەو لۆجیکانەی دەمانخەنە سەر دیسپلینی قەرەویلە بیڕۆحەکانیان.

گەر ئەم ڕزگاریە بۆباران شیاوبێت ئەوادەکاتە بەکۆنکرێت بوونی ڕزگاریەکانی ئێمەش ئاخربیرمان نەچێت لەنێوان ئەو کارلێکە دەرونیانەی ئاماژەو ئاخاوتن و خەیاڵەسرکەکاندا (من)ی شاعیر بەمانا تازەکان و دروستبونێکی‌تر دروست دەبم.

ئەم دروستبونەش تائەوساتە بەتازە نازدەکرێت کە لەلایەك .. لایەنە دوبارە نەبوەکانی باران بوبێتە ئامانجی خەیاڵ و ڕامان و (دابڕانێکی‌جیدی) لەگوزارشتە وتراوو قبوڵکراوو فۆڕماتیکەکانی پێشو ڕوی‌دابێ‌و (گەیشتن) بەوێنە و گوزارەی تری ئەوها کە خۆیشت دەچیە گەلەریەوە وەك هەرکەسێکی‌تر بەتاسە و ئیشتیاقێکەوە دەڕوانیتە ئەو تەلیسماویانەی باران.

گەر وەسوەسەی (هاوئاهەنگی‌و نا هاەئاهەنگی) لەنێوان جینا لۆجیای من .. باران، باران_من بێتەدەست هەرلەوێدا نەمریەکی وەهمی بۆپرسیارو گومانو سەفەری‌تر دێتە پێشێ.

بەڵێ کەئاو ئەگەرە لاموتەناهیەکانی وجوودیەت و ( جوانیش دەربڕینی عاشقانەی شێوەکانبێت _ سپهری) ئەوائاو یاخود باران: ئەوفرەشێوە بێ‌شێوەیەیە کە نازمان کردبێت ناز نەکراوە جا کە ئاو ئەو تەلیسمە. بێت لەدەریایەوە تەنها بتوانین بگەین بەسەرابی و لە سەرابەکانیەوە بتوانین بیابانە بێسەرحەدەکانی بدوێنین ئیتر چۆن لە دواوێنەی باران دڵنیابم؟ دەشێ هر ئەو گومانە یەك لەدوایەکانە هۆیەکبن بۆوینە لەدوای وینە و خەیاڵ لە دوای خەیاڵ ڕێچکە ببەستن وتێر لەبینینیان نەخۆم! ئیتر باران ئامازەیە و ئامازەی تریشی تیا لەدایك دەبێت. جامنیش منداڵێکی دانەسەکناو لەباخی هەمیشە سەوزی زماندا بۆجوانیو سیحری باران دەگەڕێم. باران مناڵێکەو_بۆئەبەد بەمناڵی دەمێنێتەوە (شاعرئاسا)!.

فرە مەودای من و باران_باران و جیهان_جیهان و من_من وبوون_بوون و باران..جیهان وبوون.. تاد کارلێکیکی هیندە ئاڵۆزو بەبەهات پێکدەهێنن کە تیایدا نامۆدەبم.. نامۆبونێی شیرین و بە بەرەکەت! ئا بۆمن شیعر خۆنامۆکردنە، هەم خۆدۆزینەوەیە. خۆشاردنەوەیە هەم کەشفکردنە.

ئەم گەمە و سەما سرکانەش جێگیرنین تا دوامۆریان لێبدەین و لە ماڵی تەعریفێکدا جێ‌گیریان بکەین.

گەر شیعر کەوتە ناو ئەو ڕاوگەیەوە (مصیادە) ئەوا گەمەو سەماکان تەزیون و جوڵەیان جوڵەی ڕاستەقینەی رۆحێکی ئازادو سەرفەرازبونین.

ئەو بێجوڵەیەیش مەرگی ئەندێشەکانە!

ئا بیرم نەچێت ئەو یەکتر دواندن و هێنانە قسەیەی نێوان من و باران شتنەوەی وێنە نەشوۆرراوەکانی ناخی یەکتریشە و بە پێویست دەڕژێنە ناو دەهالیزەکانی دەرونی یەکترەوە، بەزمانێکی‌تر جارێك خۆی پاکدەکاتەوە (تەتهیر) لەبەرمن و جارێك منپاکدەکاتەوە لەبەرخۆی. ئەمڕێکەوتنە پڕ ئاڵوگۆڕو جیاوازیەش مەرجێك بۆ زامنکردن و بوژاندنەوەی(دیالیکتیکێکی مانا).

باران نەوتراوەکانی من دەڵێت و منیش نەوتراوەکانی ئەو. ئەو جارێك سێبەری ڕۆحی منەو جارێك من سێبەری ڕۆحی ئەوم ئاخر ئەمجوانیە پڕناشیرینیە و ئەم ناشیرینیە پڕجوانیەی دواندن و هەقایەتەکان و تەواو نەبونیان دەستەبەرکەری دریژکردنەوەی زیندەگانیە لە بەردەم شەهریاری مەرگدا! جا کەئاو دایکوباوکو فرزەندی وجودبێت،بۆهەرجێیەك بچین لەگەڵماندایەو لەناوماندایە و ناتوانین بێخەینەناو سەجەرەی نەبونەوە، بگرە بکەینە جیلوەگای نەبونیەکانیشیەوە! جاوەرە واز لەشتێك بێنە خۆی دایکی شێوەکان بێت.

ئەوەیش ئاشوبێکی شادی‌هێنەر و دڵنشینە وانیە.

**پ _** (لەنێوان کەوتنە خوارەوەی گەڵایەك و لقی درەختێك، بیابانێك هەیە) کۆپلەیەکی چڕە لەشیعرەکانتا، قسەکەم ئەوەیە زەمەنی پێوانی شاعیر جیایە لەزەمەنی پێوانی ئاسایی! کەواتە شیعر نوسین کردەی هەوڵدانە بۆ دروستکردنی جیهانێکی‌تر، دیارە بە تێ‌ڕوانینی شاعیر جوانترە لە جیهانی ئێستای.

**و _** ئەڵبەت ئەو مەنزڵە بێ‌مەنزڵەی کە شاعیر گەرەکیە تیایدا بسەکنێت یۆتۆپیایە! یۆتۆپیاش .. تەلاقی‌خۆی وەرگرتوە لەو تەعریفاتە واقیعییەی کەدراوە بە (شوێن و زەمەن) ئەو واقیعە جاڕسکەرەی کە هەرخۆی دنە دەری‌شاعیر بووە بۆئەودنیا بی‌سەر و شوێنە! جا کە ئەو واقیعە لەناو خۆیدا دەمکوتی کردبێ.. ئەوا لە یۆتۆپیاکەیدا دێتەدەنگ و هەمو ئەو ڕەگەزانەی ئیشیان تێدا دەکات دەمامکی گۆڤەندی ناو ئەو یۆتۆپیایە دەپۆشن. زمانی.. لیکدانەوەی هەنگاوی گشتی جیان! کەوابێ مەرجێکی گرینگی چونەناو یۆتۆپیا جیاییە..!جا بۆئەوەی ئەم جیاییە بەهەست و پێستەوە لەمانا فۆڕمالیتەکانی جیاببێتەوە، دەشی دەستەڵاتی خۆی‌هەبێت و بەو دەستەڵاتە کاربکات و لۆجیکی گشت شتەکان هەڵوەشێنێتەوە! بەنالۆجیکیەتی شتەکان لۆجیکێکیتر بەپێوانەی یۆتۆپیاکە دروست بکاتەوە _واتە_ داڕمانی لۆجیکی دەرەوە (کەنالۆجیکیە بۆشاعیر) بیناکردنی نالۆجیکیەتێکیتر لە ناوەوەڕا کەلۆجیکی یۆتۆپیایەو، نالۆجیکیە بۆ واقیعی دەرەوەی خۆی!

بەڵێ هەمو ئەو لۆجیکانەی کەشاعیر دەیهێنێتە گۆڕێ ناویان لێدەنێت و ئیشیان پێدەکات گشتی ئەفسانەیین چونکە لەدایکبوی جێگەیەکن کەخۆێنیە ئەفسانەییە! لەکاتێگدا (ئەفسانەش زەرورە بۆتەواوکردنی کەم و کوڕیەکانی واقیع _لیڤی شتراوس)

هەربەم دەستەواژەینوێو ڕەنگاڵەییەتی ئیعلامی گشت جیاوازیە نامەئلوفەکانی دەکات لەبەرانبەر مەئلوفیەتی واقیعە تەقلیدیەکەداو لەو پرسیارانەی لێدەکات کە **رێبین هەردی** دەڵێت: لەجەوهەردا پرسیار بریتیە لە گێڕانەوەی ناکۆکی بۆجێگایەك کەخۆی بێ ناکۆکی دەبینێ)!

کە وابێ هەر لەیۆتۆپیاکانەوە ڕوبەڕوی ئەو واقیعە کەخۆی بێناکۆکی دەبینێ.

ئایدۆلۆژیایێ ئەو واقیعە کۆنسێرڤەتیڤ و پاسیڤە یۆتۆپیا ئافەریدە ساز و بێسرەوتە.

ئەو ئیدۆلۆژیایەی ئاسۆییانەو ڕاگوزەرانە لەڕوی دەرەوەی شتەکان دەدوێت بەخزمەتی خۆی. یۆتۆپیاشاقوڵیانەو فرە مەودا ناوێناوەوەی شتەکان دەهێنێتەگۆ بۆخزمەتی ئەوشتەی خۆی، کەئەمەش لەوێوە ڕاگەیشتنیشە بەخۆیشی.

ئەو واقیعە فریودەرەی بەبیانوی سەرگەرمی بەمێژووە قەبەکانەوە ...وردەمێژوەکانی فڕێداوەتە دەرەوە! لەڕاستیدا بەلایمنەوە شتێك نیە گەورەوبچوکبێت ئەوەدسەڵاتی_بینین_ەکانە گەورەو بچوکی بەدیاردەکان دەبەخشن و دەسەپێنن. ئەگەینا هەمو دیاردەیەك لەخودیخۆیدا (نیسبیەتی) گەورەو بچوکی لە خۆیدا هەڵگرتوە! گەر بەراوردکاری حوکمی قۆناغیش ئەفزەلیەتێکی ئەبەدی فەرزبکات و بەباڵای دیاردەیەکیدا داپۆشێت. لەوکاتەدا ناتوانین گشت ڕەهەندەکان ناز بکەین و شیتەڵ بکەینەوە و بکەوینە دیالۆگ لەگەڵیدا ئەو دەمە دەتوانین لەو میانەدا:

هیچ چاوێعاشقانە نەیڕوانیە زەوی هیچ کەس بە بینینی پەنجەرەیەك شەیدا نەبو هیچ کەس قەلەباچکەیەکی بە سەر کێڵگەوە بەجیدی وەرنەگرت) سهرابی سپهری

لەڕاستیدا ناتوانم گومان نەکەم لەدڵسۆزی ئەوەی فریوم دەدات بەدارستانێك و کەچی روداوەکانی ناو دارستان نابینێوشەیدای نابێو بەجیدی وەرێناگرێ.

(مەگەر چکۆلەترین ورتکەی_زەڕە_ ئەمجیهانە، دنیایەکی بێکۆتایی نیە؟ _ نیتشە).

بۆزەمەنی ئەفسانەییش، نمونەیەکی زیندوت بۆدێنمەوە لە T.Vدا کەچەند دیمەنێکی ڕوەکی پیشاندایەوە کە لەناخی سڕکراوی هەر بنیادەمێکیاندا دەیان شانامەی بەیان نەکراو هەبو_بەڵام ئەوەی جێی سەرنج بوو هەڵبڕینی منالێك بوو بەدستی کەسێکەوە کە دەیویست بیداتەدەست دایکەکەی لەلۆریەکدا بوو ڕێی دەکرد.

لەنێوان دایکو منداڵەکەدا 50 سانتیمەترێك نێوانیان بوو بەپێوانی زەمەنیش هەر زۆرکورت ماوەبوو بەڵام بۆمن ئەو دیمەنە نەمەسافەکەی نەزەمەنەکەی هێندە کورت نەبوو بەڵکە بیابان و زەمەنێکی ئەفسانەیی لاموتەناهی بوو لە (مەحاڵ)!

مەحاڵی نێوان گەیشتن و نەگەیشتن.. خورپەی دابڕان.. ونبوون.. نەبینینەوە..تەنهابوون_ترسبەندیدڵپچران..جەرگ هەڵقرچان و _لەدایکبونی تراژدیاکان_و..تاد!

تەماهیبون لەگەڵ ئەوحاڵەتە پڕمەحاڵانەدایە شاعیر لە سیاسی و ژوڕناڵیست و شۆڕشگێڕ و خەڵکانیتر جیادەکاتەوە!.

شیعریش بێئەو ئەفسانانەی کە سازیاندەکات، سازگاریەکانی دەمرێت. چونکە شیعر بۆخۆی جۆرێکە لەئەفسانە. شاعیریش دێوانەی ناو ئەو مەملەکەتەیەو (دێوانەیش نەحەقیقەتی تیا پایەدارە و نە دڵنیایی_نیتشە_) ئالەوێوە بەربوونەوە و لێکدابڕانی گەڵا و لق بۆمن ماناداره و جێیبینینە چونکەنابینرێ. چونکە مەحاڵە، چارەی مەحاڵیش هەر مەحاڵە خۆیەتی!!) ئەمەیە ڕاهێنانی ڕۆح بۆئیشکگری و مانەوە بەدیار غەمیهەناسەی لانەوازێکەوە! لەدەرگادانی ئەودرگایانەی کە چاوەڕێی لێدانن! ئەو_با_یەی پێویستی بەهاودەمێك هەیە لەشەوێکدا لەگەڵیدابێو گوێی لەقسەکانیبێت لەمەنفایەکی ئازاددا! چیتر من ناتوانم (گەرکەمیش بێت) متمانە بەئیحساسی ئەوکەسەنەکەم کە گرینگی بەبرینی سەگێکی نەناس دەدات! لەغەمی ئازادبونی پشیلەیەکدایە کەگۆشتەکەی ماڵیخۆیانی خواردوە. گەرچی ئەمانە عاتیفەی ڕووت دیارن وەلێ مەرجگەلێکی بێمەرجن بۆ ناسینەوەی ئینتیفای ئەوکەسە وەك لێپرسراویەتی و ئەخلاق. ئاخر چۆن هەست بەبێگوناهی ئەوکەسانە نەکەم کە هەست بە گوناە دەکەن لەبەرانبەر شتەکانیتردا و تەنانەت گوێیان لە (دەنگی پێی ئاوە_ سهرابی سپهری).


**چاوەڕوانی دوابەشی ئەم ئەدەبیاتەی ئەنوەری ڕەشی عەولابن**

گەرچی چەن دۆست و هاوکاری نزیکم ڕازی نەبون ئەم ئەدەبیاتە لەم گۆڤارەدا بڵاوکەینەوە پێیان وابو ئەم ئەدەبیاتە زۆر ئاڵۆزە بۆ ئەم گۆڤارە نابێ، بەڵام من بە حەقی خۆمم زانی وەك سەرنوسەری ئەم گۆڤارە بڵاویکەمەوە من پێموایە شیکردنەوە و تێگەیشتنیش لە ئەدەبی قورس و ئاڵۆزیش هونەرە و بڕێك ماندوبونی پێویستە هەرکەسیش ڕەخنەی لەسەر بنووسێ من و ئەنوەر هەردوکمان پێشەکی و پڕ بە دڵ سوپاسی دەکەین.

**عەلی کیتابی** 2003 ،10،10

# چمکێکی چکۆله له ڕۆمانی سارا!

## بەشی شەشەم



نووسینی عەلی کیتابی

زۆرباشە کوڕەشیرینەکەم، قەیناکا ئەگەر چەند ڕۆژێکیش لەماڵ خاڵۆ ڕەمزان وەمێنیت لەمنەوە وەسیەتبیبۆت، ئامان سەد ئامان له قسەو ڕاوتەگبیری مام ڕەمەزان دەرنەچی، نەکەیٚبەتەنیا لەگوندی میشیاو بچیە دەرەوە خەتەرە ها؟ وەك تویسی پاکت دەکەن!

ئەحمەد هەستایە سەرپێ دەستی مام دەروێشی ماچ کرد و سەرەو ژوور بەرەو گوندی میشیاو هەڵکشا. کە لەدەراوی نەرمەلاس تێپەری گەیشتە دەراوی وزمان پەنای زیارەتەلانەکەی حسێن شەهید، شلێپەشلێپی ناو شەتاوەکە سەرنجی ڕاکێشا. ئەو کە کوڕی چوار فەسڵ و کەژو کێوە دەبینێ قوڵاخەو گۆلاوەکان پڕن لەو زەردەماسیانەی شەو بە ڕێواساودا هەڵیانکردوە بەیانی بەر لەوەی بگەڕێنەوە نا چۆمی شەیان و میشیاو پووش و پەلاش لێیان بۆتە ماشەی شووەمیسورشتی! ناتوانن خۆیان ڕزگار کەن و بگەڕێنەوە ناوچۆمەکە. قۆڵیلێهەڵدەماڵێ دەپازدەیەکیان لێ جیا دەکاتەوە. قەڵەمبڕێکی چکۆلە کەبەدیاری بۆیەخەی دایکی کڕیبوو، خێرا لێیدەخاتەکار سکیان هەڵدەدڕێ و بەتوڵێکیانەوە دەکات. پلوپووشی گۆملاتکەکە ڕا ئەدات پاشماوەی ماسیەکان لەماشەی سورشتی ڕزار دەکا و بەجێیان دێڵێ.

هێشتا هەتاو بەرزە دەگاتە داوێن ماڵەکانی گوندیمیشیاو. لەگەڵ دەگاتە بەر دەرکی یەکەمین ماڵ و سۆراخی ماڵی مام ڕەمەزان دەگرێ، ژنێکی جوان و جەحێل بەکوڕە کۆرپەی باوەش و ڕووی خۆشیەوە بەپیریەوە دێت و دەڵێ:
برا شیرینەکەم هەر ئەمەیە ماڵ و خێزانی مام ڕەمەزان.

_ دەی دادەگیان ئەم جەلەماسیەم لێ ناگری؟

_ دەك بەسەدەقەی سەرتبم، خۆزیا هەمیشە میوانی وەکووتۆ ئاوا بە ڕسق و خێرو بێرەوە بەنەسیبی هەموو کەس وکارو هاوسێو دراوسێکانم بوایەت.

ئەحمەد بە زەردەخەنەی شیرینی هەمیشەیی سەر لێویەوە دەڵێ:

_ جا ئەگەر ڕسق و ڕۆزیم پێنەبوایە ئاوا بەپیرمەوە نەدەهاتی؟

عەجەب دیمەنێکی سورشتیە لە کاتێکدا ژنەی ژیرو ژۆڵ، دەمێکە دوگمەی یەخەیترازاوە مەمکی سپی و سۆڵی لەناو زاری کۆرپە کوڕی بەرخۆلە ئاسایخۆی ناوە، منداڵیخرپنە بە مڵچەملچ و گروگاڵەوە، بە جەستەو دەم و دەستە چکۆلەکانیەوە لەناو هەست و سۆزو سینگو مەمکی بەهەشت ئاسای دایکی دڵسۆزی خۆیدایە. هەردەڵێی فریشتەی بەهەشتە و لەناو مالوحاڵی مام ڕەمەزان دایە.

ئێستا میوان لە بەرهەیواندا دانیشتووە خانەخوێ بەو پەری ڕێزو حورمەتەوە کاسەیەك ئاو و دۆی خەست و خۆڵی بۆ دێنێ و دەڵێ:

بەقوربانتبم: برا و میوانە ئازیزو خۆشەویستەکەم یاخوا بەخێر بێت پاو پێلاوت بەسەر هەردو چاوم، لەکوێوە و بۆکوێ تەشریف دەبەی، تۆخوا هەواڵێکی ماڵی باوکم نازانی لەگوندی(مله).

پاش پرسیارەکەی هەڵوێستەیەکی بۆ دەکات و دەڵێ:بە سەدەقەتبم لە پرسیارەکەم نیگەران مەبە، بەرلەوەی خان بنێرێ بە دواتا، با بتناسم و بڵێم خزمی خۆمانە. ئەحمەد مۆجیاری چەن سەعاتێ لەمەوپێی مام دەروێشی دێتەوە هۆش و دەڵێ:

=دایك و خوشکەکەم من ناوم ئەحمەدی ئاغەجانە و خەڵکی گوندی سوننەتەم، خاڵۆ نادر، خاڵۆ حسێن و خاڵۆ ڕەشی منیان ڕێنوێنی کردوە خۆمتان پێ بناسێنم. خانەخوێ لەخۆشیان وەك گوڵ دەگەشێتەوە و دەڵێ:
بێگومان تۆ ئەو کاکەحەمەدەی پایزی ڕابوردو لەگەڵ کاکە ڕەشیم دا بۆ کاسبی زستانە بۆ گەرمێن چووی؟ ئۆی بەقوربانت بم بەخوا کاکە ڕەشیم کە پارەکە پایز لە پینجوێن گەڕایەوە، باشبو بارانی پەڵەی پایزی دووشەو ڕۆژ پیچایەوە دەمێك بو نەمان دیبو باشبو بە هۆی تەڕو توشیەوە تامەزرۆمان لێك شکا. کاکە ڕەشیم هێندە تاریفی تۆی بۆ کردوین ڕەمەزانی مێردم لەسەر ئەو تاریفە چاوە ڕوانی هاتنەوەی تۆیە چونکە بڕیاریان دابو کە تۆ هاتییەوە پیاوە کەمان لەگەڵ تۆ سەفەرێکی گوندی ماسیەر بکات. خۆ بەداخەوە لەوساوە ئاشهارەکانی دەورە قەلا و شوانەکەی سیرسان کوژراون، کەسمان ناتوانین بەئاشکرا وەکو جاران ئەمدیوەو دیوی کەلی ناوخوان بکەین.

لەکاتێکدا میوان و خانەخوێ سەرگەرمی باس و خواس بون لەناکاو تفەنچیەکی حەمەسدیقخان خۆی کردە ماڵا و وتی:

– ئەری کچێ مەلەك؟ ئەو میوانەتان لە کوێوە هاتووە، خەڵکی کوێیە و بۆ کوێ دەچێ و چی پێیە؟

= کاکە مەجی گیان خزمی خۆمان، برای ژنەکەی کاك نادری ئامۆزامە لەماسیەریشێخ، ناوی ئەحمەدە کوری مام ئاغەجانە لە گوندی سوننەتە. پایزی ڕابوردو لەگەڵ کاکە ڕەشیم هات چوو بۆ شارەزور بۆ کاسبی ئێستا بەخێر دەرواتەوە بۆماڵی خۆیان.

= چی پێیە و چی بۆ هێناوین؟

مەجی ئاخە، دوای ئەوە سەراپای ئەحمەد چاوئاژن دەکات بێپرس و مەسڵەحەت دەست دەداتە بوخچەکەی ئەحمەد و دەڵێ:

= کاکەگیان هەستە با پێکەوە تا خزمەت حەمەسدیقخان بچین، بەلاّم ڕۆڵەگیان مەترسە، خان خۆی بە دوربین چاوی لێت بووە کە هاتویتە ناودێ. بۆیە منی ناردووە بەدواتا.

کۆشکی خان جیاوازە لە خانووبەرەی کویخا و نۆکەرو دەست و پێوەندەکانی. خان لەدیوەخان دانیشتووە، دەیان چەکدار دەستەونەزەر وەستاون. ئەحمەد زۆر خوینساردانە سلاوێك ئاراستەی خان و نۆکەرەکانی دەکات. خان سەرنجێکی ئەحمەد دەدا ە دەڵێ: عەلێکەسەلام، کوڕە تۆخەڵکی کوێی و لە کوێوە دێی؟

ئەحمەد بێپەروا لە سەلکی سێرەوە تا قنچکی پێواز، وەزعی ژیانی خۆی بۆ خان دەگێڕێتەوە.

خان دیسان سەرلەنوێ سەرنج دەداتە قەد و قەوارەی، بەچاو گژگیانی دەپشکنێو دەڵێ:

= مەجی بزانە چی لەو بوخچەدایە.

مەجی ئاخە گەورە نۆکەر و جێگای متمانەی خان. بوخچەکەی ئەحمەد لەپێشچاو خاندا دەکاتەوە. بەعام دەیٚبینن، دەستێك جلی ژنانەی تێدایە مەگەر خاتومەلەکی دایکی حەمەسدیقخان لەبەری کردبێت. خان دەڵێ:
ئەرێ کوڕە تۆ ئەم جل و پێڵاوە شارستانیت بۆکێیە؟ کوابەکاری کوندنشینی گۆرانەدێی سەننەتە و دەورووبەر دێت؟ مەجیئاخە خۆلەقسەکان هەڵدەفوڵتێنی و دەڵێ:

= قوربان ئەم کوڕە زۆر ژیرە، بەخوا بێت و نەبێت ئەم جلانەی بۆ دایە مەلەکی دایکت هێناوە، ئەحمەد بێ ڕودەربایسی دەڵێ:

= عەرزی خان بکەم. من لەم دنیا پان و بەرینەدا تەنیا پیرەدایکێکم هەیە بە تەشی ڕێسی شیاکەپێژی چەنیای چەنساڵ باوکی نەخۆش و (سیلاوی)می لە پاچکە کورسیەکەیدا بەخێو کردوەز هەروەها پاش مەرگی باوکم منیشی بە

هەتیوی و ڕۆژەڕەشی بەخێو کردووە. پەنجاساڵە بەجلك و پێڵاوی کۆن و کونکون و پارەو پورە ژیان دەباتەسەر. گەرەکمە ئەگەر بۆماوەیەکی کورتیش بووە، با بەم جلەجوانانەوە بیبینم.. چونکە ئەو بەڕەنجی شان و شەپیلکی دەورانی پیری منی پەروەردە کردوە و کردومیەتە، ئەم ئەم پیاوە.

خان کە سەرنج دەداتەوە هەیکەلی جوان و شیرین و شیکپۆشی ئەحمەد و لەڕواڵەتی خۆی و براو بنەماڵەکەی دەفکرێ. لەدەرونەوە زۆر بەخیلی بە ئەحمەد دەبات. ئەمجارە بەخواست و موحیبەتێکی خانانەوە و لەکانگای دلیەوە دەڵێ:

کوڕە شیرینەکەم ؟ پێم حەیفە تۆ بژیتەوە ناو ئەو گۆرانە دێیانە و گولوگۆران چێو بکەنەناوبارتدا. ئەگور خۆت پێتخۆشبێ و ماڵی نادری حەمەی لالە، لەگوندی ماسیەر خزمتبن، ئەوامن ئەم تفەنگ و ستارخانیەی خۆمت خەڵات دەکەم لەشانیکە هیچ جیاوازیەکت لە خولەی برام و ئەم پیاوانەم نابێت. دەنێرم دایکیشت بێنن. حەیف نیە بۆتۆ شوان و گاوانی گل و گۆران و بۆیاخچ سەرشەقامی شارەکانبی و قوندەرەی هەتیوە لوسکە و سەر رووت و سەرسەری سلێمانی و هەندەران بکەیت؟ وەرە کوڕم دانیشە. ئادەی چای بۆبێنن.

ئەحمەد کە خۆی بەدانیشتوویی لە بەرابەر خان و مەجی ئاخە و دەیان چەکداری بە پێوە و دەستەو نەزەر بینی. تێگەیشت خان چ سابوونێکی بەۆنخۆش لەبن لاقی دەسوێ و دەیهەوی لە داهاتودا چی بۆ بکات و چی پێ بکات!

پاش خوارنەوەی چای و هەڵوێستەیەکی چارەکە سەعاتی دەڵێ:

= دەبێ بڕێك چاوە ڕوانی قسمەت و نەسیب بم بزانم بەرەو کوێم دەبات. پێمخۆشە بەڵام ئەگەر ئەو شانسەم نەبوو نابێ گلەییم لێ بفەرموی.

= زۆرباشە کوڕم هەرجۆرێکت پێخۆشە مادام خزمی ماڵی مام ڕەمەزان و مام نادری، دەڵێم پیاوەکان ئاگایان لێت بێ ئاگادارتبن.

\+ + +

کە ئیوارە درەنگانێك مام ڕەمەزان بە جوتێك کاجوتی شەشدانگەوە هاتەوە مەلەکی خێزانی گشت ناجەرای ئەحمەد دیواخانی خانی لەزمانی خۆیو ئەحمەدەوە بۆ گێڕایەوە. مام ڕەمەزان وەك گەڵ کەشایەوە و ناەچاوی ئەحمەدی ماچ کرد و وتی:

ئافەرم کوڕم: قەت هەوای تفەنگچیەتی و پیاو کوشتن و تاڵان و گەردەنە گرتن و ڕاو ڕوتت نەکەوێتە مێشکەوە. ئافەرم هەزار ئافەرم بۆ وەڵامێك بە حەمەسەدیقخانت داوەتەوە. نە جوابت کردوەو نە چاوەڕوان.

پاش شامخواردن و پرس و جۆو یەکتر ناساندن. مەلەك دەڵێ:

= پیاوەکە بەخوا تەنیا بەشی دوهەویر ئارد لە کەنوەکەمانداماوە، بۆ لەگەڵ کاکەحمەدا ناچی بەشکەم باریك ئارد لەمال کاکە نادرم بێنی؟

=وەڵاهی ئافرەت خۆ خراپیش ناڵێیت ئەی جووتەکە کێبیکاتن بەهار وەکو فرۆیە تا لائەکەیتەوە تەواو دەبێت.

= دەی خۆدەبێ ئەحە بەڵکیس و عەبەی ئەولفەتاح وەك هەموو ساڵێك دێبەرە کانیان بەجوتە گاکانی خۆمان بکێلن. خۆ جگە لە تۆ هیچ کەس لەبەر نۆکەری خان و سێبەری بەرهەیوانی باڵاخانەی خان و پاشخوانخواردنی دیواخان. نایانەوێو نایانپەرژێ خەریکی کاری کشت وکاڵێبن، ماڵ و منداڵیان لە ڕەنجی شان و بەروبومی باخ و بێستانێخۆیان خەنی کەن. مام ڕەمەزان دوڵێ:

= دەباشە مەلەك گیان وەك شێرەژن ئەمشەو مەخەوە بڕك کولێرە ناسکە یان برساق مان، بۆ دروستکە نان و قەن و چاییمان بۆ تێنی هەر پارشێو دەکەوینە ڕێ ، چونکە دەبێ بە تاریکی لە پردی خەرپوڵی بپەڕینەوە بۆی دەربازبین ئیتر بە ڕۆژی ڕوناك دەتوانین لە "بیئەلك" و کویستانی سیفەسور بەو دیودا خۆمان بەسەر دایەخلێل شۆڕ کەینەوە. مەگەر منداڵ و مەزنی کوێستانی کەر، دەنا کەسنامان بینی خۆمان دەکەینە ناو موچەو مەزرای ماڵیمام دادردا.

مام ڕەمزان و ئەحمەد کڕی خەون. مەلەك پیش پارشیو تۆشەو تەلانەی سەفەری مێرد و میوانەکەی ئامادە دە دەکات، جا بەسپایی بەخەبەریان دێنێ و دەڵێ:

= هەستن با بتوانن بەتاریکی لە پردی خەرپوڵی تێپەربن و بەمەرامتان بگەن هەمو شتیکی پێویستی سەفەرم بۆ ئامادەکردون.

تازە تیشکی هەتاو بەسەر لوتکەی کێوی خەسرەوخاندا بەسەر پانتاوی سیامەردا خوشیوەتە ناە شادۆڵی "بیئەلك" ئەحمەد و مام ڕەمەزان لە کەوانەی گوندی وەشە دەرە دواوانی سیامەر و سوڵتان تێپەڕیون و گەیشتونەتە سەر کانی و ئەستێرەکەی "بیئەلك" تا ئەحماد ئاورێکی بۆ دەکاتەوە و کتریك چای تازە دەم ئامادە دەکات مام ڕەمەزانیش خولێکی باش بەناە (ویلنگە)جاڕەکانی پانتایی سوڵتاندا بەرچاکێکی باش قارچك دەچنێتەوە. دێتەوە پەنای ئەحمەد و دەڵێ:

= بەخوا حەیفە و حەرامە، ئەم کارگی کەماو وێلنگەی سوڵتانە لە پەنای پۆلوی مازواردا نەبرژێنرێت.

کۆمەڵێك کارگیان بەچەقۆ قنچك بڕی و بە ڕۆنەکەرە ناو پەڕەکانیان چەورکرد، نایانە سەر سکلی گاگەمە و داربی. دیمەنێك لە تیشکی هەتاوی تازە لەکەل هەڵاتوی لوتکەی شاخی خەسرەوخان و چای تازە دەم و برساق و کولێرە ناسکەی بەدەست و پەنجەی مەلەك پێژراو، کارگی ناوپەڕە بە کەرە چەور کراوو برژاو، بۆ پیاوو لاەی بیڕیاو غەل و غەشی سەربەست و ئازاد، نەسیمی بۆنخۆشی عەتراوی هەزاران جۆر کوڵ گژوگیای بەهاری کویستانی کوردستان ئایا نمونەی حەیو حازری ئەو بەهەشتە خەیاڵیەنیە کە کەشیش و

شیخ و مەلا و ... دەرخواردی دەرویش سۆفیلکەی ساویلکە و ... دراوە و دەدرێ؟؟!!

پاش پشویەکی باش و نان و چایی خواردن مام ڕەمەزان سەر خەویکی باشی بۆ دەشکینێ، جا هەڵدەستن وردو وردە بەپانتایی سوڵتاندا بەرو کویستانی سێفەسور و لووتکەی بەردی براین بۆی

بۆی هەڵدەکشێن. کەدەگەنە بەرزایی و ناەملاننی نێوان قامیشەڵە و حاجیمامەدانز قریشکەی کچەعازەب بەتەموو بەرزاییەکانی بەردی برایمەوە کو وەك خاسەکەو دەقاسپێنن مام ڕەمەزان هەڵویستەیەکی

بۆ دەکات و دەستێ بە سەرشانی ئەحمەدا دەدات و دوڵێ:

= خۆ ناشی تۆ کە ژیانت لەگەڵ شوانی مەڕ و بێرگەو بێرگەوانان و کویستانی کەراندا تا ئێرە هێنابێ و گۆرانی و شمشاڵ ژەندن فێر نەکردبێتی.

ئایا بۆ کەڵەشێر و باڕە کەڵەشێرێك لەم چیاو چۆڵەوانیەدا پۆلێك مریشك و باڕۆکە بەسەریاندا بگارکێنن و بخوینن بەڵام کەڵەشێری قەیرە و باڕکەڵەشێری قەوی و قەلەو نەجیقپنن و جوابیان نەدەمەوە عەیب و عار و سەرشۆڕی نیە؟؟

ئەحمەد پەلاماریدا خێرا بەوەشێك قالاقنگی هەڵکیشا بردیە سەر کلیلە بەفرەکە داینا و بەمام رەمەزانی وت:

= جا ئێستا لەتۆ خۆ پیشاندان و کارگ چنینەوە و لومنیش وەڵام دانەوەی ئە پۆلە کچەعازەبانە، گوێگرەو بزانە هەر ئێستاکە وەك مریدانی حەزرەتی شێخ کەریمی کڕبچنە چۆن هەمویانت بۆ کەمەنکێش دەکەم.

که دەست دەنێتە بناگوێی لەو مەقام و گۆرانیانەی تازە لە سلێمانی (تەصنیف) کراون و ئەمیش بەدیاری بۆ کچان و کورانی سونەتەو دەوروبەری هێناوە. بە هەموو هێزی تێ‌دەچریکێنی.

سەبری تۆهەستە بەیانە * درەنگە بۆ خوستەخانە
خستە هەموی پەرێشانە * تیماریانکە بەو پەنجانە
ئەمان ئامان ئەی سەبریە * ئاگات لە حاڵی من نیە
سەبری بوکی مامە ساڵە * گەردنی دەڵێی شمشاڵە
من حالم لە بۆی بێحاڵە * تەشریف بێنەئەم بەرماڵە
ئەمان ئامان ئەی‌سەبریە * دەنا لۆلۆ هەی بەدریە
سەبری بە چاوی مەستەوە * شووشە شەراب بەدەستەوە
ڕێی لە ڕێبواران بەستەوە * ئەمان ئامان ئەی سەبریە

پۆلەکچانی کویستانی کەر، سەرەتا کشو مات و گوێدێرو بێدنگ دەڵێی پۆلە کەوە هاژەی شاباڵی بازیان بەسەر خۆیانەوە هەست پێ‌کردوە.

پاش خۆماتکردن و هەڵوێستەیەکی چەند چرکەیی بۆیان دەر دەکەوی کاکەی لاو بۆیە باوشە قاڵقنگی لەسەر کلیلە بەفرەکە داناوە و لەسەری ڕۆنیشتوە و بە هەموو هێزی تێ‌دەچریکێنی! تا پۆلەکچانی کویستانی‌کەر بەباشی دەنگوڕەنگی ببینن و ببیستن.

ئەمجار کچگەل خرۆشان سەرەتا وەك ڕەوگە ئاسکێکی سرك و سڵۆك گینگڵەیەکیان کرد وەك پۆلەکەو لە بەرەگەی بەهاردا چۆن بەگارکە گارك و قاسپەقاسپ هێرش دەکەنە سەر بنەی داوو کەوی ڕاوی لە حەشاردا! یان وەك شەگەلێکی تێرو تەسەل و تێرگۆشتی تامەزرۆی خۆی بۆسەر خۆی‌ڕێژگە و ئاو هێرش و هەجووم بەرەو ئەحمەد دێننن، بەڵام لە لەپڕ لوتیان بەلوتی مام ڕەمەزانەوە دەتەقێ

و ئەحمەدیش هەڵدەستێ ملی ڕێگادەگرێ. کچگەل مام ڕەمزان مەحاسەرە دەکەن و دەڵێن:

= مامەگیان هۆئەو کورە ڕەفیقی تۆیە؟ مام ڕەمەزانیش دەڵێ:

= بەڵێ بۆ نەکا خەیاڵتان لاخراپ کردبێ کواو پاتۆڵ و دەرپێ‌کەی لەپێ داکەنن؟! کچەعازەبێك دەدا لە قاقای پێکەنین و دەڵێ:

= بۆ مامەگیان مەگەر ئێمە چەتەی سەی‌عەتا و حەمەتڵین لەم چۆڵ و چیایە دا خەڵکی ڕوت کەینەوە؟!

= ئەرێوەڵا کچم، چەتەی سەی‌عەتاو حەمەتاڵی بانە حەدیانچە . ئەوان کەرو کورتان و بارو جلو بەرگی کاروانچیان دەرفێنن. بەڵام ئێوە دل و دەرون و هۆش و شعوری ڕێبواران بەتاڵان دەبەن. ئەوان ڕانکوچۆخەو کڵاش و جامانەی ڕێبواران بەزۆر دەستێنن. بەڵام ئێوە، ئەوین و عیشق و عەلاقە و قەلبی ریبواران بە تاراج دەبەن.

قەیرە کچێکی (چووە) دەرکردوو، قیافەیەکی ئامرانە بە خەیەوە دەگرێ، وەك فەرماندەیەکی جەنگی فەرمان بەسەر سەربازەکانیدا بدات. بەتوندی دادەخورێ دەڵێ:

= ئادەی کچینە دەوری بگرن، بە کەلامی‌خوا، بەو شێ‌حەسەنە سوورەی مەولاناوا، بانگ نەکەی لەو کورە گۆرانی بێژەی هاورێت، نەیەتە سەر ئەو ئاسۆ و سەرملانە، هەتا خۆمان کول و کافردەکەین گۆرانیمان بۆبڵێ، ئابەو تاشەبەردانە هەمولەشت شی‌و شیتاڵ دەکەین.

کۆڕی کچان گەمارۆی مام ڕەمەزانیان داوە. مام ڕەمەزان واقی لێ ورماوە، بەناچاری بەهەمو هێزی دەقولێنێ و دەلێ:

هۆهۆئەحمەد! کورە فریامکەوە، هەی دەرکی باوانت بە قوڕەڕەشەی دەشتی شارەزور گیرێت. دەڵێن زار نەکرێتەوە سەرسڵامەتە! ئەگەر تۆ زارت نەکردایەتەوە، تێت نەچریکاندایە بۆ ئەم هێرشە دەکرایە سەرم؟ ئەحمەد بەجەفەنگوە دەنگ هەڵدەبڕێ و دەڵێ:

= ئەرێ خوشکینە ئەوە چیەو چ قەوماوە، بۆچی ئاوەها بێڕەحمانە فەرمانی کوشتنی ئەو پیاوە هەژار ە تان داوە؟!

قەیرە کچی چووە دەرکردو دادەخورێ و دەڵێ:

= چۆن چی قەوماوە؟ فیتی تۆیە ئائەم قەزیە قەوماوە؟!

بە مەرقەدی شێخ حەسەنە سوورەی مەولاناوا، بێ‌عوزرو بەهانە و ڕاست و ڕەوان سەرمان بۆ دانەنەوێنی و نەیەیتە ئائەم ناوە، ئەوسا پێت دەسەلمێنین چ قەوماوە، ئەوەی ئێستا هەستی پێ ئەکەی شیرینی خۆرانە، پاشان دەبینی چ شایی و زەماوەندێکی وابەدواوە.

بە گاڵتەو پێکەنین و چنگاوشی یەکتری، لەسەر ئاسۆی پشتی کلیلە بەفرەکە کۆڵەکانیان دانا، بریکیان پەلەپەل ویستیان دەست بگرن، یەکێکیان بەرهەڵسیان وەستا و وتی:

= ئیرە باشنی دەبی بچینە هۆو سەر تەبۆڵکە و بەرزاییە دەسبگرین گوندی هاجی‌مامەدان و زۆر شوینی ترەوە دیارە.

تومەس کچەی بەرهەڵسکار و نەخشەکێش چاوە ڕوانی تاقانە دڵدارەکەیەتی لەگوندی حاجیمامەدانەوە بۆی بێتە ژوانگە. ئەمە بە هەڵکەوت نیە بەڵکو یاساو سوننەت و میراتی نەنك و دایکی خۆیانە زۆربەیان بە پێی نەخشە و پلانی لە پیشدا داڕێژراو شیوەڵ ئاودرگە و پەناو پەستوی کویستانی سێفە سوور و بەردی برایمیان وەك مەکۆ و ژوانگە بۆ خۆیان و خۆشەویستکانیان هەڵبژاردوە. هەرکەس باشترین جلوبەرگی بوکینی دایکی یان پوور یان براژنی‌خۆی بۆ ئەم ڕۆژە لەبەرکردوە. ئەوەی متومورو، میخەك و سمڵ و شتی بۆنخوشی ناە بوخچە و سندوقی قەدیمی نەنك و دایکیانە بەخۆیاندا هەڵواسیوە. بۆ ئەوەی ئەمرۆ هەل لەدەس نەدەن، لەگەڵ دڵخوازەکانیاندا، کەفوکوڵی هەڵچووی دەروونیان بۆ ماوەیەك دامرکێننەوە.

سەرومل شۆراە، قژ و زوڵف شانەکراو، چاو ڕەشتراو، چونکە ئەمرۆ ڕۆژی ژوانی زۆربەی هەرە زۆریانە،

کچگەل دەستیان گرتووە، ئەحمەد دەستی بەگۆرانی هەتن کردوە، تاویك هەوای سێ‌پێیی، دەمێك چەپی‌و ڕۆینە. پاش جۆشێکی باش هەڵپەڕین. قەیرە کچ، سەرچۆپییەکە دەداتە ئەحمەد بۆخۆی دێتە ناوەڕاستی حەوشی شاییەکە، بە چەپڵەو گۆرانی وتنی نەرم ونیان بۆ ئەحمەدی دەستێنێتەوە.

هەرچەندە هەڵپەڕکی گەرم و گەرمتر دەبێتەوە مامرەمەزان لە ترسان دور و دورتر دەکەوێتەوە. دەترسێ نەوەك کەسێکی ناسراو بیبینێ دەنگوباسەکە درز بکاتە دیوەخانی خانەوە ئابروی بچێت و لەماڵیشەوە مەلەك بیکێشیتە ژێر محاکەمە!

قەیرە کچی چووە دەرکردو بەدەم چەپڵەڕێزان و گورانی وتنەوە جاروباریش لەژێر لچەوە مام ڕەمەزان دەداتە بەر تانەو توانج،دەڵێ:

ئەرێ هۆ خاڵۆی ریش پەڵەپەڵە، هەتا دەچییەوە میمکم وە ...

مام ڕەمەزانیش جگە لەوەی خۆی کەرکات و دورکەوێتەوە چ بکا؟

ئەحمەد بەگۆرانی وتن ئیشارەی دەس بەرێشدا هێنان و هێما واتە پارانەوە و شفاولاڵەی نهێنی ئاوەها وەلامی قەیرەکچ دەداتەوە:

هەی‌هاوار هەی‌داد فۆڵتو فواتان    بۆچ نیە قەدری میوان لە لاتان

لەکاتی ئەم تانە و تەشەر و گلەو بناشت پارانەوە دا بوو قەرانتوی

پۆل پۆل کوڕان و کچانی قەرەبوغرە و مازوار لە تەموی بەردی برایمەوە بە هەڵەداوان و ئارەق سڕین و هاسکەهاسك خۆیان گەیاندە ئەو شۆرو شادیەز بێ مەحتەلبون و حەسانەوە خۆیان تێخزاند و کردانە ڕەشبەڵەك. ئەحمەد بە شیعروگۆرانیەوە بەخێراتنیان دەکات و دەڵێ:

## یاخوا بەخێربێن خوشکوبراکان    بمحەسێننەوە ئامان سەد ئامان

کوڕە جحێڵێکی تازە تووك کردو دێتەپێشەوە دەست بەگۆرانی وتن دەکات، یەکیکیتریش شمشاڵێکی زەرد لەباخەڵی دەردێنی بەهەموو هێزی تێی هەڵدەتووڕێنێ. ئەحمەد بۆئەوەی باپەڕ نەکات سەرچۆپی تەحویل شۆخەکچێکی حەساوە دەدات بۆخۆی دەچێ گاوانی و داوێنی شاییەکە دەڕازێنێتەوە.

پاش سوکە سانەوەیەك کچانی تازە هاتوی قەرەبۆغرەیی بیانوو دەگرن و دەڵێنك دەبێ کاکەحمەد سەرچۆپیشمان بۆ بگرێو گۆرانیشمان بۆبڵێ:

گۆڤەندوشادی شێوەیەکی تازەو تایبەتیبەخۆیەوە گرتووە. هەمیسان چەن قەرانتوو لەلوتکەی بەردی برایمەوە سەرنجی کچێك ڕادەکێشێ، کچەی مەکرباز بەهەموو هێزی دەقریشکێنێ و دەڵێ:

ئەرێوەڵا ئەوە کاکەمە، بەخوا هەر خۆیانن یاخواخوشکیان مرێ شوێنی شاییەکەیان ونکردوە، بۆیە درەنگ گەیشتوون. کچەی عەیار و مەکرباز بڕێك لە مەیدانی هەڵپەڕکێ دوور دەکەویتەوە کۆڵوانە سپیە گورز و گوڵەنگدارەکەی (بەڕەمز)ی خاس بەسەر سەریا هەڵدەسووڕێنێ. کە کاکەی و کوڕگەلی هەڤاڵی تێگەیشتن لە چاوتروکانێکدا لەلووتکەی بەردی برایمەوە بەرەو شوینی شاییەکە خۆیان هەڵدەدێرن وەك میقناتیس بە زنجیری ئاسنی ئەوینیانەوە دەنوسێن! بیوچان و مەحتەلبون کەفوکوڵی دەرونیان دادەمرکێنن!

ئێستاکە هەتاو هاتۆتە ناوڕاستی ئاسمان، تومەس کچەی کۆڵوانە سپی لەبەر (سازماندانی) ئەم میراتە فەرهەنگەیەی نەنك و دایکی نەیپەرژاوە بەرقلیان بخوات، ئیستا لەبرسان (ورە) گرتوویەتی و لەترئەدات، دەست دەداتە دووکتری و کچان هان دەدات و دەڵێ:

= کاکەم م ماندوی ڕێگای‌دورە، بەماندویی و برسیەتیش هەڵپەڕکی باش ناچەسپێ، یاللا با چالێنێین و خۆمان بۆ قاوەتون خواردن ئامادەکەین.

لەچاوتروکانێکدا دەیان کتری وەسەر ئاور نراوە، کرەو شیرێژ و ماستی پاڵێوراو، هێلکەی‌کولاو، کەرەو هەنگوین و کولێرە خاتونە، بیزا، پیچك و قارچك،پەنیرو کوڕادەی تەرچك، لەسەر سەوزە گیای دۆشەك ئاسای پێشێلکراوی ڕەشبەڵەك و زرمەجلێی، لاوانی نیرومێی سەرمەست بەکویستانی ئاسمان ئاسای سێفەسورەوە، کلاشەدەکات. جیژنە جێژنی کچان و کوڕانی ئەویندار و تازە تێکەوتوو. ئەو کچەی چوە دەرکردوەی بەگۆرانی و تەنز، دڵی مامڕەمەزانی گەزتووە، پۆلێك کچ هان دەدات بەو پەری ڕێز و حورمەتەوە مام ڕەمزان دوورە پەرێزی ڕزگارکەن. بیهیننە سەر سفرەی سەوزەڵانی سورشتی و ڕازاوە بەوهەمووە نازو نیعمەت و خواردەمنی بەهاریەوە.

کە کۆڕیك کچ بەدنگی بەرز لەمام ڕەمەزان دەپاڕێنەوە و دەڵێن:

= مامەگیان بەقوربانتبم وەرە بە خواردنی پاروە نانێك و یادێك لە بیرەوەریەکانت لەگەڵماندا، سفرە و مەجلیسەکەمان بۆ برازینەوە.

مام ڕەمەزان بێدلیان ناکات، نانوچایەکیان لەگەڵ دەخوات و بە تاقی تەنیا بەرەو بەردی برایم بۆی هەڵدەکشێ.

پاش پشودان و قاوەڵتون خواردن دیسان سەر لەنوی شادی و هەڵپەڕکێ و سەما و سەفا دەست پێدەکاتەوە. وەك مامۆستا قانع فەرمویەتی:

## تێکەڵاو بون کچ و کوڕ  *  لەچە شنی مێخەک و دوڕ

سەرچۆپی بە ئەحمەد دەگرن و گۆرانیشی پێدەڵێن. قەیرە کچ و لاوی‌شمشاڵ ژەن بۆی دەستێننەوە. کوڕان و کچانی ئەویندار هێند بە عەشقوعەلاقەی ئاشکراوخاوین و بێڕیاوە، تێکڕا تێکەڵاو و تووانەتەوە. گڙنیژەی ئارەقی سەرکوڵمی‌کچان دەڕژێنە ناو سینگو مەمکۆڵەی پڕ لە متومورو و میخەکو سمڵ، تەسویر و دیمەنێك دەسەلمێنی کەمامۆستا قانع لەم دیڕە شیعرەدا نەخشاندوویەتی. (بۆنی میخەك و سمڵ    دەدا لە ناو پەڕەی دڵ)

لەو ماوە کوتەدا، زۆرێك لە کچان و لاوانی گوندەکانی قامیشەڵە، قەرەبوغرە، مازوار و حاجی‌ماوەدان، بوونەتە ئاشناو دۆستی ئەحمەد، نایانەوێ خواحافیزی لابکەن، بەرۆکی بەرنادەن هەریەکێ جیاجیاو بەدڵ خۆیان بۆ میوانداری ئەو ئامادە دەکەن. بەڵام بەداخەوە کوا بۆی دەلوێو دەکرێ! چۆن بەشوبەرگەی ئەو هەمووە ئارەزوو و ئاوات و خۆشەویستی دەکات و دەگرێ.

ئێستا ئیتر کە نێوان عەسرو نیوەڕۆیە و کاتی دەس بەردانە، سەرەتا پۆل پۆل و پاشان دوو دوو، وەك پۆلەکەوی بەهای بەگارکەگارك جووتەدەگرن، و بێپەروا خۆیان ئاژینی ناو شیوەڵ و ئاو دڕگە و زاخڕ و کۆڵانەبەرد و پەناو پەستیوی چیاو چۆڵ و گوێشەتاوان دەکەن.

ئەحمەد و مام ڕەمەزانیش، بە خۆ خلافاندن و دۆزە دۆز تا ئێوارە ئەوسا بەکۆڵە کارگ کنیواڵ,,,خۆدەکەنە گوندی ماسیەردا.))

**با چاوە ڕووانی ژمارە 8 و پاشماوەکەی کەین**

## ڕِەشبەلَەک و بەهار و کویَستان لە شیعرەکانی قانع دا

کوڕگەل وادیسان ڕۆژی شادیە    بەزمی هەڵپەڕکێ و دڵ ئازادیە
چرپەی گەورەکچ روئەکاتە ماڵ    ئارایشت ئەکا بەلفگەی دەسماڵ
چارەکەی خامەك ئەکاتە کۆڵی    خڕخاڵ مەچەکی چەشنی سەهۆڵی
ملوێنك لەمل لولە لەسەر دڵ    چاوپڕلەغەمزە ڕومەت تۆپی‌گوڵ
قەفقەف زوڵفی‌ڕەش پیچولول وەکمار    تێکەڵ لاچەناخ لەسەر تابەخوار
برقەی‌بەرچاوەو زرنگەی‌کلاوزەڕ    ئەگربجە قرتاو وەك ڕێحانەی تەڕ
ورشەی گوارەی‌گوێ‌زریکەی‌لاگیرە    هاڕەی پلپڵە و سڵسڵە و زنجیرە
شۆرتکەوکەمەرە،هەیاسەی پشت    گۆی‌یەخەتاخوارجوانترین لەگشت
کەوشی‌یەمەنی ڕەوشتی لادێ    لەهەڵپەڕکێدا کەهەرخشپەی‌دێ
کەوا تۆزی‌ئاڵ کراس مەیلەوسور    سرکەیی کۆڵی بەرق ئەدا لەدور
سوخمەی نارنجی گۆودەڵەك پێوە    لەژێرسەخمەدا دوشەکرە سێوە
خاوخاو بەوێنەی نیمچە غەزالان    دێت بۆ ساراتی قەراخی مالان
دەستەی‌هەرزەکار ڕانکوچۆخەچاك    یەکیەك کۆئەبن وەك شێری‌بێباك
کلاشی هەورامی پەستەکی بانە    پشتێن کەتانچین ڕەسمی زەمانە
کەواو پانتۆڵیان لەفاستۆنی‌جوان    فەقیانەی‌دوگەز ئەخاتە سەرشان
کلاو گرونی و گرێچن تەواو    لفکە لە لاشان مشکی تێکەڵاە
کوڕ و کچ لەویا تێکەڵاو ئەبن    هەموو بۆ سارای لامالان ئەچن
بەدەم پێکەمین ئیشارە بەچاو    یەك بۆ یەکتری ئارام تیا نەماو

.....................................................................

## هێشووی عەشق

هۆنراوەیەک بۆ (هێشوو). کچێکی تر لەوانەی ڕۆژێک لە ڕۆژان لەدایک بوون، ڕۆژێ لە ڕۆژانیش بە دەستی باوک کوژران.

...

یەکەمین هێشووی عەشق،
لە کووپەی شەرابی جەستەی ژنێکەوە
تنۆک تنۆک ڕژایە نێو پێکی کریستاڵیی ژیان !
دایکێک.. وەک دارمێویک .. کەپرئاسا
گەڵامێوە روخسار ئاونگاوییەکانی وەک لێفەیەکی سەوز
دابوو بە سەر ئەم بەرسیلە ساوایەدا
بەرسیلەکچێک،
چاوەکانی چەشنی ترێ رەش ،
ڕوومەتەکانی چوون شەراب ئاڵ ..
خەندەیەک.. لێوانلێو لە بێخەتایی
ڕووانینێک.. پڕ لە حەسرەت .. تژی لە ژین، لێوانلێو لە تەنیایی!
شانزە بارانی بەهاری دەویست،
تا ئەم بەرسیلەیە، ببێتە هێشووی عەشق و،
لەم هێشووە ئاودارە شەرابێک بۆ مەم و زین چێ ببێ!
شەرابێ ئاڵتر لە یاقووتی تەنیایی !
شەرابێ پێکی ژیان پڕ بکات لە تاسە و سەودایی!

...

چەند لە پاییز زیزم!
چەند لەم ئۆکتۆبەرە بێسەمەرە پەستم..
کە هێشوو، هێشوو.. عەشق هەڵدەوەرێنێ!
کە ڕەنگەکانی کریستاڵی خەون دەشێوێنێ!
کە پێش نۆشینی یەکەمین پیاڵەی خۆشاوی ئەڤین
پەنجەکانی مەم و .. لێوەکانی زین دەقرتێنێ!

...

ئای.. گێژەڵووکەی باوکەڕەشەبا،
ئای .. ئای.. زریانی تێزڕۆی شەوەزەنگساڵاری،
چەند لە سیما و سایەتان پەستم ، چەند!!
ئای بەرسیلە ساواکانی کەپری نامۆیی
چەند بارانی تر دەتانکات بە هێشووە ترێی ئاوداری عەشق؟!
چەند سەدەی تر پێویستە تا .. بۆ هەڵوەرینتان هەموو کەس بڵێ:
نا!!!؟!

**2003-10-12**

مەهاباد قەرەداغی

## نامەی منالان بۆ خوا

**وەرگێرانی لە سویدیەوە بۆ کوردی**


**ئاسۆ و شنە عەبدولا**

ئەوەی لێرەدا دەیخوێننەوە, بەشێك لە نامەی منالانە بۆ خوا کە لە سایتی www.skrattnet.com دا بلاوکراوەتەوە بە زمانی سویدی.
هەموو نامەکان بە:" خوای خۆشەویست, هاورێی خۆشەویست یان تۆ ئەی خوا دەستپێدەکات". بەمەبەستی دووبارەنەبوونەوەی ئەم دەستەواژانە, هەوڵدەدەم کە تەنها وتەی منالەکان بنووسمەوە.

هەفتەی رابردوو, سێ ڕۆژ باران باری. وامان دەزانی وەکو نوح و کەشتییەکەی لێ دێت. بەلام وای لێ نەهات و زۆریش دلخۆش بووم بەوە. ئاخر دەبوایە لە هەموو چەشنێك دوو دانەمان ببردایە, بەلام ئاخر خۆ تۆ دەزانی کە ئێمە سێ پشیلەمان هەیە.

- کێیە ئەوەی ئەم هەموو هێلەی بەدەوری ولاتەکاندا کێشاوە؟
- ئایا دایکی سروشت لە بنەمالەی تۆیە؟
- ئەم هەموو خەلکە لە کوێوە دێن, هیوادارم لە باوکم باشتر بۆم ڕوونبکەیتەوە.
- ئەگەر تۆ ناتەوێ کە خەلك جنێوبات, ئەی بۆچی ئەو وشانەت دروستکردون؟
- حەزم دەکرد جارناجارێك مارێك بوایەم, بەلام بەس ئەو کاتانەی کە خۆم دەمویست.
- ئەرێ تۆ دەولەمەندیت یان هەر بەناوبانگیت؟
- بۆ لە ئینجیلدا ناوی ژنەکەت نەهاتووە, ئەو کاتانەی ئەوەت نووسی, هێشتا نەتهێنابوو؟
- دانیشتووم و کتێبەکەت دەخوێنمەوە و حەزیشم لێیەتی. چۆن ئەو هەمووەت بە خەیالدا هاتووە؟
- دەتوانی چیرۆکی تازەتر بنووسیت. ئاخر ئەوانی ترمان هەمووی خوێندەوە و ئەوا سەرلەنوێش دەستمانکردەوە بە خوێندنەوەی.
- ئێمە لەمالەوە زۆر مەزهەبین. لەبەرئەوە هیچ خەمی ئێمەت نەبێت!
- بەبروای من ئنجیل کتێبێکی زۆر باشە, تۆ هیچی ترت بلاونەکردۆتەوە؟
- بەراستی خەلکی سەردەمی ئینجیل ئا بەو زمانە سەرسورهێنەرە دەدوان؟
- چۆنە تۆ قەت لە تەلەفیزیۆندا دەرناکەویت؟
-
- مامۆستاکەمان دەلێت: لە ئەوەلەوە ڕۆژەکان کورتدەبنەوە و دواتر درێژدەبنەوە. بۆ ناتوانی خۆت ساغکەیتەوە؟
- پێم نالێی هەلامەت بۆ؟


- ئەگەر وەك ئاژەڵ توكێكی درێژمان پێوەبوایە, ئەوسا قەت پێویستمان بە جل نەدەبوو. ئەرێ قەت بیرت لەوە نەكردۆتەوە؟
- چۆنت زانی كەتۆ خوایت؟
- ئەرێ هەر جارەی كە كەسێك دروستدەكەیت, هەر دەبێ ڕۆحێكی ڕاست بكرێتە كەسێكی ڕاستەوە, لەوە دەچێت ڕۆژێكی خۆش لێت تێكبچێت.
- ئەرێ كوڕان لە كچان باشترن. ئەزانم تۆ كوڕی, بەڵام تۆزێك بە ئینساف بە!
- باوكم زۆر زیرەكە, لەوە دەچێ بتوانێ یارمەتیت بدات.
- حەزدەكەم ببم بە مامۆستا بۆ ئەوەی منیش بە ئارەزووی خۆم بڕیاربدەم.
- دەزانم دەبێ ڕوومەتی چەپم وەرگێڕم كاتێك كەسێك پیای دەكێشێ, بەڵام چی بكەم كاتێك خوشكە بچكۆلەكەم لە چاوێكم دەسرەوێنێت؟
- بیرت دێ كە جارێكیان بەفرێكی زۆرت باراند و نەمانتوانی بچینەوە بۆ مەكتەب, دەتوانی جارێكی تریش وابكەیتەوە؟
- لەبری ئەوەی خەڵك بمرێ و تۆش دانیشی هی تر دروستبكەیتەوە, باشتر نییە كۆنەكان وەك خۆیان بهێڵیتەوە؟
- ئەرێ بەڕاستە كە زەڕڕافە دەبێ وابێ یان لەدەستت دەرچوو؟
- باوكم زۆر گەمژەیە. كارێ بكە كە باش بێتەوە, بەڵام ئازاری نەدەیت!
- باوكم قەت توانای نییە ئاگری گۆشت برژاندنەكە خۆشبكات. دەتوانی ئاگرێكی هەمیشە گەشمان لە باخچەكەدا, لەو گڕوگیایەی كە لێیەتی بۆ دروستكەیت؟
- باوكم دەڵێ:" باشترین شتێك كە هەبێت ئەوەیە كە منالْ بیت". بەڵام بەشكم تۆ پێی بڵێی كە بەڕاستی وانییە, ئاخر خۆ ناتوانم تا درەنگ بمێنمەوە و سەیری هەموو شتێك بكەم.
- ببورە تا ئێستا نامەم بۆم نەنووسیویت, ئاخر ئەمە یەكەم جارە بتوانم بنووسم.
- حەزدەكەم بچمە كڵێسا بەڵام خۆ دەتتوانی مۆسیقایەكی باشترت هەبێ. هیوادارم هەستتم بریندار نەكردبێ. بەڕاست ناتوانیت چەند گۆرانییەكی تازەتر بنووسیت؟
- لە ئاهەنگی ژنهێنان بووم. دەزانیت یەكترییان ماچكرد. بۆیان هەیە شتی وابكەن؟
- یەكێك لە هەورەكانت لە دەموچاوێكی گەورە دەچوو. من زۆر ترسام. بەڵێنم بدەرێ جارێكی تر شتی وانەكەیتەوە!
- چۆنە هەتا ئێستا هیچ ئاژەڵێكی نوێت دروستنەكردووە. ئاخر تا ئێستاش هەر ئەو ئاژەڵە كۆنانەی جارانمان هەیە؟
- حەزدەكەم نۆسەد ساڵ بژیم, وەكو كابراكەی ناو ئینجیل.
- ئەمڕۆ زانیم كە ئەدیسۆن كارەبای دۆزیوەتەوە. بەڵام من وامدەزانی تۆ بوویت .
- ئەگەر دوای مردن جارێكی تر سەرلەنوێ بژیینەوە, ئەی ئیتر بۆچی بمرین؟
- بۆ ئاسمانت شین كردووە و گیاش سەوز. هیچ ڕەنگێكی ترت نەبوو؟
- سەیری كڵێساكەی "دۆم شیركان" م كرد كاتێك لە ئۆبسالا بووین. چ ماڵێكی خۆشت هەیە؟
- ئەگەر تۆ خۆر و مانگ و ئەستێرەكانت دروستكردبێ, دەبێ چ كەرەستەیەكت هەبوو بێ؟
- زۆر باشە كە هەر منالێك دایكێك و باوكێكی هەبێ. زۆری پێ چوو تا بەمە گەیشتی؟
- حەز دەكەم كە پیر بووم وەك تۆ بم. شتی وا دەبێ؟
- ئەوە تۆ بووی كە باوەش پیاكردنت دۆزیەوە. شتێكی زۆر خۆشە.
-
- لە مەكتەب بۆیان گێڕاینەوە كە چی دەكەیت. ئەی لە پشووی هاویناندا كە خۆت لەوێ نیت, كێ كارەكانت دەكات؟
- بەڕاستی تۆ قەت نابینرێیت یان فێڵێكە؟
- ئەوە بەڕاستە كە دەڵێی:" مامەڵەی خەڵكی بەو جۆرە بكە وەك چۆن دەتەوێ كە خەڵكی مامەڵەت بكەن". جا ئەگەر تۆ وات كردبێ, دەبێ برا بچكۆلەكەم بەر قامچی بدەم.
- سوپاس بۆ برا بچكۆلەكەم, بەڵام من بە ڕاستی داوای تووتكە سەگێكم لێكردی.
- برا بچكۆلەكەم مشكە. دەبوایە كلكێكی پێ ببەبەخشیت. ها ها
- پێم وایە زۆر قورسە بۆ تۆ كە هەموو خەڵكی زەویت خۆش بووێت. ئێمە لە خێزانەكەماندا چوار كەسین و من تەحەمولیان ناكەم.
- ئەگەر ڕۆژی شەممە لە كلێسا سەیرم بكەیت, پێڵاوە تازەكانمت پیشاندەدەم.
-





12-SEP-2003 16:29 KavehFavehmarefIF 04828223341 P.01

جمهوری اسلامی ایران



بحضور سرور گرامی جناب آقای علی لقمانی

سلام قبل از هر چیز سلام تمام دوستان و همکاران خود را
می رسانم. و از اینکه به فکر بچه های بی خانمان و بی سرپرست
هستید کمال تشکر را دارم می خواهم درباره هر کدام از این بچه ها یک
سطر کوتاه بنویسم. تا شما هم آنها را از نزدیک بشناسید

۱- سعد کاظمی یکشنبه: در یک خانواده چهار نفره در حاشیه چهار کیلومتری شهر زندگی
می کنند که پدرش یک چشم نابینا دارد و مادرش گنگ و لال است و در نهایت
فقر بسر می برند

۲- سارا عباسی: تعداد سه نفر و مستاجر هستند پدرش شانزده ماه قبل
به علت بیماری عفونی از دنیا رفت و یک برادر هشت ساله دارد

۳- دلنیا دومینه: نه پدر دارد و نه مادر پنج سال پیش پدرش را از دست
و پیش مادر بزرگش بود و امسال مادر بزرگش نیز فوت کرد و حالا
[illegible] پناه داده که خود او دارای پنج فرزند می باشد و تنها نان
آور این خانواده شوهر عمه اش است که [illegible] می باشد

۴- امید سلیمانی: نه پدر دارد و نه مادر هر دو را از دست داده
پیش مادر بزرگ که او هم بیوه است زندگی می کند [illegible]
[illegible] دارند [illegible] مردم خیر [illegible] شما آنها را از [illegible] نجات دهید

۵- شادی بی خانی: [illegible] نابینا و هم گنگ و لال [illegible]
که یکبار عمل شده اما نتیجه نداده است و در یک خانواده واقعاً
فقیر بسر می برد.

من از طرف این افراد و خانواده هایشان از شما تشکر
می کنم و امیدوارم سربلند و سرافراز باشید چون به فکر
این فراموش شدگان هستید



1- سعد کازمی یەکشەوە! لەبنەماڵەیەکی چوارکەسی لەچوارکیلۆمەتری قەراخ شار دا دەژین، باوکی چاویکی کویرە و دایکیشی کەڕ و لاڵە لە لوتکەی هەژاری و داماوی‌دا دەژین!




2- سارا عەباسی! ژمارەیان سی‌کەسن و کرێنشینن و باوکی 16 مانگ لەمەوپێش بەنەخۆشی عەفوونی مردووە و برایی‌کی هەشت ساڵەی هەیە.



3- دڵنیا دۆمینە! نە دایکی هەیە و نە باوک پێنج ساڵ لەمەو پێش باوکی مردووە لای نەنکی دەژیا ئیستا نەنکیشی مردووە پوورێکی پەنای داوە ئەویش بە پێنج منداڵەوە تەنیا مێردەکەی کە شوفێری ماشینی خەڵکیە ناناوەری حەوسەرخێزانە



4- امید سلێمانی! بێباوکو دایکە لەلای نەنکە بێوەژنەکەی دەژی لەتەنیا هۆدەیەکدا لە قراخی شاردا دەژین خەڵکانی خێرۆ مەن وەک ئێو جاروبار ئاورێکیان لێ دەدەنەوە.



5- شادی بێ خانی! کەڕ و لاڵە و کوموریکیان کردۆتە سەری جارێکیش نەشتەرکاریان کردوە بەڵام بەداخەوە هیچ نەبووە و لە ڕاستیدا لە هەژارترین بنەماڵەی شاردا دەژی.

## پڵنگ و گورگ و مام ڕێوی

پڵنگوگورگێ تووشی یەکتربوون  لەجەنگەڵانێ کەوتنە چەندوچوون
لەسەر بنەچە کەوتنە گوفتو گۆ   گورگە هەر ئەیوت یەمەوە سەر تۆ

پڵنگ گویی لێبوو ڕیوی زیقانی  بەتونگ  بانگیکرد پڵنگ  ئەیزانی
ئاوەرە هەتیو شایەتیی حاڵ بە     ڕاستم  پی بڵێ خاوەن  بەرماڵبە

ئەم گورگە لاتەئەڵێ ئەوەی تۆم  سوێندێکیئەدەم ڕاس ئەکائەیخۆم
گورگە لووراني من وەچەی سەگم   کوانێ شایستەی هاوشانیبەگم

سەرو پۆتاڵم  هەر لە ئەو ئەچی   بەهەق یەك بنەین لەبەین دە ئەچێ
ڕێوی فێڵبازیش بەسەما کردن     هەرخۆم خزمەتچی هەتاکو مردن

گەورەم  ئەترسم  درۆزن دەرچێ    سەرو فەساڵی  کوا لەتۆ  ئەچێ
پڵلگە وتی هەندێ  ماستاو چی     لە لایان  وایە  دەبن  بە  قوّلچی

بەخۆ هەڵکێشان  تۆئەبی بەچی  ئاگات لەخۆتبێ لەخۆت دەرنەچی

وەرگێڕان بۆ چیرۆکە شیعر جەمالی عەبلی هەبان



## شێر و ڕێوی و کەر

شێر و ڕێویەك  لە گەڵ  کەرێکا
بوونە سێ هاەرێ لە سەفەرێکا
نێچیرێکی چاك کەوتە بەر دەستیان
لەتو پەتیان کرد بە دڵ و بەگیان
بۆ دابەش کردن  کەر  هاتە  پێشێ
تەرازووی هانی هەتا بیکێشێ
چاوانی شێرە لە تاوا سوور بوون
ئەم دابەش کردنە لەکێوە فێربون؟!
پەلاماریدا ئەوی تەواو کرد
وتی مام ڕێوی بەش کە دەست و برد
ڕیوی ئاقڵ بە یان هەمووی‌دانێ
یان  زۆری بەرێ،  ویژدانی کوانێ
کەرە هەڵلووشرا ئەزانی بۆچی
ئاگات لە خۆت بێ بەو دەردە ئەچی
منم مام ڕێوێ  وانە  ئەخوینم
بۆ  دەمە تەقێ    پاشا  ئە دوێنم



# پێویستە جیا ببنەوە، دەنا !

مەهاباد قەرەداغی



زۆر دیاردە هەن هەتا پێکەوە بن لە ناکۆکی و ئاژاوە و مەینەتی زیاتر هیچی تریان لێ ناکەوێتەوە، بەڵام بە جیابوونەوەیان زۆر کێشەی گەورە چارەسەر دەبن. من لێرەدا ئاماژە بە سیان لەوانە دەکەم:

### 1. دین و دەوڵەت:

ئەم دووانە هەتا پێکەوە بن کێشەی گەورە دەنێنەوە. لە پێکەوەبوونیاندا، نە ئایین دەتوانێ ببێتە سەرچاوەیەکی ڕۆحی پاک بۆ باوەڕی کەسانێک کە باوەڕیان پێیەتی، نە دەوڵەت دەتوانێ بە یاسای دادپەروەرانە و مەدەنییانە ماف و ئەرکی هاولاتییەکانی دیاری بکات و ببێتە سەرچاوەی ئاسایش و متمانەی خەڵک. بەڵام ئەگەر ئەم دووانە سەربەخۆ بوون و لەیەکترجیابوونەوە، ئاین دەتوانێ تەنها سەرچاوەیەک بێت بۆ باوەڕی ئەوانەی کە پێویستیان بە پەناگەیەکی ڕۆحییە و ، دەوڵەتیش دەتوانێت مۆدێلێکی دیموکراسیانە هەڵبژێرێت و، پشت بە یاسای مەدەنی و، بە مافی مرۆڤ ببەستێت لە داڕێژانی یاساکاندا و، لە ڕەفتارکردن لەگەڵ هاولاتیانی خۆیدا.

### 2. کورد و داگیرکەرەکانی

پێکەوە بوونی کورد و داگیرکەرەکانی لە سایەی هیچ سیستەمێکی سیاسی و ئیداریدا ، تەنانەت سیستەمی دیموکراسیش، ناتوانێ دڵنیاکاریی نە بۆ کورد و، نە بۆ داگیرکەرەکانی دەستەبەر بکات. چونکە کورد دەزانێ نە سروشتییە و نە ئاساییە نەتەوەی ژێردەست بێت، دەزانێ لە سیستەمی دیموکراسیشدا بە هۆی ڕێژەی ئەو لە چاو داگیرکەرەکانی کە چارەکی ژمارەی ئەوانە، دەکرێ مافی پێشێل بکرێت. دەزانێ هەر دەبێت خۆی دەرباز کات لەو دۆخە نائاساییە.

بە هەمان شێوە داگیرکەرەکانیشی چاک دەزانن کە ئەوان نە دەتوانن هەتا سەر سالارێتی بەسەر کوردەوە بکەن و خۆیان بکەن بە خاوەنی، نەش دەتوانن مێژووی هەزاران ساڵەی کوردستان ئاوەژوو بکەنەوە و بیکەن بە بەشێک لە نەتەوەکان و خاکەکانی خۆیان، بۆیە دڵنیان لەوەی ئەوان داگیرکەرن و هەر ڕۆژێ دەبێت برۆن و، قەت لە ئاسایشی خۆیان لەسەر خاکی خەڵکی تردا ئاسوودە نابن.

جیابوونەوەی کورد و داگیرکەرەکانی زۆر کێشە چارەسەر دەکات، لای کەم هەردوولا لە نائاساییەوە دەبن بە ئاسایی. لایەنی کورد دۆخی نائاسایی ژێردەستی لێ دەبێتەوە، لایەنی داگیرکەرانیش دۆخی نائاسایی داگیرکەریان لێ دەبێتەوە.

### 3. جەستەی ژن و چەمکی شەرەف

هەتا چەمکی شەرەف و نامووس ئەو پێناسە سامناکەی هەبێت کە ئێستا لە کۆمەڵگە نەریتیەکاندا باوە و، هەتا ئەم چەمکە لە جەستەی ژندا کۆکرابێتەوە و جەستەی ژن و، بە تایبەتی ئەندامی سێکسی ژن پێوەری بن، دۆخی کارەساتئامێز لە ئارادا دەبێت. لەو دۆخەدا جەستەی ژن بەهای سروشتی خۆی لەدەست دەدات و دەبێتە (شوێن)ێک، (یەخچاڵ)ێک بۆ شەرەفی کەسانی دی. شەرەفیش لە مانا سروشتییەکەی خۆی دوور دەکەوێتەوە، کە دەبێت پێوەری سیفەتە گرنگەکانی مرۆڤ بێت وەکوو: ڕاستگۆیی، دەستپاکی، مرۆڤدۆستی وهتد.

ئەم دووانە ئەگەر لە یەکتر جیا نەکرێنەوە کارەساتیان لێ دەکەوێتەوە. بۆ ژن ئەو کارەساتانە دەقەومێت کە تا ئێستا سەدانی لێ قەوماوە و، سەددان کچ و ژن جەستەیان دادڕێنراوە و ژیانیان لێ سەندراوەتەوە لە پێناوی شەرەفی ئەوانی دییدا. خودی شەرەفیش لەو پێناسە نالۆژیکییەدا بێناوەڕۆک دەمێنێتەوە. لە جیابوونەوەی ئەم دووانەدا کێشە و کارەساتی گەورە لە کۆڵ مرۆڤایەتی دەبێتەوە. جەستەی ژن بەهای ڕاستەقینەی خۆی وەردەگرێتەوە و، پێناسەکەشی دەگۆڕێت، ئیدی پێناسەی ئەو جەستەیە لە (شوێن)ێک بۆ شەرەفی پیاو و، (شت)ێک لە شتەکانی پیاوەوە دەگۆڕێت بۆ(بەڵگەیەکی فیزیکی) بۆ بوونی ژن وەک بوونەوەرێکی کارا. چەمکی شەرەفیش پێناسەی ڕاسەقینەی خۆی وەردەگرێتەوە و، دەبێتەوە بە پێوەری سیفەتی مرۆڤانەی مرۆڤ بە گشتی، دەبێتە پێوەری ڕاستگۆیی، دەستپاکی و، دەروونپاکی.

...

**2003/10/09**

ستۆکهۆڵم

## ئاورێك له منداڵانی وڵات

ڕەسوڵی سەفەریانی



هەموجارێ کاتی نوسینی ئاورێک لەمنداڵانی وڵات، هەوڵم داوە حاڵ و هەلەمەرجی منالانیوڵات لەباروډۆخی ئەو وەرزەدا باس بکەم و خۆشیو ناخۆشیەکانیان بنوسم، بەڵام بەهۆی دوریمان لەوڵات هەمیشە لەدواڕۆژەکانی ئەو وەرزەدا ئەگاتە دەستی خۆشەویستانی نێو وڵات. بۆ وێنە ئیستا نەققاشی پایز بۆ ڕازاننەوەی زەوی خەریکی ڕنینەوەی گەڵاڕەنگاوڕەنگەکانی دارەکانەو، گەرەکیە فەرشێکی هەزارڕەنگ بنەخشێنیو زەمین و زەمان بۆ پێشوازی پیری ڕیش سپی زستان ئامادەبکات. تا گەیشتنی ئەمگۆڤارە پایزینە بێگومان مامەپیرەی دڵسەردی بیبەزەیی دەسەڵاتی وڵاتی بە دەستەوەگرتوە و هەموڕەنگە جوانەکانی پایزی وەك پرچ و ڕیشیخۆی سپیکردوە و سەرمای دڵیشی کردۆتە چەکی دەستەڵات و بێدەنگیهێنان بەهەمو بونەوەران. بەواتایەکیتر ئێمە نیوە وەرزێك لەدوای وەرزەکانی سورشتەوە دەنگمان دەگاتەوڵات، گەرچی باسەکانی ئێمە وەرزی نییە تا لەگەڵ تێپەربونی وەرزەکاندا، کەڵك و پێویستیخۆی بدۆڕێنێ. ئەوەی تا ئەوڕۆ باسمانکردوە، تەنگوچەڵەمەکان و کەموکوریەکانی ژیانی منالانیوڵات بووە. زۆرجار ویستومە خۆشی و تاموچێژوکانی منالانی وڵات بێنمە سەرکاغەز بەلام بەهۆی فرەبونی دیژواریو موشکیلەکانی ژیانی منالانی وڵات و زۆری منالانێك کەگیرۆدەی دەستی ئەونالەباریانەن، هەوڵەکانم بێئاکام ماونەتەوە، هەوری ڕەشبینی ئاسمانی گەشبینی داپۆشیوە وزۆرجا پەنام بۆ وشەو ڕستەگەلێك بردوە کە ڕەنگە تارادەیەك لەگەڵ پرنسیبەکانی گۆڤارێکی ئاوەها دەربارەی منالاندا نەهاتبێتنەوە. بەلام خۆناکری ئارام بیت کاتێ باسی منالانی وڵاتێك بکەیت کەلەسەر کانی نەوت و ئاسن و زێڕو زێو خەخەوتون، بەلام قۆڕەی سکیبرسیان ئارام و قەرار لەهەمو ئینسانێکی بە هەست ئەوروژێنێ. وڵاتێك بەژیاریکی پتر لە چوارهەزارساڵەوە لەهەمو بوارەکانی ژیاندا، بەهۆی دەسەلاتی دیکتاتۆرە بێمێشکە دواکەوتوەکانەوە، تائەوڕادە دوایان خستبێ کە لەبەرانبەر وڵاتانی خاوەن مێژوی سێسەد، چوارسەد ساڵەدا بەقیرایی هەمو تەمەنی ئەم وڵاتانە لەدوابین.

نا، ناکرێ باسی ئەودەورانە بکەیت و زوخاو و ناراوی تورەیی لە نوکی قەڵەمەکەتەوە نە چۆڕێ و هاشاوڵ نەبەیت بۆ خولقێنەرانی ئەو چارەڕەشی و هەژاریە و ڕوی ڕەشی شاردراوەی ژێر سەرپۆشی ئایین و پیاوسالاری و کۆنە پەرستی دەرنەخەیت و پەنجەی تاوانباریان بۆ ڕانەکێشی و نەیانکەیتە پەڕۆی بۆسۆ و هێمنایەتی بلقی سەرئاو ئاسای ژێر حوکم و دەستەڵاتی پرچەك و زەبرو زەنگ و بەندوزیندانی خوێناویان نەدەیتە بەر دەسرێژی نەفرەت وپلاری تورەیی و وردوخاشی نەکەیت.

دەسەلاتدارانی وڵات بێحورمەتی ومافکوژیان هێندە پەرەپێداوە چونەتە نێو ژیانی خەڵکەوە کە، بەداخەوە زۆرجار مافە بنچینەییەکانی ئینسان تا ئەوڕادە فەرامۆشکراوە و لەبیر چونەتەوە خەڵك لایان وایە لەباروډۆخێکی نۆرماڵدا دەژین و ئەوەی بەسەریان دێنن حەقە و مافی دەسەلاتدارانە. لەگەڵ یەکەم هەناسەکانی ئینسان لەسەر زەوی، دەسدرێژی بۆمافی لەلایەن حاکمانەوە دەس پێدەکات. سنورێك بۆ نێونانی دادەنرێت، پاشان لە یەکەم ڕۆژەکانی دەسپێکردنی ژیانی زانستیەوە، یانی لەگەڵ چوونیان بۆقوتابخانە هەمو ڕۆژێك بەشێوەگەلی جۆراوجۆر ژاری ئایین و پیاوسالاری دەتکێننە گەرویان کات و توانا و تاقەتی ئەو منالانە بە قسە و وشە و بابەتگەلی هیچ و پوچ و پر لەخورافە و دواکەوتویی پڕدەکەن. ڕۆرجار ئەو زەخت و گوشارە دەبێتە هۆی دەس لە خویندنکێشانی خویندکاران و ئەو مافە سەرەکیەشیان لێ زەوت دەکرێت. دیکتاتۆرانی دەسەلاتدار دەیانەوی هەموکەسێ بەمەرامی ئەوان و بۆئەوان بژی. بۆیە لە قوتابخانە و زانکۆکانیاندا قانون و یاساگەل و سنورگەلی وایان بۆخویندکاران داناوە کە ئینسان نەك تەنیا لەخوێندن بەڵکو لەژیانیش بێزار دەکات. منالانی ژێر دەسەلاتی وەها حکومەت و قانونێك بەهیچ ناژمێردرێت و مافەدیاریکراوە ئینسانییەکانی پێنادرێت. بەپێی بڕیاری مافی مرۆڤی نێونەتەوەیی کەس بۆی نیە ئایین و بروا بۆ کەسێکی دیکە دیاری بکات، جابا ئەوکەسە منداڵی خۆیشی بێت. ئەمە یانی ئینسان ئەبێ خۆی بەپێی وشیاری و زانیاری تەواوەوە دەست بداتە هەڵبژاردن . بۆیە ئەوەی ئەوڕۆ لەوڵاتی ئێمە بەسەر منالان و خوێندکارانداڕدێت، جۆرە مافکوژیەکی ئاشکرا و بیحورمەتی بە ئینسانەکانە.

ئازیزانی خوێنەر، منالەخۆشەویستەکان، وادیسان لەگەڵ ڕوناکی خستنەسەر بەشێکیچکۆلە لەژیانی منالانی وڵات، نەمانتوانی خۆشیەکی بەرچاو بێنین و بتوانین باسی بکەین. بەواتایەکیتر هەمیشەهێندە ناخۆشیەکان زۆرن کەورتکە خۆشیەکان دادەپۆشن. بەلام هەوڵ ئەدەین لەداهاتودا برێ باسی لەخۆشیەکانیشی بکەین بۆ منالانی دەرەوەی وڵات. بەهیوا زستانێکیپڕ لە شادی شەرە تۆپەڵ بە بەفرە بوڵکە و خلیسکێنتان لە پێشدابێت و بە خۆشیەوە بیگەیەننە کۆتایی و بیدەنەدەست بەهارێکی سەر سەوز و خورەمی وڵات. 2003/10/17

## وەڵامی ئەو خۆشەویستانەم!

### کە ئەم پرسیارەیان لێکردوم؟

**پ**= بۆ لەتەمەنی 70 ساڵیدا دوای ئەم ئامانجە کەوتی و ئەم پیشەیەت هەڵبژارد خۆت خستۆتە بەر غەزەبی ئەحزاب و ئەدیان و هەتا تاقانە فرزەندەکەت! بۆ لە دواساڵەکانی تەمەنتدا خەیاڵی بونیادنانی یانەی منداڵانت کەوتە سەر، ئەویش منداڵانی سێ و چوارساڵانە..؟

**و**= ئەوەی ڕاستی بێت من پێش ئەوەی بکەومە ناو گێژاوەی خەباتی چینایەتی و پەنا بۆ چەك و شاخ بەرم هەستم بە چەوساوەیی ژنان دەکرد. بەوڕادەیە خۆم هەستم دەکرد بە چاویش دەمدی خوشکەکانم و هاو چەشنەکانیان هەمو ڕۆژێ چۆن لەو فەرهەنگ و نەریتەدا نوقم و نوغرۆبون. بۆخۆیشم داب و نەریتی دینی و نەتەوایەتی و مەسەلەی ئابووریم بە ماکەی ئەم نەخۆشینە سامناکەی کۆمەڵگا دەزانی. بەڵام لەبەر ئەوەی هێشتا خوێنی دینیو نەتەوایەتیو پیاوسالاری لە شادەمارەکانی لەشمدا وشکاوی نەهاتبوو، بۆخەبات لەدژی چەوسانەوە و بێماڤ ژنان بەتەواوی دڵم دانەچڵەکابوو. تا ساڵی 1364 لەگەرماوگەرمی شەڕی نێوان حیزبی کۆمۆنیست و حیزبی دیموکراتی ئیران کەمنیش ساڵێك بو تێیدا بەشداربوم زیاتر لەمانگێك بوو ئاژوان ناوەندی دیموکرات بە زەرەر و زیانێکی گیانی و ماڵی زۆرەوە لەلایەن هێزی نیزامی حیزبی کۆمۆنیست داگیر کرابوو. دیموکرات بۆ تۆڵە کردنەوە لە حیزبی کۆمۆنیست بە سەرگورد عەلیاریەوە لەشکرکێشی و سەف ئارایی کردبوو. خاتونی خوشکم بۆ دیدەنم هاتبووە ناوەندە داگیرکراوەکەی حیزبی دێموکرات لە گوندی نەرمەلاسی شلێر.

قیافەی خاتونی خوشکم کە وەك گۆچان چەمابۆوە، ڕەگەکانی قاچ و قولی (واریس) گرتووی دەتگوت (تیرۆك)ی نانەوایە. بە پێی تاریفی زانیاری وپزیشکی ئەوجۆرەی دوکتور (دورویش) بۆی شیکردمەوە. لەوکاتەدا کە بە چەکەوە لەناو سەنگەری بەرگری لە هێرشی حیزبی دیموکرات دابووم. ئەمجار هەر لەو سەنگەرەوە بە قەڵەم دەستم کردە هێرش بۆ سەر سدیقی زاوام، هەمو کاسەو کوزەی کۆنە پەرستی و پیاو سالاری و باوکسالاری باب و باپیری خۆیشم بەسەر سدیقی زاوامدا شکاند. من بۆخۆم شاهیدی کردەوەی باوکم بوم کە شەوانە بە چەکەوە و بە دزیەوە دەچوو لە کرشە گیاو وینجەی گوندەکانی دوور، ئەسپە کوێتی بار دەکرد دەیهێنا دەرخواردی گامیشی زاو و ئاوسەکانی دەدا بۆ ئەوەی شیرو ماست و کەرەو پەنیری زیاترو گوێلکی ساغ وسالم بەرهەم بێنن! بەڵام نە لە باوکم و نە لە هاوچەشنەکانی باوکم نە بۆخۆیشم نەبینیبوم نەبیستبوم بۆ دایك و خوشکی ئاوس و منداڵمژمان خواردن و نوینی نەرم و گەرم و جیاوازو تایبت تەهیە بکەین! لەو سەر دەمەدا کە چەك بەشان و شاخ نشین بووم گشت هیزو توانای بیرو هۆشم بۆ بەرگرێ لە چینی کریکار و ژنان تەرخانکردبوو، ئێستا پاش 18ساڵ کە دەساڵە لە سوئێدم تازە بێگومانم لەوەی کە نەك هەر لەو وڵاتانەی کە لێیەوە هاتوین منداڵ هێشتا لەسکی دایکی دایە بەوپەڕی بێڕەحمی زوڵمی لێدەکری و دەچەوسێتەوە. منداڵێك کە دەبێ دایکی چەندین مانگ پێش منداڵبونی تا ساڵێك دوای منداڵبونی لە گشت کاروباری کۆمەڵایەتی و ناو خاو وخێزان "مەعاف"بێ؟ بەڵام بەداخەوە کەم نین کەسانێك کە وەك پەنابەر و ئاوارە و کۆچەری لەجەرگەی پیشکەوتوترین وڵاتانی جیهان واتە ئیسکاندیناویدا ئەو فەرهەنگە گڵاوەمان لەگەڵ خۆماندا هێناوەتە ئێرە، لێرەش هەمان ئاشە و هەمان کاسە. باوکان کچانی خۆیان بە زاڵمانەترین شێوە دەکوژن. (باڕن بیدراك) واتە حوقوقی منداڵەکانیان حەیف و مەیل دەکەن. حوکومەتەکان و زلحیزبەکان بەناوی کۆمەك بۆ مناڵان لە ڕێگای یۆنسیف و کلیساکان و زۆر ڕێکخراوەی خێرخوازەوە بە ملیار دۆلار و بە سەدان کەشتی (تاناکۆرە) بۆیارمەتی بە منداڵانی ئەنفال و کیمیاوی بارانی کوردستان و وڵاتانی فەقیری ئاسیا دەنێررێ بەقەیرای تنوکێك لەدەریایەکی بۆمنداڵان سەرف دەکرێ هەموی دەوڵەتمەردان و ڕێبەرایەتی حیزبکان هەڵی ٚدەلوشن. هیوادارم ئەوکەسانەی لەنزیکەوە لەو کردەوە دزێوەی دەستەڵاتداران ئاگادارن بێنەزمان.

ئازیزانم بەتاییەت ئەو کەسانی خوازیاربون بزانن من بۆ خۆم توشی ئەم دەردەسەریە کردوە. هیوادارە بە خویندنەوەی ئەو داوا کاریەی لە دۆستی دێرین و ئیستاو هەتا هەتاییم کاك بەکری حاجی سەفەرم کردووە! پاشماوەی وەڵامەکەیانی پڕکردبێتەوە.

2001/6/1 **فاکسی ژمارە 6 دەربارەی پڕۆژەی یانەی منداڵان**:

بۆبەڕێز کاك بەکری حاجی سەفەر. (بەهۆی کاك برایم شێخ مەجیدەوە)


سڵاوی‌بێحەد و سنوری نوسەری ڕۆمانی سارات پێشکەش.

کاکەگیان بەکورتیو کوردی بڵێم پاش 61 ساڵتەمەن و زیاتر لە 40 سال خزمەتی خەڵك و حیزبایی‌تی، ماوەی5 ساڵە ئیمانم بە هیچ خاوەن شکۆیەکی ئاسمانیو زەوینی‌نەماوە بەتاییەت بە سیاسەت پێموایە هەمو خاوەنشکۆکانی کۆن و نوێ! زادەی ترس و تەوهوم وخەیاڵی مرۆڤن و هەن، ئێستا کە ئەسیری سیاسەتن سیاسەتیش سەرەتانی کۆمەڵگەی مرۆڤو مرۆڤایەتیە.

کاکەگیان ئەم بۆچونە ناچاری‌کردم کشت سەرمایەی مەعنەویو مادیم، کەبەرهەمی مێشکوقەڵەمەکەمن، بۆخزمەتکردن بەمنداڵان تەرخان بکەم بەتاییەت منداڵانی3 تا 4 سالە پێش ئەوەی بنرێنە قوتابخانە. لەبەر ئەوەی توانای‌مادیم مەحدودە بڕیارم داوە یانەی منداڵان لەگوندێك بخەمەڕێ و دواڕۆژەکانی تەمەنم لەخزمەتکردنی منداڵاندا سەرف کەم.

گەرچی‌منداڵومەکان بۆمن تۆفیرێکی‌نیە و نامەوی دەستی‌یارمەتیو ئیجازە بۆلای هیچ خوداوەندێکی ئەمچەرخ و زەمانە درێژ کەم.. بەڵام لەبەر ئەوەی دۆستانی دەوروبەرم دەڵێن چرایەك بۆماڵەوە پێویست بۆمزگەوت حەرامە بۆیە منیش دەستی یارمەتی‌مەعنەوی بۆلای تۆدرێژدەکەم. تابتوانم لەگوندیکی دەوروبوری پێنجوێندا ئاواتەکەم وەدی‌بێنم. بەڵام بەمەرجێك ڕۆحی یارمەتیەکەت وەك یارمەتی شەخصی بەکری‌حاجی‌سەفەربێت نەك دەوڵەتمەردیکی هەرێمەکانی کوردستان. من پێشتر تێکۆشاوم لەکوردستانی ئێران دایمەزرێنم، بەداخەوە نەیانهێشت دەنگو نیەیتی‌من بگاتە کوێی دایکوباوکی ئەو منداڵانەی من گەرەکمە بەهەشتێکی چگۆلەیان بۆ بخولقێنم. هیوادارم تۆ دەنگ و نیتی‌من بە باوکودایکی منداڵانی گوندێکی‌کوردستان بگەیەنیو بفەهمێنی چ باشتر ئەوگوندەش گوندی‌قزڵجەبێت، بەڵام بەمەرجێك باوکودایکی منداڵەکان و سەرجەم خەڵکی گوند ئەم نیهادە بەهی منداڵەکان و خۆیانی بزانن نەك بەهی منوتۆ، بەڵێنیش بدەن لە دەستدرێژی و حاکمیەتی گشت گورۆەو حیزب و حوکومەتە هەرێمیەکان بیپارێزن، تەنیا بۆ بەرژەوەندی منداڵکانیان کەڵکی لێ وەر بگیردرێت.

یۆتیبۆر/ سوید علی کتابی





چی بکەم، منداڵەکان خواردنی خۆماڵی ناخۆن و خواردنی ئەوروپیان دەوێ!
کەیفی خۆیانە من بە تێزی خەڵوو کردنە لە کوردستان!

لیستی کمک هەزینە زیستی کودکان (یانەی) سیار سارا در شهرهایی سقز و بوکان برای مهرماه 1382

| ردیف | ناو و شۆرەت | م- لەدایکبون | ناوی باوکودایک | مەسکەن | میقداری پارە | ئیمزای دایکوباوک یاداشدار |
|---|---|---|---|---|---|---|
| 1 - | بهروز کەرەمی | 1379 | اسماعیل و ثریا | سەقز | 10000 تمەن | |
| 2 – | صباح حەبیبی | 1379 | عوسمان و نازدار | سەقز | 10000 | |
| 3 - | ئیلهام خۆشقەدەم | 1380 | موحەمەد و زوهرە | سەقز | 10000 | |
| 4- | جەعفەر کەرەمی | 1370 | عەلی و سۆزیە | سەقز | 10000 | |
| 5- | سەمیرە نومازی | 1380 | هادی و مریەم | سەقز | 10000 | |
| 6- | فەرزانە ئیصاق | 1378 | محمود و نەفیە | سەقز | 10000 | |
| 7- | شیداکەسنەزانی | 1369 | محمەسعید صغرا | سەقز | 10000 | |
| 8- | شەوبۆصالح زادە | 1378 | حەسەن و خاوەر | سەقز | 10000 | |
| 9- | یۆسف حەسەنپور | 1277 | ئەمین و گوڵەباخ | سەقز | 10000 | |
| 10- | مریەم کیتابی | 1375 | محمد و زوهرە | کانەعەمەت | 10000 | |
| 11- | لەتیفە کەریمی | 1375 | محمدصالح رەحیمە | سەقز | 10000 | |
| 12- | مسعەد کتابی | *** | محمد و زوهرە | کانەعەمەت | 10000 | |
| 13- | دلنیا دۆمینە | 1374 | عەلی ە مەعصومە | بۆکان | 10000 | |
| 14- | شادی بێخانی | 1380 | عەبدوڵا و فەریدە | بۆکان | 10000 | |
| 15- | سەعید یەکشەوە | 1376 | جەعفەر ە خاوەر | بۆکان | 10000 | |
| 16- | ئومید سلێمانی | 1376 | لوقمان و فاتمە | بۆکان | 10000 | |
| 17- | ساراخ داشاغل | 1380 | تەیمور و سۆزیە | بۆکان | 10000 | |
| 18- | زێنەب قادرقور | 1373 | عەلی و زێبا | بۆکان | 10000 | |
| 19 - | شیوا حەیدەری | 1373 | محمد و ماهمنیر | بۆکان | 10000 | |
| 20- | نیگار باپیری | 1374 | خومەر و پروانە | بۆکان | 10000 | |
| 21- | هێمن قادرپور | 1373 | عەبدوڵا و سفورا | بۆکان | 10000 | |
| 22- | عەبدڵاعەزیزتەبار | 1374 | سلیمان و تەبا | بۆکان | 10000 | |

لەبەر ئەوەی خوشکە نەسرینی حسێنی بڕیاری داوە بچێتەماڵی بەختەوە بەر پرسی کاتی یانەی منداڵانی سارای سەیار لە شاری سەقز حسین فەقێمەعروف بەرپرسی یانەیش لەبۆکان خوشکە ئەفسەری فەیزیوە.

# Modersmålets betydelse

Språket är tolkaren av verkligheten omkring oss och därför det instruments som ger oss delaktighet och gemenskap. Språket tolkar alltså livet och världen för människan, först hennes närmaste omgivning, senare en alltmer vidgad omvärld på ett alltmer nyanserat sätt. Vi kan alltså knappast ha en djup kontakt med våra barn eller förmedla vår verklighet, våra erfarenheter, vår djupaste livshållning till dem på ett optimalt sätt med något annat språk än modersmålet.

Oftast betraktar man språket som något självklart, kanske endast som ett kommunikationsmedel. Men språket är mycket mer än så. Språkets existens är socialt betingat. Språket får sin betydelse just för att det både lärs in och används socialt tillsammans med andra människor. Språket behöver en social gemenskap och en kultur för sin existens. Men även för att en social gemenskap och kultur skall kunna existera och reproducera sig måste de ha tillgång till ett gemensamt språk. Både språket och verkligheten påverkar alltså varandra; språket är med att forma verkligheten eftersom det ger oss kategorier att uppfatta verkligheten. Men verkligheten utformar också språket så att det skall motsvara de behov att uttrycka sig som människor har.

Det egna språket är livsviktigt. Det egna språket fungerar både som verktyg för förmedlandet av en gemensam historia, för interaktion här och nu enligt gemensamma normer och begrepp, för återskapandet, nyskapandet och reproduktion av gruppens kultur och som en gränsbevarande mekanism mot andra grupper. Forskningsresultat visar att man bör hålla sig till modersmålet när man talar med sitt barn. Det är inte bara kulturarvet man riskerar när man övergår till ett annat språk. Konsekvensen kan även bli svåra relationsstörningar mellan barnet och föräldrarna, som i sin tur påverkar också barnets personlighet.

Identitetsgrunden läggs genom det tidiga samspelet med föräldrarna. Därför är det viktigt att föräldrarna använder det språk som är äkta för dem och som bäst återger de djupaste känslorna. Språket har alltså en identitets bärande funktion. Det egna språket utgör en symbol för vart man hör. Förlusten med det egna språket måste kompenseras med andra symboliska representationer. När vuxna lär in ett nytt språk kräver det en förmåga hos dem att hålla isär språket som instrument och språket som symbol för den egna tillhörigheten. Att kunna sitt modersmål väl är en förutsättning för att kunna lära andra språk. Detta har bekräftats efter mångårig forskning i bl. a. universitetet i Växjö. Utifrån dessa forskningsresultat har migrations- och sociala myndigheter i

Sverige sedan ett antal år börjat arbeta för och uppmuntra föräldrar till invandrarbarn att barnen lär sig modersmålet, att det pratas på modersmålet hemma.

Rizgar Mostafa

## Frihets fjärilar



Jonathan 10år
Födds i Sverige
Jag går i klass Fyran.
Interesse musik, djur och spelar fiol.
Jag skulle önska att inte det fanns fattigt folk i världen.



Denise 13år
Jag bor i Sverige.
Jag önskar att alla barn ska få det lika bra som jag har det.
Och alla ska få gå i skolan och utbilda sig.
Att alla barn ska ha samma trygghet som jag har och alla ska få samma möjlighet att komma att göra så att deras drömmer blir sanna.

Ger aldrig upp hoppet !

## پڵنگ و گورگ و مام ڕێوی

پڵنگوگورگێ تووشی یەکتربوون  لەجەنگەڵانێ کەوتنە چەندوچوون
لەسەر بنەچە کەوتنە گوفتو گۆ  گورگە هەر ئەیوت یەمەوە سەر تۆ

پڵنگ گویی لێبوو ڕیوی زیقانی  بەتونگ  بانگی‌کرد پڵنگ  نەیزانی
ئاوەرە هەتیو شایەتیی حاڵ بە    ڕاستم  پی بڵێ خاوەن  بەرماڵبە

ئەم گورگە لاتەئەڵێ نەوەی تۆم  سوێندێکی‌ئەدەم ڕاس نەکائەیخۆم
گورگە لوورانی من وەچەی سەگم   کوانێ شایستەی هاوشانی‌بەگم

سەرو پۆتاڵم  هەر لە ئەو ئەچی   بەهەق یەك بنەین لەبەین دە نەچێ
ڕێوی فێڵبازیش بەسەما کردن     هەرخۆم خزمەتچی هەتاکو مردن

گەورەم  ئەترسم  درۆزن دەرچێ    سەرو فەساڵی  کوا لەتۆ  ئەچێ
پڵلگە وتی هەندێ  ماستاو چی    لە لایان  وایە  دەبن  بە  قۆلچی

بەخۆ هەڵکێشان  تۆئەبی بەچی  ئاگات لەخۆتبێ لەخۆت دەرنەچی
وەرگێڕان بۆ چیرۆکە شیعر جەمالی عەبلی هەبان

## شێر و ڕێوی و کەر

شێر  و  ڕێویەك  لە گەڵ  کەرێکا
بوونە سێ هاەرێ لە سەفەرێکا
نێچیرێکی چاك کەوتە بەر دەستیان
لەتو پەتیان کرد بە دڵ و بەگیان
بۆ دابەش کردن  کەر  هاتە  پێشێ
تەرازووی هانی هەتا بیکێشێ
چاوانی شێرە لە تاوا سوور بوون
ئەم دابەش کردنە لەکێوە فێربون؟!
پەلاماری‌دا ئەوی تەواو کرد
وتی مام ڕێوی بەش کە دەست و برد
ڕیوی ئاقڵ بە یان هەمووی‌دانێ
یان  زۆری بەرێ،  ویژدانی کوانێ
کەرە هەڵلووشرا ئەزانی بۆچی
ئاگات لە خۆت بێ بەو دەردە نەچی
منم مام ڕێوێ  وانە  ئەخوینم
بۆ  دەمە تەقێ    پاشا  ئە دوێنم

